# ● هەیئە

ڕۆمان

## ● سەلام عەبدوڵڵا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

PDF4Kurd

# هەیئە

**سەلام عەبدوڵڵا**



ناوی کتێب: هەیئە
ڕۆمانی: سەلام عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٨٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق- دلاوەر سادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

Till Slovan

**پێشکەش بە: سلۆڤان**



**"لە ١٩٧٧/٨/٩ چوار هەڤاڵ و بەندە لەسەر چالاکی**
**پێشمەرگانەی نێوشار گیراین و براین بۆ «هەیئە خاصە» لە**
**کەرکووک.  دوانمان هەڵاتین و دوانیشمان لە سێدارە دران**
**و یەکێکیشمان بەحوکمی ئەبەدی مەحکوم کرا.  ئەم**
**داستانە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوەیە"**

(١)

کە کلیلی دەرگای ماڵەوەم وەرچەرخان، ئەوسا زانیم چ هەڵەیەکی گەورەم کردووە، نەدەبوو بگەڕێمەوە... نا... بەڵام تازە کار لەکار ترازا بوو، چونکە بەهیچ شێوەیەک - بەو شەوە درەنگە - نەمدەتوانی بڕۆمەوە بۆ ئەو ماڵەی لەم مانگەی دواییدا، ببووە حەشارگە و شوێنی حەوانەوەم. مرۆڤ هەندێک جار ڕووگیر دەبێت، بەڵام نابێ بگاتە ئەو ڕادەیەی کە مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆی پەیدا بکات. من نەدەبوو لە ژێر هیچ گوشارێکدا بەوە ڕازی بم کە بگەڕێمەوە ماڵمان و بەقسەی ئەو هاوەڵانەی میوانداربیان کردبووم، شەرمەزار بم و مەترسییەکی نادیار بۆ سەر ژیانم پەیدا بکەم. بەڵام تازە بڵێم چی...؟!. لە ڕاستیدا نەمدەویست ئەو هاوەڵانە بەو نهێنییە بزانن کە من شەو لە ماڵی خۆم نانووم و خەریکی کاری سیاسی نهێنیم. سەیری حەوشەکەم کرد، دایکم بەتەنیا لە حەوشەکەدا ڕاکشا بوو، نوێنی منیشی لە نزیک خۆیەوە ڕاخستبوو. سەرم سوڕما دایکم چۆن دەیزانی، ئەو شەوە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ...؟! حاسەی شەشەم...؟ سەیر بوو لام! لەسەر جێگاکەم بەئەسپایی پاڵ کەوتم. سەرنجی ئاسمانم دەدا، ئەستێرەکان یەکجار گەش دەهاتنە پێش چاوم، جا لەبەر ئەوە بووبێت کە ماوەیەکی زۆر بوو، لە ژێرخانی ماڵێکدا دەنووستم و ئەو مۆڵەتەم بۆ نەدەڕەخسا کە ئاسمان ببینم، یان هەر خۆی شەوەکەی (ئەو سەرەتای مانگی ئابی حەفتا و حەوتە) وەک دەڵێن ئەنگوستەچاو بوو.! لە ناکاو کزە بایەک هەڵی کرد، گەڵای تووە هەراشەکەی ژوور سەرم و چناری حەوشەکەی دەلەراندەوە و جاروباریش چەند گەڵایەکی دەوەراند. (با)کە تا دەهات بەهێزتر دەبوو، بەو پێیەش بەتوندی پەلکی چنار و تووەکەی تێک دەهاڵاند، دیمەنێکی ترسهێنەر بوو، ویستم بنووم کە دایکم بەتانیەکەی لەسەر ڕووی خۆی لادا و بەدەنگێکی خەواڵووەوە وتی: (چۆن بوو...؟) مەبەستی گەڕانەوەم بوو، ڕاستی دەکرد، بەڵام منیش بەسەرسوڕمانەوە وتم: (دایە چۆن زانیت ئەم



شەو دەگەڕێمەوە...؟)

+ نەم دەزانی!

- ئەی چۆن جێگەت بۆ ئامادە کردم...؟!

+ من هەموو شەوێک هەر جێت بۆ ڕادەخەم!.

- ئەمڕۆ کەس هەواڵی نەپرسیم...؟.

+ نا...

دیار بوو خەو تینی بۆ هێنا بوو، بۆیە منیش زیاتر لەسەری نەڕۆیشتم و بەتانیەکەم بەخۆم دادا و چاوم لێکنا، نازانم چەند بوو کە گوێم لە دەنگی ئۆتۆمبێلێکی زۆر خێرا بوو کە لە نزیک ماڵمانەوە وەستا. چاوم هەڵهێنا، هێندەی نەبرد ئۆتۆمۆبێلێکی تریش هەروا بەخێرایی نزیک دەکەوتەوە و ئەویش، هەر نزیک ماڵمان، ڕاوەستا، دڵم داخورپا، زەنگێکی بەهێز و بەردەوام لە دەرگا دەدرا، هاوکات، بەتوندی چەند جارێک، بەدەرگەکەدا کوترا، چاوەکانم هەڵگلۆفی، لە خەوێکی ناخۆش دەچوو، سەرم هەڵبڕی، سەربانی ماڵەکەمان پڕ بوو لە سەرباز، ڕەوە سەربازێکیش بەپاڵ دەرگاکەیان کردەوە و بەڕاکردن ڕووەو حەوشەکە هاتن. شریخەی ڕاکێشانی میلی تفەنگ و هاواری نەجووڵێن، سەرەتای کارەساتەکەی بەئاشکرا دەدرکاند و هیچ گومانی نەدەهێشتەوە کە ئەوانە بۆ گرتنی من هاتوون، بەڵام چۆن ئەوانە دەیانزانی کە ئەمشەو من دەگەڕێمەوە؟ لە گەڕانەوەشمدا کەسم، لەسەر جادە و سووچی کۆڵانەکەمان، بەدی نەکردبوو. تۆ بڵێی ئەوانەی میوانداربیان سەرەتای شەو کرد بووم، هەر ئەوان، خەبەریان لێ نەدابم، بەڵام ئەوان بەچیا دەیانزانی، من خەریکی کاری نهێنیم. خۆ منیش هیچ دەربارەی وەزعی خۆم پێ نەگوتبوون، ئەی چۆن دوژمن زانی ئەمشەو دەگەڕێمەوە...؟.

هەستابوومە سەرپێ و بۆ ساتێک وڕ بووم، نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام لە ناکاودا، بەتانیەکەم کێشا بەسەر چاوی نزیکترین سەربازدا و بەرەو سەربانی دراوسێکەمان هەڵاتم. لەوێشەوە یەکسەر، بازم دایە کۆڵان.

ڕاکێشانی میلی تفەنگ و هاواری ڕاوەستە، بێ سوود بوو، من تازە بڕیاری خۆمم دابوو، کە دەستگیر نەکرێم، چونکە دەمزانی، بەگرتنم، چ بەڵایەک بەسەر خۆم و هاوڕێیانما دێ... تاریکی سەربانەکە و چاڵ و چۆڵی کۆڵان، بازدانەکەمی کردە کەوتن، مێشکم کاس بوو، جیهان هێندەی تر لەبەر چاوم تاریک بوو، چەند قۆناغە تفەنگێک بۆ نێو شانم و یەک دوو سەرەنێزە بۆ سەر و چاوم و پژانی خوێن لە لووتم، بەئاگای هێنامەوە. سەربازەکان چوار دەوریان دام، یەکێ لەقە و یەکێک بۆکس و یەکێک چەپۆک و یەکێک قۆناغی پێدا دەدام، منیش بەئاستەم خۆم بەپێوە دەگرت، هەستم لای خۆم نەما بوو، دەم و چاوێک لێم نزیک کەوتەوە و لاشانی گرتم، وتی: (دەمناسی...؟)

ناسینی چی، بۆ من لە تاو ئازار و خوێن بەرچاوی خۆم دەبینی، کابرا کە جلی مەدەنی لەبەردا بوو، جارێکی تر قیژاندی بەسەرمدا و وتی: (دەڵێم دەمناسی...؟)

لە ڕاستیدا لە ژیانمدا ئەو زیندەوەرەم نەدیبوو، تێشنەدەگەیشتم بۆ ئەو پرسیارە بێ مانایەم لەو کاتەدا لێ دەکا، لاشانی ڕاتەکاندمەوە و بەهەموو هێزی لەقەیەکی دا بەورگمدا و بەقاقای پێکەنینەوە، وتی: (من نائب ضابط کەریمم!) .

ئەو ناوەم هەر نەبیستبوو، بەلای منەوە هەر بایەخی نەبوو، ئەوەی لای من لەو ساتەدا گرنگ بوو، دەستگیرکردنم بوو، یا ئیلاهی چۆن خۆم لەو بەڵایە ڕزگار بکەم، تووشی چی بووم...!؟. پەلیان لە پشتەوە بەستمەوە و بەپارچە پەڕۆیەکیش چاویان پۆشیم و بەپاڵ بردیانم، قاقای پێکەنینی سەربازەکان و چەپڵە لێدانیان و جنێوی هەندێکیان، سەرکەوتنی بووسەکەیانی نیشان دەدا.

ڕایان گرتم، دەنگێک فەرمانی پێ دام!

(سەرکەوە)!

دەستیان دایە بن باڵم و فڕێیان دامە نێو پشتی پیکابێکەوە.



سەربازەکان هەلهەلەیان دەکێشا و دەست خۆشانەیان لە یەکتر دەکرد، یەک بەشانازییەوە بەوەی تری دەگوت:

(ئێمە گرتمان)!!.

هەستم دایە ڕۆیشتنی پیکابەکە و دەمویست بزانم بۆ کوێم دەبەن، شەقام و کۆڵانەکانی سلێمانی چاک شارەزا بووم، ئەگەرچی چاویشم بەسترابۆوە، کە پیکابەکەیان ڕاگرت، لە دڵی خۆمدا وتم: (ئیستخباراتە!).

دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبێکی زۆر پێشوازی کردم، لەوە دەچوو تەنها ئەو دوو ئۆتۆمبێلە نەبووبن کە هاتبوون بۆ گرتنم. کێشیان کردمە خوارێ، سەربازێک باڵی گرتم و فەرمانی پێ دام: (ڕاست بڕۆ، قاچ هەڵبڕە، لای چەپ، دانیشە...!).

لەسەر کورسییەک دایاننام، پەڕۆی سەر چاویان لابردم، خوێن هەر بەتەوژم لە لووتم دەهات، کەس گوێی نەدامێ، مێشکی سەرم دنگەی دەهات. چۆن ئەمشەو گیرام...؟ ڕاکردنە سەرنەکەوتووەکەشم سبەینێ دەبێتە بەڵگە، بۆ ڕام کرد...؟ چۆن مرۆڤ لە سی چل سەرباز دەربێت. بەخێرایی سەیری ئەم لاو لای خۆم کرد. چوار دەورم بەسەرباز گیرا بوو، ئەفسەرێک لە لای چەپەوە لە ژوورێک هاتە دەرێ و شانی ڕاتەکاندم و وتی: (تۆیت سۆران...؟) تۆزێک وەستا، پاشان وتی: (سۆران ئەحمەد). بۆ ماوەیەک ویستم خۆم گێل بکەم، بەڵام بێ سوود بوو، دیار بوو ئەوانە ئەیانزانی کێم، گەر نا بۆ دەیانگرتم، لە وەڵامدا وتم: (بەڵێ... ئەوم...)

ئەفسەرەکە ڕووەو ژوورەکەی ڕۆیشت و دەرگاکەی کردەوە، یا ئیلاهی کێم دی... یەکێک لە هاوڕێیانی خۆم بوو، عومەر خەیات... بوو.

لە سەرەتادا بڕوام نەکرد بەڵام کاتێک ئەفسەرەکە بەسەریدا قیژاند و وتی: (ئا ئەمەیە؟). هاوڕێکەم دەستی لە پشتەوە بەسترا بوو، سەر و پۆتەڵاکی تەواو زەرد هەڵگەڕا بوو، نەمزانی ڕەنگی خۆی بوو یان تیشکدانەوەی گلۆپەکەی ژوور سەری بوو. دەمی دەبزواند بەڵام من گوێم لە هیچ نەبوو، دیار بوو لە ژێر ئازارێکی زۆردا بوو... چونکە لەوە نەدەچوو

تواناى قسەكردنى مابێت، ئەفسەرەكە قژى سەرى گرت و هاوارى كرد: (لەگەڵ تۆمە لاواز...!!).

هاوڕێكەم لەوە دەچوو بیەوێ سوود لە كات وەربگرێ یان خۆی گێل بكات یان نەیەوێ دەستنیشانم بكات، بەڵام وا دەرنەچوو، چونكە پاش ساتێك سەرى ڕەزامەندى بۆ ئەفسەرەكە لەقاند و وتى: (بەڵێ خۆیەتی...!) سەرم كاس بوو، دڵم بەتوندى لێی دەدا، خەریك بوو بڕشێمەوە، ئازارى برینداریەكەم لە بیر چووەوە، هەر سەیرم دەكرد بەو هیوایەی قسەكانى بگۆڕێ و پەشیمان بێتەوە. ئەفسەرەكە بەرەو ڕووم هات، سەرى وەرچەرخاندم و بەتووڕەییەوە وتى:

– ئەی تۆ (ئیشارەتی بۆ هاوڕێیەكەم كرد) ئەو دەناسی...؟

بێ سێ و دوو وتم:

– (نەخێر... نەخێر نایناسم!!).

ئەفسەرەكە دایە قاقای پێكەنین و وتى:

– (سبەینێ... سبەینێ)!!.

پاشان ڕووی كردە سەربازەكان و وتى:

– (بیبەنە حەوشەكەی پشتەوە... با ژوورەكان پیس نەكات!).

دەستیان دایەوە بن باڵم، كە خەریك بوو بڕۆین، ئەفسەرەكە وتى:

– (دەست و قاچ و چاویشی ببەستنەوە).

زۆر بەقووڵی سەیری دەكردم، چاوەكانی بڕیبووە چاوم، پاشان وتی:

– (هەر جووڵاشەوە بیكوژن...!!).

هەر خێرا دەست و چاویان بەستمەوە و پێش خۆیان دام، سەربازێك فەرمانی پێ دام و وتی:

– (لە شوێنی خۆت دانیشە...!).

هەستم بەدرك و داڵی نێو حەوشەكە دەكرد، دەستێك پاڵی پێوەنام و لەسەر تەنیشت كەوتم، سەربازێك بەپارچە قوماشێك – پەت نەبوو –



قاچی بەستمەوە و وتی:

– (بێدەنگ بە...!).

لە ڕاستیدا من هیچ قسەم نەدەكرد و نەمدەزانی چی ڕوو دەدا و چاویشم لە هیچ نەبوو، پاشان قسەی چی بكەم و لەگەڵ كێشدا قسە بكەم، دیار بوو سەربازەكە هەر حەزی دەكرد فەرمانێك بدات، گەر نا من تەواو بێدەنگ بووم و هەستم دابووە خۆم و دەمویست بزانم هەنگاوی داهاتوو چی ڕوو دەدا. سەربازەكان دەوریان دامەوە و كەوتنە پرسیاركردن لێم، پرسیارەكانیان بێ سەروبەر و سادە و ساویلكە بوون كە ڕادەی نەفامی گەوجێتی دەنواند، من هەر بێدەنگ بووم. چۆن گیرا...؟، كەی گیرا...؟، بۆ دەستنیشانی كردم، ئەی ئەوانی تر؟ تۆ بڵێی هەر خۆی گیرا بێ، ئەی دەبێ چی وتبێت، من سبەینێ چی بڵێم؟ وتم نایناسم، بەڵام بڕوا دەكرێ...؟ بڕوام پێ دەكەن...؟! بۆ كەس ئەمڕۆ ئاگاداری نەكردم، بەڵام چۆن زانییان ئەم شەو دەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ و دەیان پرسیاری لەو بابەتە بەمێشكمدا دەهات و دەچوو كە هیچ وەڵامێكم بۆی نەبوو... خوێنی لووتم گیرسابۆوە و دەوروبەرم كشومات بوو، دەنگی سەربازەكانیش نەدەبیسترا. گوێم لە بانگی مزگەوتێكی نزیك بوو، سەرەتای ڕۆژێكی نوێی ڕادەگەیاند.

***

(٢)

تینی گەرمای ئاب – بەو بەیانییە زووە – هەموو لەشی هێنامە سەر ئاو، هەستم بەسەرئێشەیەكی بەهێز دەكرد، دڵم تێكەڵ دەهات، مێش و مەگەز – كەم فرسەتانە – كەوتبوونە لستنەوەی سەر و چاوم و لەبەر ئەوەی دەستم لە پشتەوە بەسترا بوو، هیچم بۆ نەدەكرا و تەنیا سەرم بادەدا، بەو هیوایەی ئەو زیندەوەرە پیس و زەرەرمەندانە لە سەروچاوم دوور بخەمەوە، بەڵام هەوڵێكی بێ بەر بوو!. درك و داڵی حەوشەكەش لە هەموو بزواندنێكدا وەك دەرزی دەچوو بەگیانما. گوێم لە وتووێژی دوو سەرباز

بوو، یەکێکیان لێم نزیک کەوتەوە و گوێی ڕاستمی ڕاکێشا و وتی:

– (هەستە... بۆ سەرئاو)!.

ئای چ تەنگەتاوێک بووم و چ خەبەرێکی ئاسوودە بەخش بوو!، پەڕۆی سەر چاوی لابردم، چاوم ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، جیهان زۆر ڕووناک دەهاتە پێش چاوم، پەڕۆی دەستیشمی کردەوە و هەر خێرا کەوتمە باوەشێنی سەر و چاوم. سەربازەکە فەرمانی پێ دام و وتی:

– (بۆ ناڕۆیت...؟).

هەستابوومە سەرپێ، چاوم بەدەوری خۆمدا دەگێڕا و بەسەربازەکەم وت:

(چۆن بڕۆم بەقاچ بەستراوی...!؟.).

سەربازەکە بزەیەکی بریسکە ئاسا گرتی و سەری خێرا ڕاوەشاند و پەڕۆی قاچیشمی کردەوە و پاڵێکی پێوەنام و پێش خۆی دام، جاروبار لوولەی تفەنگەکەی لە پشتم دەچەقاند، هەستی بەشەرمەزاری دەکرد. لە ژووری تەوالێتەکەدا پارچە ئاوێنەیەکی زۆر بچووکم دی کە هەر بەقەدەر پەنجا فلسییەک دەبوو، هەر خێرا هەڵمگرت و بەپانتۆڵی بێجامەکەم پاکم کردەوە، خوای گەورە چیم دی...؟! دیمەنێکی یەکجار سەرسوڕهێنەری خۆم دی، هەر بڕوام نەکرد، ئەوە خۆم بم...!، لووتم لە سێ لاوە بریندار کرا بوو، سەرە نێزەیەک لە چەناگەم درا بوو، دەستم لە لووتم دا، کڕکڕاگەی خوارەوەی پێوە نەما بوو، بەڵام خوێنی سەر و چاوم وشک ببووەوە و قەتماغەی خوێن کونی لووتی گرتبووم، ویستم دەستکاری بکەم کە قۆناغە تفەنگێک بەدەرگای تەوالێتەکەدا درا و سەربازەکە هاواری کرد:

– (خەریکی چیت، خێراکە، کوڕی سەگ)!؟.

ئەمەی وت و لەقەیەکی لە دەرگای تەوالێتەکە دا و قژی سەری گرتم و بەڕاکێشان هێنامیە دەرەوە. لە حەوشەکەدا دایاننامەوە و دەست و چاو و قاچیان جارێکی تر بەستمەوە، تێنەدەگەیشتم بۆ لە ژووردا دایان نەدەنام، ئایا ژوورەکان هەمووی پڕ بوون لە بەند؟، نەیاندەویست هاوڕێکانم ببینم و قسەمان بکەین بەیەک، یان ئەمە هەر خۆی جۆرە ئەشکەنجەیەکی نوێ بوو



کە لە ڕاستیشدا هەروا بوو، چونکە گەرمای ئاب و لە بەر هەتاو و لەناو دڕک و داڵدا، هەر خۆی بۆ خۆی، ئازاردانێکی بێ هاوتا بوو. سەرم هەر زوو کەوتەوە ژان و بلوسکی خوێنیی تواوە بەسەر لێوەکانمدا دەهاتە خوارێ، گەرما تینی بۆ هێنام، بەڕادەیەک وام هەست دەکرد لە بیابانێکی چۆڵ و لەسەر ساجێکی گەرم و سوورەوەکراوە دانرابم.! گەرووم لە تینوێتیدا پێکەوە نووسا بوو، تفم بۆ قوت نەدەچوو، تینوویەتی یەکجار تینی بۆ هێنام بۆیە وتم:

(تۆزێ ئاوم نادەنێ...؟!).

وەڵام نەبوو، دەنگی پۆستاڵی سەربازێک، کە دڕکی حەوشەکەی گێرە دەکرد، دەهاتە بەرگوێم، قۆناغە تفەنگێکم تێوەژەندرا. سەربازەکە وتی:

– (وس... بە...!).

سەرزەنشتی خۆم کرد، من گیراوم، داوای چی لەوانە دەکەم، بەڵام با مرۆڤ بشگیرێ، ئەی نابێ ئاوی بدرێتێ، پاشان هەر خۆم بەخۆمم وت:

(بەڵام ئەمە لە وڵاتێکا کە یاسای تێدا بێت).

نازانم لەو حەوشەیەدا چەند ڕاگیرا بووم،، بەڵام هەستم دەکرد مێشکی سەرم لەتاو گەرما خەریک بوو بتەقێ...!. گەرما تا دەهات بەتینتر دەبوو، سەرم گێژی دەخوارد و دڵم بەیەکدا دەهات، عارەقی ناوچەوانم، لە ژێر پەڕۆکەی سەر چاومەوە، دەچووە نێو چاوانم و دەیانکزاندەوە!. مێشی لەعنەتیش، تەواو هەراسانیان کردبووم و لە خوێنی سەر و چاوم نەدەبوونەوە، تۆ بڵێی تا کەی ئەمانە لەبەر ئەم هەتاوە گەرمە ڕام بگرن، دڵەکوتێم بوو، هەناسەم سوار بوو بوو، دەموت ها نا... ها ئێستا لە هۆش خۆم دەچم، ئەمە چ ئازاردانێکە ئەم دڕندانە دەرهەقم دەیکەن؟، ئەمە تا کەی بەردەوام دەبێت؟، هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو، دەمویست لە شوێنی خۆم پاڵ بکەوم کە دەستێک شانی ڕاتەکاندم و وتی:

(هەستە)!.

قاچیان کردمەوە و پێش خۆیان دام، دەرگایەک کرایەوە، لێشاوێ هەوای

سارد بەرەو پیرم هات و ئاهێک بەدڵما هاتەوە، ماوەیەک هەروا بەبێدەنگ ڕاوەستا بووم، گوێم لە هیچ نەبوو، لەوە دەچوو سەربازەکان بەجێیانهێشتبم چونکە دەنگیانم نەدەبیست، هەرچۆنێک بێت بەبرۆ بزواندن کەمێک پەڕۆی سەر چاوم جووڵاند، چەند کورسیەک و مێزێکی ئاسنم بەدی کرد، فرە... فری خولاندنەوەی پانکەیەکی ژوورسەرم، تەزوویەکی سارد و لەزەت بەخشی بەگیان و دەروونم دەگەیاند، لە نهێنی گواستنەوەم بۆ ئەم ژوورە ساردە نەدەگەیشتم، چۆن لەو حەوشە گەرم و دڕکاوییەوە بۆ ئەم ژوورە فێنکە هێنراوم، من لە تاوتوێی ئەوەدا بووم کە دەنگێک زۆر بەهێمنی وتی:

– (تۆیت سۆران... سۆران ئەحمەد)؟!

ڕاچەنیم، وتم:

– (بەڵێ... منم)!.

سەرم بڕێک بەرز کردەوە، لە ژێر پەڕۆی سەر چاومەوە، پیاوێکم بەبەرگی سەربازییەوە لە پشت مێزەکەوە بەدی کرد، بەڵام سەر و چاویم نەدی، چونکە یەکسەر فەرمانی پێدام و وتی:

– (سەرت دانەوێنە...!!).

ئەمە ژووری ئازاردان بێت یان لێپرسینەوە...؟، ئەی بۆ وا فێنکە؟ دەبێ ژووری گەورە لێپرسراوێکی ئەم دەستگایە بێت، دەنگەکە وەک باسێکی پچڕاوم بۆ تەواو بکات، وتی:

(هاوڕێکانیشت هەموو لێرەن)!.

دڵم داخورپا،! دەبێ چەند کەس گیرا بێ کە وا بەدڵنیاییەوە قسە دەکات. من بێدەنگ بووم، کابرا بەردەوام بوو، وتی:

(ڕێکخراوی تۆڵەی شەشی ئازار)!؟.

کەمێک ڕاوەستا، پاشان دایە قاقای پێکەنین و وتی:

(ڕێتشا...)

وەک گورزێ بدەن بەتەوقی سەرما، چۆن ئەم ناوە دەزانن؟ ئایا هەر بەم



شەوە هەموو شت درکاوە، چەندمان گیراوین؟ چەند ورەی بەرداوە، کابرا وتی:

(هاوڕێکانت).

تۆزێک وەستا و وەک بیەوێ وشەکەی ڕاست بکاتەوە، وتی:

(هاوڕێی تاوان، هەموو شتێکیان درکاند و هەموو شتێکیش گیراوە)!.

گومانم نەما، ئەمە ژووری ئازاردان نییە و تەنیا لێپرسینەوەیە بۆیە خۆم بێدەنگ کرد بوو، ئەو بەردەوام بوو وتی:

(دوو دەمانچە و دوو قومبەلەش...!).

لەناکاودا بۆکسێکی دا بەمێزەکەی بەردەمیا و وتی:

(لە ماڵە نهێنییەکەتان... لە گەڕەکی جوولەکان)!!.

ئەو زانیارییانە هەمووی ڕاست بوون، بەڵام چۆن دەیانزانی، تۆ بڵێی لەناو خۆماندا، کەسانی سەر بەوان نەبووبن، پاشان کەوتە ژماردنی ئەو چالاکییانەی لە شاردا کرابوون و هەمووی خستە پاڵ ڕێکخراوی (ڕێتشا). کەمێک بێدەنگ بوو، لە ژێر پەڕۆی سەر چاومەوە ئاگام لێبوو فایلێکی بەردەمی پەڕە... پەڕە دەکرد، وتی: (هەتا دوێنێ، هەشتی مانگ بڕیارتان دابوو کە دوو قومبەلەی کاتی لە کارخانەی شەکرەکە، لە بەشی کارەبا دابنێن!!).

فایلەکەی بەردەمی داخست و وتی:

(بەڵام ئێمە دەستپێشکەریمان کرد)!.

پاشان هەر خۆی وتی:

(وا نییە...؟).

نەمدەزانی بڵێم چی، بەڵام بڕیاری خۆم دابوو کە بەرامبەر هەموو تۆمەتێک خۆم گێل بکەم، خۆ هیچ لای من نەگیرا بوو، بۆیە وتم: (نازانم... نازانم باسی چی دەکەن، من نازانم بۆ لێرەم، بۆ ئازارم دەدەن)؟!.

هەستم بەوە نەکرد کە لە جێی خۆی بزوابێت، بۆیە کە بۆکسێکی زۆر بەهێزی کێشا بەلا چاومدا، وەمزانی دیوارەکەی تەنیشتم ڕووخا بەسەرما،

مێشکی سەرم کاس بوو، سەرم وەک زەنگی کلێسا زرەنگەی دەدایەوە، دوو پشکۆ ئاگری سووری سارد کەوتە پێش چاوم. هاواری کرد بەسەرما وتی:

(چی نازانی... هەی تاوانبار)!؟.

دەستی کرد بەگیرفانیدا کاغەزێکی دەرهێنا و وتی:

(تۆ ئەندامی رێتشای شاری سلێمانیت، ئێوە بەشی سەربازی چەتەکانی دەرەوەن لەناو شار)!.

پاشان وتی:

(سەرەڕای هەموو شتێک تۆ دوێنێ شەو لە کاتی گرتندا ڕات کرد؟ وا نییە...؟ بۆ ڕات کرد...؟، گەر گومان لە خۆت ناکەیت و تاوانبار نیت...؟ بۆ...؟.

نەمدەزانی ئەو ڕاکردنە چۆن پینە بکەم، بۆیە وتم:

(ترسام... ترسام، شەو بوو، لە ژیانمدا شتی وام بەسەر نەهاتبوو)!!.

کەوتە پێکەنینێکی مەسخەرە ئامێز و گوێی چەپی گرتم، وتی:

(لە کورتی بیبڕەرەوە، چی دەزانی پێمان بڵێ)؟!.

خەریک بوو گوێم لە بندا دەربهێنێت، وتم:

(چی بزانم...؟).

هیچ لەسەری نەڕۆیشت و یەکسەر چووە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە، زەنگێکی لێدا، سەربازێک خۆی کرد بەژووردا، من تەنیا پۆستاڵەکانیم بەدی دەکرد، وتی:

(بیبەن بۆ ژووری وەرزش)!.

وەرزش...؟ پەلکێشیان کردم، لە ژوورێکدا ڕایان گرتم سەربازێک پەڕۆی سەر چاوی لابردم، ژوورێکی گەرم و تاریک و شێدار بوو، دەرگایان لەسەر داخستم پاش ساتێک وردە... وردە بەرچاوم ڕوون بووەوە، سەیری دەوروبەری خۆم کرد، بەتەنیا بووم، دیوارەکان هەمووی پەڵە خوێنی کۆن بوون، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام زنجیرێک بوو بەبنمیچەکەدا هەڵواسرا



بوو. هەر بەپێوە بووم، نەمدەزانی چی بکەم، بۆ منیان هێناوەتە ئەم ژوورەوە، ئەمەیە ژووری وەرزش؟!، ئەی بۆ بەجێیان هێشتم...؟، نیازی چییان هەبێت، ئەی ئەم زنجیرە ڕۆڵی چی دەگێڕێ، ئەمە ژووری خنکاندن نەبێت، بەڵام چۆن وا زوو دەمخنکێنن، تۆ بڵێی هەموو شتێک بزانن و هەموو بەڵگەیەکیان بەدەستەوە بێت، وەک دەڵێن دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبێت و ئیدی پێویست بەلێکۆڵینەوەی زیاتر نەکات، من خەریکی هەڵسەنگاندنی ئەم بیر و بۆچوونانە بووم. گەرمای ژوورەکەش هیچ لەگەڵ دەرەوەدا جیاوازی نەبوو، گەر پیاو چاوی لە شێ و بۆنی ناخۆشی ژوورەکە بپۆشیبایە!. دەرگای ژوورەکە کرایەوە، دوو سەرباز هاتنە ژوورێ، یەکێکیان تەپڵەکێکی بەدەستەوە بوو، ئەوی تریان گوریسێک، بێ ورتە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا و لە ژێر زنجیرە شۆڕبووەکەدا، داینا. پەڕۆی دەستیان کردمەوە، گومانم لەوەدا نەما کە هەر لەم ژوورەدا دەمخنکێنن، بەڵام چۆن...؟. چۆن وا زوو، تۆ بڵێی عومەریشیان هەر دوێنێ شەو پاش دەستنیشانکردنم یەکسەر خنکاندبێ، بۆ ئەمڕۆ لەم کورتە لێپرسینەوەیەدا هیچ باسیان نەکرد، ئەی ئێستا هەڵوێستم چی بێ...؟! پەلاماریان بدەم و دوا هەوڵی پێش مردنم لەگەڵ ئەم دوو جەللادەدا بدەم، یان چارەنووس، وەک خۆی، بێ بەرگری قبوڵ بکەم، ویستم پەلاماری سەربازەکان بدەم بەڵام ئەوان دەستپێشخەر بوون، لە کاتی وادا، بیرکردنەوەی زۆر، کاری چارەنووسساز پەک دەخا، دیار بوو سەربازەکانیش هەستیان بەو هەوڵە سەرنەکەوتووە بەجۆرێک کردبێ بۆیە هەر دوو باڵیان توند گرتم. بەشێوەیەک کە بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی بیان بزوێنم لەگەڵ ئەوەشدا زۆری ویست تا دەستیان بەگوریس لە پشتەوە بەستمەوە، مرۆڤ لەو ساتانەدا، ساتێ بەرەنگاری مەرگ دەبێ، هێزێکی نادیار لە جەستەیدا پەیدا دەبێ، وزەیەکی هێندە بەهێز کە مرۆڤ خۆشی سەری سوڕ دەمێنێ...!.

هەر چۆنێک بێت پەل بەستیان لە پشتەوە کردم و پاشان فەرمانیان

پێدام کە بچمە سەر تەپڵەکەکە، بەڵام من هەر بەرەنگاریم دەکرد، یەکێک لە سەربازەکان لە سووچێکی ژوورەکەدا حەیزەرانێکی درێژی – کە تا ئەو کاتە بەرچاوم نەکەوتبوو – هەڵگرت و کەوتە لێدانی هەردوو باڵم و پشتم و کەلەکەم، لە ڕاستیدا لە بەرەنگاری کەوتم، خستمیانە سەر تەپڵەکەکە و وردە... وردە دەستیان لە پشتەوە بەرز کردمەوە و بەزنجیری بنمیچەکەوە هەڵیان واسی، ناتوانم بڵێم لەو ساتەدا دڵخۆش بووم بەڵام کە زانیم نامخنکێنن وزەیەک و ورەیەکی نوێ کەوتەوە گیانم، کورسییەکەی ژێر پێمیان تووڕدا و بەبنمیچەکەوە هەڵیان واسیم، ئازار و دەردی شانەکانم بۆ وەسف ناکرێ، بەڵام خەریک بوو هەردوو شانم لێک بترازێ و دەمگوت هەر ئێستا هەردوو قۆڵم لە بندا دەردێ، دەرگاکەیان داخست و بەتەنیا بەجێیان هێشتم، نازانم چەند دەبوو بەجێیان هێشتبووم بەڵام ئەوەندە دەزانم، لە کاتی ئێش و ئازاردا، زەمەن ناڕوا، بەڵکو دەوەستێت...!! هەردوو قۆڵم تا دەهاتن هەر بەرەو سەرەوە دەچوون و لەشیشم، بەپێچەوانەوە بەرەو خوارەوە دەهات، وام هەست دەکرد، گەر فریام نەکەون، لەشم لە قۆڵەکانم جوێ دەبنەوە، تۆ بڵێیت ئەمە جۆرێکی تر بێت لە کوشتن و نەهێشتن، بەڵام ئەمەیان بەجوێ کردنەوە و پساندنی بەشەکانی لەشی مرۆڤ بێت؟!، دەرگا کرایەوە و دوو سەربازەکە هاتنەوە ژوورێ، من خۆم وام نیشان دەدا کە لە هۆش خۆم چووم، هەرچەند تاڕادەیەکیش بەڕاستم بوو، ئەو جۆرە ئازاردانە تەحەمول نەدەکرا. تەپڵەکەکەیان بۆ دانامەوە و دەستیان کردمەوە، لە ڕاستیدا یەکسەر بەلادا کەوتم، یەکێ لە سەربازەکان شەقێکی لە پەراسووم دا و ئەوی تریان هەڵیساندمەوە، سەربازێکیان وتی:

(ها... ئێستا دەڵێی چی...؟!).

قسەم بۆ نەدەکرا، ئەوان ئەوەشیان وەک بەرەنگاری و پشتگوێ خستنی داواکانیان لە قەڵەم دا، چونکە سەربازێکیان کە سۆندەیەکی بەدەستەوە بوو یەکسەر کەوتە شان و ملم، هێند بەڕقەوە سۆندەی لێدەدام کە وەک



دوژمنی باوە کوشتەی بم، سەربازەکە ڕەشتاڵەیەکی سیس، بەڵام یەکجار بەهێز بوو، تا توانی سۆندەی پێداکێشام، پاشان دیار بوو هیلاک بوو... بوو، چونکە سۆندەکەی دایە دەست هاوەڵەکەی و خۆی لەسەر تەپڵەکەکە دانیشت، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، ئەو بەقەد من ئازار نا، بەڵام زیاتر، شەکەت ببوو، ئازاردەریش ماندوو دەبێت!!.

سەربازەکەی تریش کەوتە لێدانم، ئەمیان خڕەڵەیەکی گۆشتنی تەمەن هەر هەژدە نۆزدە ساڵ دەبوو، ئەمیش ئازایەتی خۆی بەهاویشتنی سۆندەی زۆر بەهێز بۆ هاوەڵەکەی دەنواند، من لە قسە کەوتبووم و هیچم نەدەدی، بەرچاوم تاریک و مێشکم چەخماخەی دەدا، نازانم بۆ هاوارم نەدەکرد و بۆ هیچ قسەیەکم نەدەکرد، تۆ بڵێی مرۆڤ بتوانێت لە کاتی ئازارداندا بەزەیی جەللادەکەی ببزوێنێت؟!، نەمدەزانی یان هەر مۆڵەتی هیچ کاردانەوەیەکیان نەدەدام، ئەمیش هیلاک بوو چونکە سۆندەکەی بەڕقەوە دا بەلا ڕانی خۆیدا و وتی: (بڵێ... بڵێ...!) لەوە دەچوو تەنیا مەبەستی پشوودان بێت، چونکە نەی دەوت چی بڵێم، چاویان بەستمەوە و پێش خۆیان دام و بردیانمەوە ژوورە فێنکەکە، دیار بوو ژووری لێپرسراوەکەیە، وەک چاوەڕێم بکات یەکسەر وتی:

(ها ئێستا دەڵێی چی...؟).

پشتم دەکزایەوە، هەر دوو باسکم بێ هەست بوون، وەک ئەوە وابوون لە گیانم بووبنەوە، ئەگەرچی هەوای ساردی ژوورەکە ئاهێکی گێڕایەوە بەدەروونمدا، لەگەڵ ئەوەشدا، بەئەزیەت خۆم بەپێوە دەگرت، لە وەڵامدا وتم:

(بڕوا بکەن ئاگام لە هیچ نییە... بڕوا بکەن)!.

دەنگەکە وتی:

(مولازم ستار دەناسی...؟).

یەکسەر وتم:

(نەخێر)!.

پاشان وتی:

(ئەی مولازم ئەنوەر...؟).

نەمدەتوانی بڵێم نایناسم، چونکە هەموو کەسێک دەیزانی کە هاوەڵین بۆیە وتم:

+ (بەڵێ دەیناسم...).

– چۆن...؟

+ برادەرمە...

– ئەی ئێستا لە کوێیە...؟.

وتم:

(لە بەسرەیە)

دەنگەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی:

(نا... نا... لە باسەرەیە...؟).

دیار بوو ئەمەی وەک مەسخەرە وت، هەستم کرد هەستایە سەرپێ، نزیک کەوتەوە لێم و بەهەموو تواناى زللەیەکی لێدام و وتی: (نەخێر ئێستا لە شاخە و چەتەیە)!. دیارە منیش ئەو ڕاستییەم دەزانی، چونکە هەر خۆم پێش هەفتەیەک بەشداریم لە ڕەوانە کردنیدا بۆ دەرەوە، کردبوو.

ملیوانی کراسی بێجامەکەی گرتم و چەند جارێک ڕایوەشاند و وتی:

(تۆش بەرەو جێگایەکی زۆر خۆش ڕەوانە دەکەین...)!.

خۆش؟ دەبێ مەبەستی شوێنێکی لەمە ترسناکتر بێت، زەنگێکی لێدا و فەرمانی دا:

(بیبەن...).

دەمزانی بەرەو گوژمێکی تر لێدان دەمبەن، بەڵام کە پێی پەتیم چزا بەسەر بڵقی قیری شەقامەکەدا، زانیم بەرەو شوێنێکی تر دەمبەن، پێم بەسەر ساجی سوورەوە کراودا دەچزا.،! خستمیانە پشتی لۆرییەکەوە و دوو سەربازیش لەگەڵمدا سوار بوون، ئۆتۆمبیلەکە کەوتە گەڕ، لە دڵی خۆمدا



وتم:

(گەر لە کۆتایی شەقامەکە ڕاوەستا ئەوا بۆ «ئەمن»م دەبەن).

ئۆتۆمبیلەکە نەوەستا و لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بوو، کە بەهەورازی (تاسلوجە)دا سەرکەوت، ئیدی گومانم نەما و سەرێکم بادا و لە دڵی خۆمدا وتم:

(کەواتە... بۆ کەرکووکە...)!!.

***

(٣)

ڤرەی ئۆتۆمبیلی خێرا، داهاتووی نادیار، گەرمای کونجی پشتی لۆرییەکە، ئەمە سەرەڕای برسێتییەکی زۆر و تینوێتییەکی وزە بەزێن، تێکەڵ بەئازاری سەر و پۆتەڵاکم دەبوو، بڕوا ناکەم هیچ شتێک بەئەندازەی تینوویەتی کاریگەر و ورەشکێن بێت، من لە گرتنەکەمەوە ئاوم نەدرابوویە، بۆیە تفم بۆ قووت نەدەچوو، گەرووم ببووە بەپەڵاس و ژانی سەر و مێشکم کۆتایی نەدەهات. بەئەزیەت خۆم لەسەر کورسییە ئاسنەکەی پشت لۆرییەکە بۆ ڕاگیر دەکرا. بەتایبەتی کە دەستم لە پشتمەوە بەسترابوو بۆیە، لە هەموو هەڵتەکێکدا، هێندە نەدەما کە بەسەردا بکەوم. بەڵام باش بوو، پاش هەندێک گەڕان بەدەستم لە پشتەوە، پەنجەم لە ئەڵقەی چادری لۆرییەکە گیر کرد و ئیدی ترسی کەوتنم نەما...!. تۆ بڵێی ئەمانە – لەبەر منیش نا – لەبەر خۆیان لە چایخانەیەک لانەدەن و چایەک یان ئاوێک بخۆنەوە، هیوام بەوە زۆر بوو کە لە یەکێک لە چاخانەکانی سەر ڕێگا لابدەن و بەوپێیەش مۆڵەتی ئاو خواردنەوەم بدەن. ئۆتۆمبیلەکە زۆر بەخێرایی ڕەوتی دەکرد، ئەگەرچی من چاوم بەسترابووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێچ و هەوراز و نشێوەکاندا دەمزانی دەگەینە کوێ، هەرچەندە زۆریشم هەوڵ دەدا کە لە ژێر پەرۆی سەر چاومدا شتێک بەدی بکەم، بەڵام جگە لە جادە قیرەکە هیچی ترم بەدی نەدەکرد، دەنگی پلیشانەوەی بڵقی

قیر و هۆڕنی خێرا... خێرا و بەردەوامی شوفێرەکە – کە وەک نەخۆش بەئەمبولانس ببات – کە تێکەڵ بەگڤەی با و شڵەقەی ڕاوەشاندنی چادرەکە، زیاتر. هیچی تر بەر گوێ نەدەکەوت، جاروبار دوو پاسەوانەکەم چەند ڕستەیەکیان دەگۆڕییەوە و دەیاندایە قاقای پێکەنین، بەڵام من لەبەر ڕاوەشاندنی چادرەکە و توندی با و ئازار و سەر ئێشە و تینوویێتی و بێ تاقەتی خۆم –، هیچ حاڵی نەدەبووم، هەستم بەچی بکردبایە...؟!.

ئۆتۆمبێلەکە لە هیچ شوێنێک ڕانەدەوەستا، تەنانەت لە سەیتەرەکانیش ڕانەدەگیرا، بۆیە بەتەواوی هیوام بڕی کە لە شوێنێک لابدات. بەڵام بۆ لانادات، لەبەر من نا لەبەر خۆیان، ئایا ئەم زیندەوەرانە بەم گەرما و چلەی هاوینە، تینوویان نابێت یان فەرمانیان پێ درابوو کە لە هیچ شوێنێک لانەدەن یان هەر خۆی دەستوور وایە کە بەندکراو لە هیچ جێگەیەک ڕانەگیرێ، هەر کامیان بێت لۆرییەکە نەوەستا... نازانم چەندمان پێ چوو کاتێک لۆرییەکە وردە وردە خاوی دەکردەوە (پەڕۆی سەر چاوم کەمێک هەڵکشابوو بۆیە بەجوانی دەوروبەری خۆم دەبینی). هەستم کرد گەیشتووینەتە کەرکووک، هات و هاواری نێو بازاڕ و دیدە و هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان تێکەڵ بەدەنگی گۆرانی جۆرا و جۆری نێو چاخانەکان دەبوو...!. کە لۆرییەکە ڕاوەستا چاوم بەپەلە بەدەوروبەری خۆمدا گێڕا، سەربازگەیەکی یەکجار گەورە بوو، بۆچی بۆ سەربازگەم دەهێنن، من نە سەربازی هەڵاتووم و نە لە جەنگدا گیراوم بۆ... بۆ سەربازگە...؟.

پاسەوانەکانم، یەک لە دوای یەک خۆیان فڕێدایە خوارێ و ماوەیەک لەبەر چاو ون بوون، پەڕۆی سەر چاوم کەمێک هەڵکشایەوە، بۆیە بەجوانی دەوروبەری خۆم دەبینی، دەیان سەرباز لە گۆڕەپانی سەربازگەکەدا دەسووڕانەوە و بەگومانەوە تێیان دەڕوانیم و هەندێک لە پشتی لۆرییەکە نزیک دەکەوتنەوە. بەڵام هیچیان نەدەگوت. نەمزانی چەند دەبێ بەتەنیام کە یەکێک لە پاسەوانەکان گەڕایەوە و فەرمانی پێ دام کە دابەزم، پەلی گرتم و ڕایکێشامە خوارەوە، گۆڕەپانی سەربازگەکە سوور ببووەوە،



چیمەنتۆکەی داغ بوو...بوو، بنی پێم هەڵدەقرچا، بۆیە زوو...زوو پێکانم بەرز دەکردەوە و جارێک لەسەر نووکی پێ و تاوێک لەسەر پاژنەی پێم ڕادەوەستام، یەکێک لە پاسەوانەکان هەستی کرد، کە پەڕۆی سەر چاوم هەڵکشاوە، بۆیە هەر لەوێدا لێم نزیک کەوتەوە و پەڕۆی سەر چاومی بەتەواوی شەتەک دایەوە، بەجۆرێک، کە ئیتر، هیچم بەدی نەدەکرد. پێش خۆیان دام، گوێم لە دەنگی کردنەوەی زنجیر و قوفڵێک بوو، کە دەستێک پاڵی پێوەنام و بەتووڕەییەوە وتی:

(بچۆ ژوورێ...!).

دەرگاکەیان لەسەر داخستم، چ دۆزەخێک بوو، هەوای بۆگەن و گەرم و شێداری ژوورەکە مێشکی مرۆڤی کاس دەکرد، هیچم بۆ نەدەبینرا بۆیە هەر لە جێگەی خۆم ڕاوەستام و نەمدەزانی چی بکەم، ماوەیەک هەروا بەپێوە بووم پاشان لە جێگای خۆم دانیشتم و بەدەنگێکی نزم وتم:

(کەسی لێیە...؟).

وەڵام نەبوو، ئیدی دڵنیا بووم کە لە ژووری تەنیاییدام.!

هەوای قورسی ژوورەکە، مرۆڤی تەنگەنەفەس دەکرد، لەسەر لا لێی کەوتم، هەستم بەئازاری شانەکانم دەکرد، سەرم دنگەی دەهات و هەزاران وێنەی ترسناک و پەلەی دەخستە پێش چاوم، چیم لێ دەکەن...؟.

کارەساتی ناکاو، ماندوویێتی و ئازار، مۆڵەتی بیرکردنەوەی یەک لایەنەی نەدەدا، دیمەنە ئاڵۆزەکان مێشکمیان گێرە دەکرد، جاروبار وڕەی ئۆتۆمبیلێکی دوور، زۆر دوور، دەهاتە بەرگوێم و وردە...وردە نەدەما و لە نێو گۆمی بێدەنگیدا سەرەونگوم دەبوو.

هەستی پەرش و بڵاوم بڕێک گرد کردەوە:

(تۆ بڵێی وەک جاش ئەفسەر کەریم دەیوت هەموو گیرا بن...؟)

دڵنیا نەبووم لەوەی چەندە ڕاکشابووم کە دەنگی کردنەوەی قفڵی دەرگاکە بەئاگای هێنامەوە، دەستیان لە پشتەوە کردمەوە و پەڕۆی سەر چاویان لابردم، سەربازێکی سێ خەت سەموونێکی دایە دەستم و تۆزێک

ئاوی لە جامولکەیەکی نایلۆندا خستە بەردەمم و بێ ئەوەی هیچ بڵێ دەرگاکەی داخستەوە و چووە دەرێ، خێرا قومێکم لە ئاوەکە دا، گەرم بوو... گەرم، بەڵام چارم چی بوو.

هەوڵم دا گازێک لە سەموونەکە بگرم، بەڵام هێند وشک و ڕەق هەڵاتوو بوو کە کارێکی بێ هوودە بوو، بۆیە لە شوێنی خۆی دامنایەوە، هەستامە سەرپێ، ژوورەکە پەنجەرەیەکی گەورەی تێدا بوو، بەڵام بەپلێتێکی ئەستوور داپۆشرابوو، لێی نزیک کەوتمەوە و دەستم لێدا، ئەویش تەواو گەرم بوو. کونێکی بچکۆلانەم لە گۆشەی خوارەوەی پلێتەکە بەدی کرد و لەوێوە ڕوانیمە دەرێ، حەوشەی سەربازگەکەم بەدی دەکرد، بەڵام کەسم نەدی، تاریکی وردە...وردە باڵی بەسەر سەربازگەکەدا دەکێشا، ئێرە سەربازگەیەکی گەورەیە، بەڵام کوێ بێت، ئەوەندەم دەزانی کە نێو کەرکووکمان بەجێ هێشت، بەڵام ئیتر نەمدەزانی لە کوێم. هاتمەوە لای دەرگای ژوورەکە و لە بن دەرگاکەوە هەوڵم دا شتێک بەدی بکەم، ساڵۆنێکی دوور و درێژم دەدی، هەستم کرد سەربازێک لەودیو دەرگاکەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە بەڵام بێدەنگ بوو.

من لەسەر دەم لێی پاڵ کەوتبووم و لە بن دەرگاکەوە دەمڕوانیە ساڵۆنەکە کە قیژە و هاوارێکی زۆر بەهێز هاتە بەرگوێم، هاواری گریان بوو، دیار بوو کەسێک ئازار دەدرا، بەئاسانی گوێم لە پاڕانەوەی بوو، کە داوای بەزەیی لێ دەکردن. بەڵام لەوە نەدەچوو ئازاردەران، گوێبیستی داواکەی بووبن، چونکە هاتوهاوار هەر بەردەوام بوو.

خۆم دەهاتە پێش چاو، ئەو کاتەی بۆ ئازاردان دەبرێم، دەبێ چیم لێ بکەن، نینۆکەکانم دەربێنن، ئوتووی سوورەکراو بەپشتمدا بهێنن، چاوەکانم هەڵکۆڵن. ئەمانەم بیستبوو کە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا دەرهەق کۆمۆنیستەکان کرابوون و دەماودەم دەیانگێڕایەوە، من هەروا خۆم مات دابوو، سەیری ڕاڕەوەکەم دەکرد، گلۆپی کزی ڕاڕەوەکە و چۆلی ساڵۆنەکە دیمەنێکی ترسناکی دەنواند، هاتوهاوار نەما، هێندەم زانی دوو سەربازم



بەدی کرد کە دەستیان خستبووە بن باڵی کابرایەکی کوردەوە و بەرەو ژوورێکی تر دەیانبرد، دڵم داخورپا و تەزوویەکی سارد بەگیانمدا هات، موختار بوو...!!.

موختاری هاوەڵمان کە یەکێک لە هاوکارانی کاری نهێنیم بوو، یا ئیلاهی چۆن گیرا...؟! تۆ بڵێی بزانێ منیش گیراوم.

هەستامە سەرپێ و کەوتمە گەڕان بەنێو ژوورەکەدا، مێشکم ئاڵۆز بوو، تۆ بڵێی هەموو گیرابن و هەموو شتێک درکابێت...؟! دەنگی کردنەوەی قوفڵی دەرگاکە بەئاگای هێنامەوە و خێرا لە شوێنی خۆم دانیشتم، پاسەوانی بەردەرگاکە بوو، مۆڕەیەکی لێ کردم و قیژاندی بەسەرمدا وتی:

(بۆ نانەکەت نەخواردووە؟!).

نان...؟ مەبەستی سەموونە ڕەق و وشکەهەڵاتووەکە بوو، کە لە ڕاستیدا لەبەر ئازاری دانم، پێم نەدەخورا، بەڵام ئەو وەک سەرپێچی لە قەڵەمی دا.

بەپەڕۆیەک چاوی بەستمەوە و پاشان دەستیشی لە پشتمەوە گرێ دا و دەرگاکەی لەسەر داخستم.

ئەمانە لە ژووری تەنیاییدا بۆ چاو و دەستی مرۆڤ دەبەستنەوە، ئەمەم وت و لە جێی خۆم لەسەر تەنیشت لێی ڕاکشام....

***

(٤)

دڵنیا نەبووم لەوەی چەندە نوستووم، کە دەنگی دەرگاکە ڕایچڵەکاندم. گوێم لە تەقەی پۆستاڵی پۆلێک سەرباز بوو، یەکێک لە سەربازەکان وتی:

(با پەڕۆی سەرچاوی ئەم تاوانبارە لابدەین. با بەچاوی خۆی ئەم بەهەشتە ببینێت...).

گوێم لە هاڕەی پێکەنینی سەربازەکان بوو. هەستم بەدەستێکی زبر کرد کە گرێی پەڕۆکەی سەرچاومی دەکردەوە. تەوژمی ڕووناکی، بەرچاوی خستمە ڕەشکە و پێشکە. دەرەوە یەکجار ڕۆشن بوو. دەستیان لە پشتەوە

کردمەوە. دوو سەرباز دەستیان دایە بن باڵم و هەڵیانساندمە سەرپێ و پێش خۆیان دام.

لە ساڵۆنەکەدا ویستم تا دەتوانم دەوروبەری خۆم بپشکنم و بزانم لە کوێم کە یەکێک لە سەربازەکان زللەیەکی تێسرەواندم و وتی:

(سەیری ئەم لا و لا نەکەیت...).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دیم بۆ من کەم نەبوو. گومانم نەما کە لە سەربازگەیەکدام لە دڵی خۆمدا ئەوەم دووپات دەکردەوە کە من سەرباز نیم و لە شەڕدا نەگیراوم ئیدی، بۆ هێناومیانەتە نێو ئەم سەربازگەیەوە؟.

وەڵامم پێ نەبوو.

کردیانم بەژوورێکدا، هیچ لەسەر دەرگاکەی نەنووسرا بوو. لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا، ڕایان گرتم و سەربازەکان چوونە دەرێ. هەستم گرد کردەوە، لە بەرامبەرمدا ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە، لە پشت مێزێکی تەختەی گەورەوە، دانیشتبوو. بەسەر و پۆتەڵاکیدا لە کاربەدەستێکی – بەواتای سەربازەکان – ئەم بە"هەشت"ە دەچوو. سمێڵی ڕەش و بژی، بەلالغاوەیدا، بەوێنەی ژمارە هەشت، شۆڕ ببووەوە.

بێ ئەوەی هیچ سەر هەڵبڕی، کاغەزی نێو فایلێکی بەردەمی تاوتوێ دەکرد.

چاوم بەخێرایی بەژوورەکەدا گێڕا. لە ژووری فەرمانبەرێکی ئاسایی دەکرد. لەوە ناچێ لێرە ئەشکەنجە بدرێم. سەری هەڵبڕی بەقێزەوە تێی دەڕوانیم. وتی:

(لەسەر ئەو کورسییە دابنیشە!!).

لە سەرەتادا بڕوام نەکرد، بۆیە ئاوڕێکم بۆ پاشەوەی خۆم دایەوە. کەسی لێ نەبوو. دیار بوو هەستی بەدوودڵیم دەکرد، بۆیە ئیشارەتی بۆ یەکێک لە کورسییەکانی ژوورەکە کرد و جارێکی تر وتی:

"فەرموو دانیشە!!".

لە ڕاستیدا زۆر سەرم لەم ڕەفتارەی سوڕما. تا دوێنێ بەلەقە و قۆناغە



تفەنگ سەر و پۆتەڵاک و جەستەمیان دەکوتایەوە و ئەمڕۆ فەرمووی دانیشتنم لێ دەکەن.

ئەفسەری پشت مێزەکە زۆر لە سەرخۆ وتی:

"نانت خواردووە؟!".

خەریک بوو لە برسا بمرم بەڵام یەکسەر وتم:

"بەڵێ..."

پاش تۆزێک وتی:

"ئەی هیچت پێویست نییە؟"

تینوێتی وزەی لێ بڕیبووم. گەرووم پێکەوە نووسا بوو. بەدوودڵییەوە وتم:

"ئاو..."

گەر دەیزانی چەند تامەزرۆی ئاو دەکەم، تێزابی بۆ دەهێنام، بەڵام ئەو زەنگێکی لێدا و بەپاسەوانی بەردەرگاکەی وت: "ئاو بهێنە"

هێندەی نەبرد، پاسەوانەکە، بەخۆی و سوراحیەک ئاوی ساردەوە، خۆی کرد بەژووردا.

هەڵمی سارد دەوروپشتی سوراحیەکەی داپۆشیبوو. ئەفسەرەکە بەپەنجە ئیشارەی بۆ پاسەوانەکەی کرد کە ئاوم بداتێ.

وابزانم پاسەوانەکەش لە سەرەتادا دوودڵ بوو، بەڵام بێدەنگی ئەفسەرەکە ئەو گومانەی، بڕی، بۆیە لێم هاتە پێشەوە و پەرداخێک ئاوی ساردی دایەدەستم.

بڕوا ناکەم لە ژیانمدا ئاوی وا سارد و بەلەزەتم خواردبێ، هەر خێرا دەستم ڕاگرتەوە و پەرداخێکی ترم بەپەلە فڕدا. ئیدی چی دەبوو با ببوایە.

گەرووی پەلاس وشکەوە بووم سارێژ بوو. لە ڕۆژی گرتنەکەمەوە ئاوی سارد نەچوو بوو بەگەروومدا.

ئەفسەرەکە سەری هەڵبڕی و وەک ڕێچکەی باسێکی پساو بگرێتەوە وتی:

"مامۆستا... (مامۆستا؟!) بەڕاستی ئێمەش پێمان ناخۆش بوو کە ئەو شەوە وات بەسەر هات و بریندار بوویت. هەرچەند لە ڕاستیدا هەڵە و هەڵەشەیی خۆشت بوو..." کەمێک ڕاوەستا و برێ سەرنجی دام و وتی:

"بەڵام هیوادارم ئەم کێشەیە زۆر نەخایێنی و تۆش بەزووترین کات چاک ببیتەوە...".

کەوتەوە تاوتوێکردنی کاغەزەکانی بەردەمی و پاشان وتی:

"ناردوشمانە بەدوای دکتۆردا سەیرت بکات. هیچ دڵ لە دڵ نەدەیت. وا بزانە ئەم چەند ڕۆژە میوانیت...".

مێشکم تەواو ئاڵۆز بوو، سەرم لەم شانۆگەرییە دەرنەدەچوو:

"دکتۆری چی و میوانی چی؟".

بەدەستم نوقرچێکم لە لا ڕانم گرت. دڵنیا بووم، کە ئەمەی دەیبینم، خەو نییە. هەموو دیمەنەکانی دەوروپشتم شایەتی حاڵی زیندوویی ئەو ساتە بوون.

ئەفسەرەکە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

"ڕژێمی نیشتمانی عێراقی - وەک خۆتان دەزانن - هەردەم لە خزمەت گەل و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانیدا بووە. پارتی بەعسیش نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو پێشکەوتووخوازە نیشتمانپەروەرەکانی عێراقە، بەعەرەب و کوردییەوە..." باسی چی دەکرد. تۆ بڵێی ئەمە سەرەتای مێشک شتنەوە نەبێت. ماوەیەک ڕاوەستا، دیار بوو دەیویست، قسەکانی بەحسابی خۆی، لە ئاستێکی بەرزدا بنوێنێ، چونکە وتی:

"سەیری عێراقی دوێنێ و ئەمڕۆ بکە."

شانم لەباتی سەرم بۆ لەقاند. نازانم لەو جووڵەیەم تێگەیشت یان نا. بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو:

"نیشتمانی پیرۆزمان لە هەموو لایەکەوە دەوری دراوە. دارودەستەکانی ئیمپریالیزم، هەمیشە خەریکی ئەوەن، کە عێراقی خۆشەویستمان بخەنەوە ژێر ڕکێفی کۆنەپەرستان و ئیمپریالیەت..."



زۆری تری لەم بارەیەوە ڕست، کە مێشکم بۆی هەزم نەدەکرا. من بیرم لای هاوەڵەکانی ترم بوون. تۆ بڵێی هەموو گیرابن. وا بزانم ئەفسەرەکە هەستی کرد کە خەیاڵم پەرش و بڵاوە، بۆیە بەدەنگی بەرز وتی:

"ئەم شەو پشووی خۆت بدە و تۆزێ بیر لە خۆت و نیشتمانەکەت، کە عێراقە، بکەرەوە. پیاوی دڵسۆز، دەبێت هەردەم، لە خزمەت نیشتمانیدا بێت."

کەمێک وەستا، کاغەزەکانی خستەوە نێو فایلەکەی بەردەمی و زۆر بەشێنەیی پێچایەوە. پاشان وتی:

"تۆش مرۆڤێکی خوێندەواری. هیوادارم بەئەرکی نشتیمانیی خۆت هەڵبستی و تاوانکار و دوژمنانی گەلمان بۆ دەستنیشان بکەیت...".

ئەمەی وت و یەکسەر زەنگێکی لێدا و داوای سەربازەکانی کرد. دوو سەرباز هاتنە ژوورەوە و بەهەموو هێزیان پێیان کوتا بەزەوی ژوورەکەدا و بەیەک دەنگ وتیان:

"ئەمر قوربان".

ئەفسەرەکە سەرێکی لەقاند و پێی وتن:

"ئەم شەو مامۆستا «مامۆستا؟!!» میوانی ئێمەیە. هەرچی پێویست بوو، بێ دڵی مەکەن...".

پاشان وتی:

"دەست و چاوی مەبەستنەوە!!".

سەربازەکان بەشێنەیی پێش خۆیان دام. دەرگای ژوورەکەیان بۆ کردمەوە. کە دەرگاکەیان لەسەر داخستم، لە شوێنی خۆم دانیشتم و بیرم لە هەڵسوکەوتی ئەفسەرەکە دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا وتم:

"ئەمان دەیانەوێ سەرەتا بەخۆشی بێت".

بەدەست و چاوی کراوە، لە شوێنی خۆم، لەسەر چیمەنتۆکە، بۆی ڕاکشام.

***

(٥)

ئەو شەوە هەر بەئاگا بووم، خەو نەدەکەوتە چاوم. دەمویست دیمەنەکانی ژووری لێپرسینەوە و قسە بێ سەر و شوێنەکانی ئەفسەرەکە، بەتەواوی شی بکەمەوە و لێوەی بگەمە ئەنجامێک و خۆ ئامادەکردنێک، بۆ بانگکردنی داهاتوو.

هەڵوێست بۆ وا گۆڕا، کابرای ئەفسەر بۆ وا بەنەرمی ڕەفتاری دەکرد.

تۆ بڵێی، لێرە، لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بێت یان لێرە ئەشکەنجە نەبێت. کابرای ئەفسەر زۆر بەهێمن و نەرمی لەگەڵمدا دەئاخاوت. قسەکانی هیچ توندوتیژی و هەڕەشەی پێوە دیار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گومانم لەوەدا نەبوو کە ئەو شانۆگەرییە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندن و چاوبەستن و هەگبە هەڵڕشتن و لەمەوپاشیش بۆ سم پێدانان بوو. خۆیان چاک دەیانزانی بۆ گرتوویانم.

لە ڕاستیدا، خۆشم، پێکەنینم بەو دام و دەستگایە دەهات، کە بەو شێوە ساویلکانە دەیانەوێ خەڵکی بڕووخێنن و گرێ کوێرەی کاری نهێنی بە"میوانداری" بکەنەوە. سەیری دیمەنەکەی دەوروپشتم کرد و لەبەر خۆمەوە وتم:

"بەخوا میوانی چاکم! میوانداری هەروا دەبێ...".

سەرنجم دایە پەنجەرە داخراوەکەی بەرامبەرم. دەبێ سوود لەم چاو نەبەستن و دەست گرێ نەدانە وەربگرم. هەستامە سەر پێ و چوومە بەردەم پەنجەرەکە، کە بەپلێتێکی سەرتاسەری داپۆشرا بوو. دەستم دا لە پلێتەکەوە، هێشتا هەر گەرمی ڕۆژی پێوە مابوو.

پلێتی سەر پەنجەرەکە دوو ڕۆڵی دەگێڕا، چۆن سەراپای پەنجەرەکەی دادەپۆشی و هیچ مۆڵەتی بەبینینی دەرەوە نەدەدا، ئاواش بەڕۆژ دەبووە مایەی داغ بوونی ژوورەکە.

سەرنجم دایە بنمیچی ژوورەکە، پاشان بۆ دیوارەکان، قەتماغەی خوێنی



مەییو بەسەر دیوارەکاندا نەخش و نیگارێکی سەرنج ڕاکێشی دروست کردبوو.

لە هەندێک جێدا لە دەست دەچوو، لە هەندێ جێی تردا لەسەر، بەگشتی، تابلۆیەکی سامناکی پێشکەش بەدانیشتوانی ژوورەکە دەکرد. لە دڵی خۆمدا وتم:

"خۆ ئێرە ژووری ئازاردان نییە؟ ئەی ئەو هەموو خوێنە چین؟..." خەیاڵم بۆ بەرگری بەندەکانی پێش خۆم دەچوو. تۆ بڵێی ئەوانە بەرەنگاری سەربازەکان هەر لەم ژوورەدا نەبووبنەوە و ئەوانیش، هەر لەم ژوورەدا ئەشکەنجەیان دابن. گەر نا خوێنی سەر ئەم دیوارانە مانای چی.

مێروولەیەک بەلا ملمدا هەڵگەڕا. دیار بوو ئەویش لە برسا هەوڵی خۆی دەدا. مێروولەکەم بەئەسپایی نایە بان زەوی. سەرنجم دەدا، بەهەموو لایەکدا ملی دەنا، دیار بوو بۆ بژێوی خۆی عەوداڵ بوو، بەڵام لەم ژوورە چۆڵەدا، هیچی دەست دەکەوت. بەلاچاو هەر سەیریم دەکرد کە ملی ڕێی ئازادی گرتە بەر و بەژێر دەرگای دەرەوەدا ملی بەرەو جیهانی ئازادی نا.

لرخەی پاسەوانی ئەو دیو دەرگاکە سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە دەستبەجێ منیش، ڕووە لای دەرگاکە، بەئەسپایی خۆم خشاند، دەترسام بەجووڵەم سەربازەکە بەئاگا بهێنمەوە. ترپەی هەنگاوێکی دوور دەهاتە بەرگوێم و جاروبار شریخەی ڕاکێشانی میلی تفەنگێک و سەدای کێی زەلام دەبیسترا.

من زیاتر تامەزرۆی ئەوە بووم کە بزانم پاسەوانی ئەو دیو دەرگاکە بەڕاستی خەوی لێکەوتووە یان نا، بۆیە تا توانیم، خۆم لە دەرگا ئاسنەکە نزیک کردەوە. کە لە ناکاوێکدا لترێکم دا و سەرم دای بەدەرگاکەدا.

وەک زەنگی کڵێسا دەنگی دایەوە. دنگەی ئاسنەکە هەر نەدەبڕایەوە. دەتوت بۆمبێک لە ژوورەکەدا تەقیوەتەوە. هەر لە جێی خۆم وشک بووم.

پاسەوانەکە هاواری لێی هەڵسا و قیژاندی:

"ئەوە سەگباب تا ئێستا نەنووستوویت؟".

فـزەم لە خـۆم بڕی و هەناسـەم لە سنگمـدا قـەتیس کـرد. دەمـویست، بەزووترین کـات، بچـمەوە شـوێنەکـەی خۆم، بەڵام دڵنیـا نەبووم لەوەی کـە بتوانم بەبێدەنگی بگەمەوە، هەر بۆیەش، بێ جووڵە، لە پشت دەرگاکەوە نقەم لە خۆم بڕی و خۆم مەڵاس دا. پاسەوانەکە کەوتە پیاسە کردن و چەند جارێک میلی تفەنگەکەی ڕاکێشا. دەیویست بەئاگایی خۆی نیشان بدات. من هەر بێ جووڵە بووم.

تەقەی پۆستاڵێکی دوور، کە وردە وردە نزیک دەبووەوە، هاتە بەرگوێم، کە تەواو لە ژوورەکەم نزیک بووەوە، بەئاسانی گوێم لێ بوو، کە سڵاوی کرد و بەدەنگی بەرز وتی:

"جاسم کەی سەرەی پاسەوانیت تەواو دەبێت؟"

پاسەوانەکەم کەوابێ ناوی (جاسم)ە. لە وەڵامدا وتی:

"عەلوان... گوێم لە زرمەیەکی گەورە بوو، تۆ گوێت لە هیچ نەبوو..."

لە وەڵامدا ئەویش وتی:

"زرمەی چی... دیارە خەوت لێ کەوتووە، یان گوێت زرنگاوەتەوە... دەنا زرمەی چی؟".

جاسم وتی:

"سەعات و نیوێک پاسەوانیم ماوە... تۆزێ دانیشە لام..."

هەستم کرد، کە هەردووکیان، لە پەنا دەرگاکەدا هەڵترووشکان.

– چەند بەندتان لایە؟.

– تەنیا یەک سەگی کوڕی سەگ.

– ئەی لای ئێوە؟

– جمەی دێ... نازانم ئەم کوردانە بۆ وا دەکەن. ڕۆژانە دەیان و سەدانیان لێ دەگیرێ و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن، کەچی ئەمانە هەر بەردەوامن لە سەرپێچی. تێناگەم چۆن وا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەندمان هەر لا زیاد دەبێ، ئەمە سەرەڕای ئەم هەموو تێهەڵدان و زیندانی کردن و خنکاندنە. تێناگەم. دەزانی ئەمڕۆ، پێنج بەندی نوێیان بۆ هێناین، یەکێکیان تەمەنی تەنیا



دوانزە ساڵە... دوانزە ساڵ... بڕوا دەکەی...

– دوانزە؟!

– بەڵێ دوانزە. دەچێ بەعەقڵتدا منداڵێکی دوانزە ساڵان قومبەلەی پێ گیرا بێ و سەر بەیاخیبووەکان بێ؟.

ماوەیەک بێدەنگ بوون، پاشان عەلوان وتی:

"دەزانی من تەنیا پێنج مانگم ماوە و سەربازی تەواو دەکەم"

جاسم لە وەڵامیدا وتی:

"تەنیا پێنج مانگ؟ ئەی پاشان چی دەکەی؟".

– چی دەکەم؟ ئەی بۆم نەگێڕاویتەوە، کە من پێش سەربازی، فیتەر بووم.

کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی:

– لە جادەی شێخ عومەر دووکانم هەبوو. هەرکە سەربازیشم تەواو کرد، دەچمەوە سەر دووکانەکەم.

– ئەی نیازت نییە سەربازییەکەت تازە بکەیتەوە ...؟.

دیار بوو ئەوە جۆرە نوکتەیەکی نێوان خۆیان بوو، چونکە هەردووکیان دایانە هاڕەی پێکەنین.

شنە بایەکی فێنک لە بن دەرگاکەوە دەهاتە ژوورێ، دیار بوو گەرما بەشەو هێند تینی نەدەما، هەرچەند من لەو ژوورە گەرمەدا، کە بەڕۆژ دەتوت مەنجەنیقە، هەستم تەنیا بەگەرمی دەکرد، بەڵام دیار بوو شەو درەنگان، کەمێ هەوای فێنک لە ژێر دەرگاکەوە دەهاتە ژوورێ، ئەوەش بۆ من سوودبەخش بوو.

جاسم دیار بوو دەیویست درێژە بەباسەکەیان بدات، چونکە دووبارە وتی:

"عەلوان وتت فیتەر بوویت؟".

لە وەڵامدا وتی:

"بەسەری تۆ جاسم، هەر وەسف ناکرێ... ئای هەرکە ئێوارەمان لێ دەهات، من و فلەیح و کازم، ئەوانیش هەر فیتەر بوون، یەکسەر بەتەکسییە شڕەیەک ملی ڕێگامان بۆ (ئەبو نەواس) دەگرت و لەوێش ڕۆژوومان بەعارەق دەشکان...".

تۆزێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی:

(ئەی ماسی سەگف بۆ نالێی... شەوی یەک دوو ماسیشمان دەکرد بەشوێنیدا... دیارە بەبیرەی ساردەوە....

– ئەی دوایی چیتان دەکرد؟

– تالیەکەی خۆمان دەکرد بەماڵی (ئوم عەباس)دا یان هەر شتێکمان لەو سەرجادانە دەگرتەوە...

دەنگی ترپەی ڕەوتێکی خێرا وتووێژی نێوانیانی پساند و بەتەواوی بێدەنگی کردن. منیش، بەسنگە خشکێ، هاتمەوە شوێنی خۆم. باڵم نایە ژێر سەرم و بیرم بۆ لای (موختار) دەچوو. کەساس دەهاتە پێش چاو...

***

(٦)

لە دەنگی کردنەوەی زنجیر و قوفڵی سەر دەرگاکە، خەبەرم بووەوە. هەموو گیانم نیشتبووە سەر ئاو. دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و پاسەوانی بەردەرگاکە بۆ سەرئاو پێش خۆی دام. ڕۆژ ببووەوە و دەوروبەر بەتەواوی ڕووناک بوو. منیش سوودم تەواو لە چاو نەبەستنەوەم کرد و هەر بەلاچاو بەئارەزووی خۆم، سەیری دەوروپشتی خۆم، کرد، پاسەوانەکە لە دواوەم دەڕۆیشت. بەسەر پلیکانەیەکدا سەری خستم و ئاودەستێکی پیشان دام. ئەوەی لە ئاودەستەکەدا سەرنجی ڕاکێشام، پەنجەرەیەکی بچکۆلانە بوو، کە بەسەر دەرەوەدا دەیڕوانی. تا توانیم خۆم بەرز کردەوە. دەرەوەی سەربازگەکە دیار بوو، بەڵام دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ بوو، تا چاو بڕی دەکرد، لە دڕک و داڵ بەولاوە، هیچی تر نەدەبینرا. دەبێ ئەم سەربازگەیە لە دەرەوەی شاری



کەرکووک بێ. پاسەوانەکە لە دەرگای دا و منیش خۆم ئامادە کرد. پێش خۆی دامەوە، ئەمجارە ڕووم لە نێو سەربازگەکە بوو. ئەوەی دڵنیا بووم لێی ئەوە بوو کە ئەمە سەربازگەیەکی ئاسایی نییە. دەبێ شوێنی لێکۆڵینەوەی سەربازی یان شتێک لەو بابەتە بێ، چونکە هیچ چەک و تەقەمەنییەکی گەورەم بەدی نەدەکرد. سەربازەکانیش کە لە نێو حەوشەکەدا هەڵدەسووڕان، هەموو بێ چەک بوون.

پێش ئەوەی دەرگای ژوورەکەم لێ دابخرێ، سەموونێکی ڕەق و چایەکیان بۆ هێنام. سەموونەکەم بەهیچ شێوەیەک بۆ نەخورا.

ئەو ڕۆژەم هەر بەپیاسە، لە ژوورەکەدا، بردە سەر. هەرچەند گەرمی تا دەهات پتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک دەستم لە پلێتی سەر پەنجەرەکەدا. داغ بوو. لای عەسر، کە سەربازگەکە کشومات بوو، گوێم لە دەنگی هاتوهاوارێک بوو. هەستم دایە خۆم کە بزانم ئایا ئەو هاوارە (موختار)ی هاوەڵمە. بەڵام بێ سوود بوو. مرۆڤ بەهاوار و گریان کەس ناناسێتەوە. هەر خوا بکات کەسی تر نەگیرابێ.

لە بن دەرگاکەوە دەمڕوانییە دەرێ. تاریکی، وردە وردە، باڵی بەسەر سەربازگەکەدا دەکێشا. من بیرم لای چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەی داهاتوو بوو.

لە ژوورەکەدا هەر خەریکی پیاسەکردن بووم. ژمارەی هەنگاوەکانم دەژمارد. هەرکە لێم تێکدەچوو، سەرلەنوێ، دەکەوتمەوە ژماردن.

تەقەی ڕەوە پۆستاڵێکی خێرا، بەئاگای هێنامەوە و یەکسەر لە شوێنی خۆم دانیشتم. زنجیر و قوفڵی دەرگاکەیان کردەوە. دوو سەربازی نوێ بوون، هەردووک چەکدار بوون، یەکێکیان، باڵا کورتێکی تێکسمڕاو بوو، فەرمانی پێدام:

"پێشمان کەوە".

هەستامە سەر پێ و خۆم ئامادە کرد. پەلیان نەبەستمەوە، بەڵام لوولەی تفەنگەکانیان لە پشتم گیرکرد و پێش خۆیان دام.

لە دڵی خۆمدا وتم:

"میوانی تەواو!".

لە ژوورەکەی دوێنێ شەودا ڕایان گرتم. ئەمجارە سێ کەس، لە پشت مێزەکەوە، بەتەنیشت یەکەوە دانیشتبوون. دووانیان ئەفسەر و یەکێکیان جلی مەدەنی پۆشیبوو. ڕەنگ زەرد و خوێن تاڵ و تووڕە دەهاتە پێش چاو. لەوانە دەچوو، کە هەرگیز، هەتاو نابینن و هەمیشە، لە ژێرزەمینەکاندا، خەریکی ئازار و ئەشکەنجەدانن. بەسەر و پۆتەڵاکیدا دیاربوو لە پسپۆڕێکی شارەزای ئازاردان و لێپرسینەوە دەچوو. خۆشم تێنەدەگەیشتم لە سەربازگەدا و خەڵکی مەدەنی. لەوە دەچوو کاربەدەستێکی حیزبی گەورە بێت. ئەو ئیشارەتی بۆ کردم و وتی:

"لەسەر ئەو کورسییە دانیشە".

کورسییەکی حەیزەرانیان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانابوو. منیش بێ سێ و دوو لەسەری دانیشتم. ئەویش، هەر بەدانیشتنم، وەک باسێکی پچڕاو تەواو بکات وتی:

"دوێنێ شەو یارمەتی درایت کە پشوو بدەیت و مێشکی خۆت ساف بکەیت..."

هەر دوو ئەفسەرەکەش سەری ڕەزامەندییان دەلەقاند. یەکێکیان ئەوەی دوێنێ شەو بوو.

"هیوادارین، بێ گیرمە و کێشە، هەموو ڕاستییەکان بڵێیت: ئێمە لە هیچ، هاوڵاتی ناگرین، بۆیە داوات لێ دەکەین کە بەخۆشی هەموو شتێکمان بۆ دەربخەیت و دەستی هاوکاریمان بۆ درێژ بکەیت. دیارە ئێمەش بەو پێیە ڕەفتارت لەگەڵ دەکەین...".

دیار بوو ئەمە شێوازێک بوو بۆ ڕووخاندنی گیراو. دەیانویست لە پێشدا بەخۆشی و بەنەرمی لەگەڵی بجووڵێنەوە. من هەر بێدەنگ بووم، یان ڕاستتر وایە بڵێم، دەمویست، لە پرسیاردا وەڵام بدەمەوە. دەمزانی هەموو وشەیەکم، حسابی بۆ دەکرێ.

کابرای مەدەنی، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

"وەک چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پێمان وتیت؛ ئێمە ئاگاداری هەموو کەین



و بەینێکتان بووین، بۆیە خۆ گێل کردن، تەنیا دەبێتە مایەی ئازار و ئەشکەنجەیەکی بێ کۆتایی. ئێمە تەنیا ڕاستیمان لە تۆ دەوێ. تەنیا ڕاستیشە کە تۆ ڕزگار دەکات و دەتخاتەوە نێو کەسوکارت...

یەکێک لە ئەفسەرەکان وەک فەرمانی عەسکەری بدات وتی:

"فەرموو چیتان پێیە بیڵێن...".

چی بڵێم؟ باسی چییان بۆ بکەم. بۆیە لە وەڵامیدا وتم:

"دوێنێ و پێرێ هەرچی پرسیارێ کرابێ وەڵامم داوەتەوە".

ئەفسەرەکەی دوێنێ شەو مستەکۆڵەیەکی دا بەمێزەکەدا وتی:

"چیت وتووە؟ لە کۆمەڵێ درۆ و دەلەسە زیاتر. خۆت بەزیرەک نیشان مەدە. بڵێ کێ دەمانچەکانی بۆ هێنان، کێی ترتان لەگەڵدا بوو، لە کام ماڵ تاوانبارەکانی شاخ دەشارنەوە. ماڵە نهێنییەکانتان کامانەن. کێ یارمەتیتان دەدات. ئەوانە بڵێ..."

دەمویست لە وەڵام خۆم قوتار بکەم بۆیە وتم:

"هەرچی پرسیارێک کرابێت وەڵامم داوەتەوە".

ئەفسەرەکە هەستایە سەرپێ. ئەوسا زانیم چ کەتەیەکە. دەستی دایە دارێک، لێم هاتە پێشەوە. وتی:

"کوڕی سەگ. دەتەوێ نمایش بنوێنی. دەتەوێ کێ هەڵبخەڵەتێنی".

دارەکەی دەستی ڕادەوەشان و هاواری سەربازەکانی بەردەرگای کرد وتی:

"ئەم سەگەم بۆ بەکورسییەکەوە شەتەک دەن".

لەچاو ترووکانێکدا، فەرمانەکەیان بەجێهێنا و بەکورسییەکەوە بەستمیانەوە.

ئەفسەرەکەش کە لێم هاتە پێشەوە و شەقێکی لە کورسییەکە دا، بەکورسییەکەوە، بەپشتا کەوتم. چەند جارێک دارەکەی بەئەسپایی دەکێشا بەبنی پێما و لە ناکاو بەهەموو هێزی دارێکی سرەواند بەژێر پێمدا. وەمزانی ژوورەکە ڕووخا بەسەرمدا. من لە داری سێهەم و چوارەمدا لە هۆش خۆم چووم. نازانم چەند بێ ئاگا بووم، بەڵام بەرشتنی دۆلکەیەک سەهۆڵاو بەسەر و چاومدا، بەئاگا هاتمەوە. هەموو گیانم زریکەی دەکرد.

کورسییەکەیان وەک خۆی لێ کردەوە. هەستم بەئازارێکی لە توانا بەدەر دەکرد. خەریک بوو بڕشێمەوە. سەرنجی ژوورەکەم دا، هەموو شتێک زەردباو دەهاتە پێش چاوم. ئەفسەرەکان دەمیان دەجوولاند. گوێم لە هیچ نەبوو.

پیاوە ڕەنگ زەردەکە لە جێی خۆی هەڵستا. ئالەتێکی درێژکۆڵەی بەدەستەوە بوو، لە لایتی دەستی دەچوو. لێم نزیک کەوتەوە. چەند شتێکی وت. هیچم نەدەبیست.

ئالەتەکەی نایە پەنا گوێمەوە. مێشکم خەریک بوو بتەقێ. هەموو گیانم هەڵدەلەرزی. شەپۆلی تەزوویی کارەبا بوو. دەمارەکانی لەشم ژانیان دەکرد. چەند جارێک هێلنجم دا. سەرم گێژی دەخوارد. هەموو دەورووبەرم دەخولایەوە. سەرم بۆ ڕانەدەگیرا. ڕووناکی ژوورەکە تا دەهات کزتر دەبوو. هەموو شتێک لەبەر چاوم بچووک دەبۆوە تا بووە یەک نوقتە و ئیتر هیچ لەبەرچاوم نەما...

***

(٧)

چاوم هەڵبڕی، تاریکی گەمارۆی دابووم. لەشم نوقومی ئاو بوو، بەئەزیەت هەناسەم بۆ دەدرا. بەدەوری خۆمدا ڕوانیم، لە ڕەشایی زیاتر، هیچی ترم بەدی نەکرد. ویستم هەستمە سەرپێ، ئازارێک ڕیچکەی سەرەوژووری گرت و بەنێو دەمارەکانمدا ڕەوتی دەکرد. ژوورەکە وردە وردە ڕووناک دەبووەوە، دیار بوو سەرەتای ڕۆژێکی نوێیە. دەستم برد بۆ بنی پێم. زامەکانی تەڕ و بڕ بوون. هەموو جوولانێکی جەستەم، شەپۆلی ئازاری تری دەورووژاند. دەنگی هاوارێکی دوور، جەرگی هێمنی ئەو بەری بەیانەی شەقار دەکرد. ئەم دڕندانە، تا ئێستاش، هەر لە خەڵکی دەدەن. زۆرم تینوو بوو، تینوویەتیم، جۆگەی خەیاڵمی ڕووەو هەوارگەی قەدپاڵ شاخێکی لووتکە سپی دەبرد. شنەی با، تیسکی گژوگیای کەنار جۆگەکانی شانە دەکرد و لەرەی بەگەڵای تووە هەراشەکانی ئەو دەشتە سەوزە دەکرد. دەمی عەزرەتیم ژەندە نێو ئاوی کانییەکی ڕوون و تەزیوو و



تا توانیم ئاوم خواردەوە. بەڵام تینوویەتیم نەدەشکا.

کردنەوەی دەرگا و فڕێدانی سەموونێکی ڕەق، بەئاگای هێنامەوە. دەرگا داخرایەوە، ویستم چاوم لێک بنێمەوە. بێ هوودە بوو. دیمەنەکان هەموو تێک ئالان و لەبەر چاوم ون بوون. دەستم دایە سەموونەکە و گازێکم لێ گرت. هەوڵێکی بێ سوود بوو. گەرووم پێکەوە نووسا بوو. سەموونەکەم لە جێی خۆی دانایەوە.

دەمەو نیوەڕۆ، دەوروپشت، کپ بوو. دەنگی هاوار و ئازاری لێدان نەدەهاتە بەرگوێم. وردە وردە دیمەنەکانی شەوی پێشوو دەهاتەوە یادم. دوێنێ، ئەوانە، کەوتنە بەکارهێنانی کارەبا. تۆ بڵێی ئەم دڕندانە شتی لەوە زیاتریان هەبێت. ئەی بۆ نا. هەر ئەمانە نەبوون، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، چاو و نینۆکی خەڵکیان دەردەکێشا.

ئەمانە نەبوون دەستی خەڵکیان لە بندا دەبڕی، ئوتووی داغبوویان دەچزاند بەپشتدا. هەر ئەمان نەبوون بەندیان، لە حەوزی تێزابدا، دەتوانەوە. خۆم دەهاتە بەرچاو، لە کەنار حەوزێکی تێزابدا، سەربازێکی ڕەشتاڵەی سیخن دەیشیراند بەسەرمدا:

"ڕاستی نەڵێیت فڕێت دەدەینە ئەم حەوزەوە".

دڵم داخورپا. هەستامە سەرپێ. پێکانم ژانیان دەکرد، کەوتمە پیاسە بەژوورەکەدا و لەبەر خۆمەوە وتم:

"با بزانین دیداری داهاتوو چۆن دەبێت".

دەمە و ئێوارێ، ناو سەربازگەکە، تەواو هێمن بوو. من ڕۆژەکانم لێ تێکچوو بوو، بەڵام بەم بێدەنگییە، لە ڕۆژی هەینی دەچوو. جیرەی زنجیری تانکێک دەهاتە بەرگوێم.

تاریکی، تا دەهات، تەنگی بەپاشماوەی ڕووناکی هەڵدەچنی. ژوورەکە، لە گەرمیدا، ئێقی دەدایەوە. گوێم لە دەنگی تەقەی چەند پۆستاڵێک بوو کە ڕووەو ژوورەکەی من دەهاتن. کە دەرگاکەیان خستە سەرپشت، دوو سەربازی نوێ بوون. بێ ئەوەی هیچم لەگەڵدا بڵێن، پەل و چاویان بەستمەوە و پێش خۆیان دام. لە ژوورێکدا ڕایان گرتم. چاویان کردمەوە. جگە لە تاریکی هیچی تر بەدی نەدەکرا.

دەنگێک ڕایچڵەکاندم و وتی:

"ئەمە دوایین جارە بانگت دەکەین. گەر ڕاستیمان پێ نەڵێیت ئیتر جارێکی تر دنیای ڕووناک نابینیتەوە...".

تیشکی گڵۆپێکی زۆر بەهێز درا لە سەر و چاوم. چاوم ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، دەنگەکە کە دیار بوو لە پشت گڵۆپەکەوەیە، بەردەوام بوو:

"ئێستا ئیتر لەوە زیاتر خۆت گێل مەکە. چی دەزانی پێمان بڵێ...".

من، دڵم بەوە خۆش بوو، کە ئەوان شەوی گرتنەکە، هیچ چەک و تەقەمەنییەکیان لا نەگرتبووم، بۆیە لە وەڵامیدا وتم:

"هەرچی پرسیارێکم لێ کرابێ وەڵامم داوەتەوە...".

دەبێ کابرای پشت گڵۆپەکە، زۆر بەو وەڵامەم، قوشقی بووبێ، چونکە بەهەموو هێزی قیژاندی:

"ئەم تاوانبارە سەر بەرەو خوار بەبنمیچەکەدا هەڵواسن، دیارە فێری شەقە".

هەر خێرا، گوریسێکیان لە قولە پێمەوە ئاڵان، و لە چاو تروکانێکدا، سەر بەرەو خوار، شۆڕیان کردمەوە. تەوژمی خوێن ڕێچکەی سەر بەرەو خوار بەست. سەرم خوێنی تێزا، چاوەکانم خەریک بوو بتەقێن. هەر ئەوەندەم زانی، بەسۆندە، کەوتنە شان و مل و پشت و باسکم.

نازانم چەندیان لێدام یان کەی بێ هۆش کەوتم. کە چاوم هەڵبڕی لە ژوورەکەی خۆمدا فڕێدرابووم. هەموو گیانم ژانی دەکرد. گوێم کاس بوو. پشتم دەکزایەوە و دڵم تێکەڵ دەهات. هەستم بەڕووناکییەک کرد. دەرگای ژوورەکەم کرابووەوە. سەربازێک، لە ژوور سەرمەوە، هەڵتووتابوو بەدەست ڕای دەوەشاندم، چاوم لێکنایەوە. لە خەو دەچوو. بەئاستەم گوێم لێ بوو. سەربازەکە دەیوت:

"نازانم بۆچی خۆت وا لێدەکەیت. بۆ قسە ناکەیت. تا ئێستا کەس لێرە ڕزگاری نەبووە، ئەگەر ڕازی دڵی خۆی بۆ هەڵنەڕشتبێ...".

بەئاگا هاتبوومەوە، بەڵام خۆم بەبێ ئاگا نیشان دەدا. سەربازەکە بەردەوام بوو:



"بەڕاستی زۆر بەزەییم پیا دێیتەوە. حەز دەکەم یارمەتیت بدەم. دەڵێن پیاوێکی خوێندەواری. خۆت تووشی ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە بۆ دەکەیت.

من وەکو مرۆڤێک پێت دەڵێم، قسە بکە و با ببڕێتەوە. تۆش خۆت، لەوە زیاتر، تووشی دەردەسەری مەکە. گەنجیت. ئێرە ئێرەیە....

ویستم، لەو هەلەدا، بزانم ئەو شوێنە کوێیە، بۆیە لە وەڵامیدا وتم:

" بۆ ئێرە کوێیە".

بزەیەک گرتی، دیار بوو سەیری لە پرسیارەکەم دەهات چونکە وتی:

"ئێرە... ئێرەیە".

سەرنجی سەر و پۆتەڵاکی سەربازەکەم دا. برۆکانی ئەستوور و تێکەڵ بوون، هەر دەمی دەبزواند. دانەکانی ڕزیو و زەرد بوون. سەری بەرز کردمەوە و وتی:

"بۆ وا بێدەنگی... من وەک ئامۆژگاری پێت دەڵێم. دان بەڕاستییەکاندا بهێنە، تا پەل پەلیان نەکردوویت. خۆت گرنگی ئێستا. بۆ کێی دەکەن. بۆ هێندە ساویلکەی. ئەم پاڵەوان بازیەت کێ دەیبیستێ. کە خۆت ڕۆشتیت ئیتر پاشان چی؟.

ها؟... چی؟."

دڵم تێکەڵ دەهات. لە ناکاودا، هەموو، نێو سکم بەرەو دەرەوە هێرشی هێنا. ڕشامەوە، هەر بۆیە سەربازەکە، بەپەلە، خۆی لادا و هەستایە سەرپێ، بەهەموو توانای بەپۆستاڵەکەی لەقەیەکی لە کەلەکەم دا و ڕیزێ جنێوی پەلەی دا و لە ژوورەکە دەرپەڕی.

***

(٨)

غەڵبە غەڵبێک، لە نێو سەربازگەکەدا، بەئاگای هێنامەوە. گوێم لێبوو، لە ڕارەوەکەدا، جنێو دەدرا. دەنگەکان تا دەهات لە ژوورەکەی من نزیک دەبووەوە. هەستم دەکرد، کۆمەڵێک، لەبەر دەرگاکەدا مشتومڕیانە. کە دەرگاکەیان، کردەوە چوار بەندیان بەپاڵ کردە ژوورەوە. هاوەڵەکانی خۆم

بوون. موختار و عومەر و عەبدوڵڵا و سەروەر بوون. خۆشی و ناخۆشی لە لام تێکەڵ بوو، لە لایەک خۆشحاڵ بووم بەبینینەوەیان و لە لایەکی تریش بەووەزعە کەساسییە، کە هەموو ڕیش هاتوو و چڵکن و بەرگ دڕاو بوون، حەزم نەدەکرد بیانبینم.

بڕوا ناکەم وەزعی خۆشم، لەوان باشتر بووبێت، هەرچەند من خۆم نەدەدی بەڵام هەستم دەکرد کە منیش ڕیش هاتوو، ناساغ و جەستە لاواز بووم. هەر خێرا پەلاماری یەکمان دا، کەوتینە دەست گوشین. بەڕاستی بۆ من خۆش بوو کە لەو تەنیاییە ڕزگار بووم. ئێستا لەگەڵ چوار هاوەڵی تردا، کات بەزوویی دەڕوا و ئیدی پێویست ناکا، هەر بەتەنها، قسە لەگەڵ خۆم بکەم. ناخۆشی ژووری تەنیایی لەوەدایە کە کات ناڕوا.

موختار، کە لە هەموومان بەتەمەنتر بوو، چاوی پڕ بوو لە ئاو، زۆر بەبەزەییانەوە تێی دەڕوانیم، دیار بوو، هەستی بەباری لاوازی جەستەم و دۆخی دەروونیم دەکرد، چونکە وتی:

"ئەم چەند ڕۆژە بەتەنیا بوویت".

خەریک بوو وەڵام بدەمەوە کە عەبدوڵڵا وتی:

"ئێمە دوو دوو پێکەوە بووین. من و سەروەر ئەم چەند ڕۆژە لە یەک ژووردا بووین"

عومەر، لە یەکەمین شەوی گرتنمدا لە ئیستخباراتی سلێمانی دیبووم، زۆر لاواز دەهاتە پێش وتی:

" من و موختاریش پێکەوە بووین".

ئەوە، بەلای منەوە، گرنگ نەبوو، گرنگ لام ئەوە بوو، ئەوانە لە لێکۆڵینەوەدا چییان وتووە، ئایا هیچیان درکاندووە، بۆیە من پرسیاری ئەوەم لێ کردن، لە وەڵامدا موختار وتی:

"هەر باسی دەمانچە و قومبەلەکانیان لێ دەپرسین".

عەبدوڵڵا کە لە هەموومان گەنجتر بوو، بەپیشەش شۆفێری تەکسی بوو وتی:



"ئەمانە زۆر لە چەک و تەقەمەنی دەترسن...".

عومەر، کە بەپیشە بەرگدروو بوو، دەمانچەکەش لە لای ئەو گیرا بوو، کراسەکەی داکەند و پشتی نیشانی سەروەر دا. لە ڕاستیدا ئەو جوولەیە بۆ من بوو. هەموو پشتی شەقار شەقار بوو. جێی ئازاردانی بەئاشکرا پێوە دیار بوو، هەموو پشتی شین و مۆر هەڵگەڕا بوو. دیار بوو دووچاری ئازاردانێکی لە وزە بەدەر کرا بوو.

من مەراقم بوو بزانم ئەوان چۆن گیراون، بۆیە ڕووی دەمم کردە عومەر، وتم:

"دەزانم تۆ پێش من گیراویت و بەڵام چۆن... چۆن ئەوانە زانیان کە چەکمان لای تۆ شاردۆتەوە...".

عومەر هیلاکی و بێ وزەیی لە هەموو جەستەی دەباری. لە وەڵامدا وتی:

"کوڕێک زۆر هاتوچووی دووکانەکەی دەکردم. نازانم چۆن دەیزانی خەریکی کاری نهێنیم. خۆی وا لای من نیشان دەدا، کە زۆر حەزی لە خەباتی نهێنییە و ئامادەگی خۆشی نیشان دا، بۆ هەموو چالاکییەک. لە ڕاستیدا، ساویلکەیی خۆشمی تێدا بوو، کە بێ ئەوەی ئاگاداری ئێوە بکەم من خۆم، هەندێک، نهێنیم لا درکاند، کە نەدەبوو. خۆم دەمانچەکەم نیشان دا. ئەمانە درۆ دەکەن. تەنیا یەک دەمانچە لای من گیراوە، نەک دوو دەمانچە و دوو قومبەلە. هەر بۆ ئاگاداریت"

ئەوەش هەر باش بوو، یەک دەمانچە دەتوانرێ پینە بکرێ و مرۆڤ بڵێ دوژمندارم، بەڵام بۆ قومبەلە ناکرێ.

عومەر بەردەوام بوو!

"هەندێ... و هەندێ لە پلانەکانیشم بۆ ئاشکرا کرد. دیارە ئەمە خۆی پیاوی ڕژێم بووە، چونکە ڕۆژی گرتنەکەم، یەکەمین شاهید، هەر ئەو بوو بەسەرمەوە..."

لە قسەکانیدا تێگەیشتم کە زۆر نهێنی درکاندووە، بۆیە ئەوان

توانیبوویان، وا بەزوویی، هەموومان بگرن.

لە ڕاستیدا حەزم نەدەکرد، زیاتر، لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕۆم. تازە ئێمە گیرابووین، هەر چۆنێک بووبێت تازە گیراوین و دەبێ بەو پێیە ڕەفتار بکەین. زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە چاکە. ئەوەی لە دەست چووە تازە بەئێمە ناگەڕێتەوە، بۆیە بەهاوەڵەکانم وت:

"گرنگ ئەوەیە ئێستا ئیتر هیچی تر نەدرکێ..."

سەیرێکی عومەرم کرد و وتم:

"تۆش، بۆ مەسەلەی دەمانچەکە، دەتوانی بڵێی، هەر لە زووەوە هەتبووە و دوژمنداریییەکی کۆنتان لەگەڵ هەندێکدا بووە. بۆ ئەوە دەمانچەت هەڵگرتووە...".

نازانم لە لێکۆڵینەوەدا چی وتبوو، بەڵام دەکرا، پاساوێکی بەجێ بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی، لە وڵاتێکدا، کە چەک بەو ڕادەیە نامۆ نەبوو. لە دەرگادانێک وتووێژی نێوانمانی بڕی. دەرگاکەیان لێ کردینەوە. چوار سەرباز بەچەکەوە خۆیان کرد بەژووردا. دەستی هەموومانیان لە پشتەوە بەستەوە و پێش خۆیان داین. لە حەوشەی سەربازگەکەدا ڕایان گرتین.

پیکابێک ڕاگیرا بوو. کۆمەڵێ سەربازی چەکدار، بەدەوریدا، ڕاوەستا بوون.

بۆ کوێمان بەرن. تۆ بڵێی، لای ئەمان، لێکۆڵینەوە تەواو بووبێت و بۆ گوللەبارانمان ببەن. گەر نا، ئەم هەموو سەربازە، بۆچی.

خستیانینە نێو پشتی پیکابەکەوە و چوار سەربازەکەش لەگەڵماندا سوار بوون. هەموو بێدەنگ بوون، هەر بەچاو مۆڕەیان لێ دەکردین و دانیان لێ دەکرۆشتین.

ئێمەش، بەچاو، سەیری یەکترمان دەکرد. نیگەرانی لە چاوی هەمووماندا بەدی دەکرا، کە پیکابەکە بەنێو سەربازگەکەدا کەوتە ڕێ، ئەوسا لە گەورەیی سەربازگەکە گەیشتم. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، پیکابەکە، ڕووەو دەرگای دەرەوە، نەدەڕۆیشت، بەڵکو ڕووەو قووڵایی سەربازگەکە ڕەوتی



دەکرد. دەبێ هەر لە نێو ئەم سەربازگەیەدا لەناومان بەرن؟ بۆ چاویان نەبەستینەوە.

ڕەنگە لە شوێنی گوللەبارانەدا ئەو کارە بکەن. ئەوان زۆر بەنهێنی و چاوبەستراوی ئێمەیان بۆ نێو ئەم سەربازگە هێنا، کەچی ئێستا بەچاوکراوەیی، بەنێو سەربازگەکەدا، دەمانگێڕن. دیارە و دڵنیان لە کوشتنمان، بۆیە، وا بێ باکانە و بێ ترس، سەربازگەکەمان نیشان دەدەن.

***

(٩)

لە بەردەم ڕیزێ خانووی زەردباوی کۆندا، هەر لەناو سەربازگەکەدا پیکابەکە وەستا. یەکێک لە پاسەوانەکانمان ڕووەو دەرگاکە ڕۆیشت. دوو سەرباز لەبەر دەرگاکە وەستا بوون، خانووەکە هیچی لەسەر نەنووسرا بوو. دەوروبەر کشومات بوو، تەنیا گیزەی مێش و گڕەی با دەهات کە پەلکی دار خورما زرکەکانی دەلەراندەوە. بەئاستەم هەناسەم دەدا، دەمویست لە وتووێژی نێوان پاسەوانەکەمان و سەربازەکان بگەم. پاشان پاسەوانەکە گەڕایەوە وتی:

"دایان بەزێنن".

بەپاڵ فڕێیان داینە خوارەوە. موختار بەدەمدا کەوت. بەلەقە هەڵیان ساندەوە. لە بەردەم دەرگاکەدا، ڕایان گرتین و لەگەڵ سەربازەکاندا، کەوتنە چرپە چرپ و ئاڵوگۆڕکردنی هەندێ کاغەز. پاسەوانەکان ئێمەیان بەجێهێشت. یەکێک لە سەربازەکان وتی:

"بەڕیز یەکە یەکە بۆ ژوورەوە..."

ئەمەی وت و تاکێکی دەرگاکەی خستە سەرپشت. چووینە ژوورەوە. داڵانێکی تاریک و نووتەک بوو، هەرکە چووینە ژوورەوە، دەرگاکەیان لەسەر داخستین، ئیتر کاتێکمان زانی، بەدار و سۆندە، هەر لە داڵانەکەدا، وا کەوتنە سەر و پۆتەڵاک کوتانەوەمان کە وێنەی نەبوو. چ پێشوازییەک

بوو.

کە بەرچاوم ڕوونتر بۆوە، لە دالانەکەدا، چوار سەربازم بەدی کرد کە بەدار و سۆندەی تێمان بەربوو بوون و هەر بەدار و لێدان تا حەوشەی خانووەکەیان ڕاونایین... لە حەوشەکەدا ڕایانگرتین، ئەوسا بەدەوری خۆمدا ڕوانیم.

لە سووچێکی حەوشەکەدا، کۆمەڵێک جلی کوردی و جامانە و پشتێن و کەوش و کڵاش هەڵدرابووەوە. دڵم داخورپا. تۆ بڵێی، ئەمانە هەمووی، هەر لێرەدا کوژرا بن.

ئانیشکێکم لە سەرووەرەوە ژەند، ئەویش سەیرێکی جلەکانی کرد و سەری ڕاوەشاند، هەموو بەسەر سوڕماوی، سەیری یەکترمان دەکرد.

عومەر، خوێن لە سەری دەهات، موختار، هەموو دەموچاوی خوێن بوو. من شان و قۆڵم دەکزایەوە. دیار بوو، بەدەستم و باسکم سەر و دەموچاوم، لە دار و سۆندە پاراستبوو.

کابرایەکی ڕەشتاڵە، لە یەکێک لە ژوورەکانی سەر دالانەکە، هاتە دەرێ. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، فانیلەیەکی سپی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو. زۆر بەوردی تێی دەڕوانین. زۆر سەیری منی کرد و بریندارییی لووتم سەرنجی ڕاکێشا وتی:

"لە مەنزوومەی ئیستخبارات، لووتیان شکاندی، لێرە لێی دەکەینەوە..."

کەواتە ئەو شوێنەی لێوەی هاتین، مەنزوومەی ئیستخبارات بوو. ئەمەش بۆ من هەر باش بوو، کەمێک لە نهێنی ئەم شوێنەی ڕوون دەکردەوە. هیچ قسەم نەکرد، یان لە ڕاستیدا نەمدەزانی بڵێم چی. بەڵام ئەی ئێرە کوێ بێ؟ لەسەر دەرگای خانووەکەش، هیچ نەنووسرا بوو. ئەمانە هەمووی شوێنی نهێنین. کابرای ڕەشتاڵە، پرسیاری ناوەکانی یەکە یەکە لێ کردین، پاشان قیژاندی بەسەرماندا:

"هەر چیتان پێیە لە دەستەسڕ. پشتێن. جامانە و هەرچی لە گیرفانەکانتانایە، فڕێی بدەنە سەر ئەو جلانە...".



کەسمان هیچی وامان پێ نەبوو. تەنیا موختار بوو، کە کڵاو و جامانە و پشتێنەکەی فڕێ دایە سەر جلەکان. سەربازەکان کەوتنە پشکنینمان. لە گیرفانی موختاردا دەستەسڕێکی گەورەیان دۆزییەوە، بۆیە سەربازێک قۆناغێکی دا بەسەر شانیدا وتی:

"ئەوەت بۆ فڕێ نەداوە هەی کوڕی سەگ".

موختار کە تەمەنی سەروو پەنجا ساڵ دەبوو، لەبەر خۆیەوە وتی:

"من حەز دەکەم ئەم دڕندانە بمکوژن و قسەی سووکم پێ نەڵێن..."

سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی، ئەستێرەکان جریوەیان دەهات. لە دڵی خۆمدا وتم:

"تۆ بڵێی ئەم فاشییانە هەر لێرەدا بمانکوژن"

بەتیلەی چاو، سەیری جلەکانم دەکرد. زووربەیان ڕانک و چۆغە بوون. دەشێ هەموو خاوەن ئەو جلانە، هەر لێرەدا، شەهید کرابن.

کابرای ڕەشتاڵە بەهەموو توانای قیژاندی:

"تفەنگەکان بهێننە سەر پێ!...".

گوێم لێ بوو، موختار شایەتمانی دەهێنا. هەموو چاوەڕێی تەقە بووین، کە سەروەر وتی:

"ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی ئەم ساتەمان دەکرد، ئێوە دەتوانن زۆر بەئاسانی، لەم شەوەدا، ئێمە لەناو بەرن. بەڵام ناتوانن گڕ و جۆشی خەباتی گەلەکەمان دامرکێنن. بەپێچەوانەوە، هەر دڵۆپە خوێنی شەهیدێک کە دەڕژێ، هەزاران گەرای شۆڕشگێڕی پێ ئاو دەدرێ..."

کابرای ڕەشتاڵە لێی چووە پێشێ و بەهەموو هێزی بۆکسێکی لێ دا، هەموو سەروچاوی بووە خەڵتانی خوێن. من چاوەڕێی تەقەم دەکرد.

هەموو ژیانی خۆم، وەک شریت، دەهاتە پێش چاو. حەزم دەکرد پەلامار بدەم، بەڵام بەدەست بەستراوی، چ دەکرا.

کە تەقە نەکرا، ئیدی زانیم، ئەمە شانۆگەریی ترساندنە. هەرواش دەرچوو چونکە کابرای ڕەشتاڵە، بەسەربازەکانی وت:

"ئەم سەگانە فرێدەنە ژووری...".

سەربازەکان دەست و پەلیان کردینەوە و پێش خۆیان داین و هەر پێنجمانیان فرێدایە ژوورێکەوە.

***

(١٠)

لە دەنگی چەکوش و داکوتانی بزمارێک، بەئاگا هاتینەوە. هیچمان چاومان نەچووبووە خەو. سەروەر بەقوڵی کراسەکەی، خوێنی لووتی دەسڕی. عەبدوڵڵا لە سووچێکدا، ئەژنۆی گرتبووە باوەش، موختار لێوی دەبزواند، وا بزانم ئایەتێکی دەخوێند. عومەر لەسەر شان لێی ڕاکشا بوو، دەنگی داکوتان، هەر بەردەوام بوو. بەئاشکرا هەست دەکرا کە سەربازەکان خەریکی داکوتانی تەختە و دارن لە حەوشەکەدا. هەموو داکوتانی چەکوشێک، دڵی دادەخورپانین. تۆ بڵێی ئەمانە، بەم شەوە، لە قەنارەمان بدەن و ئەمەش ئامادەکردنی سەکوی خنکاندن بێ. ئێستا لە نهێنی ئەو هەموو جلوبەرگانە دەگەم. دیارە ئەم شوێنە، شوێنی خنکاندنە. موختار هەستایە سەر چۆک و وتی:

"کوڕینە وا بزانم سێدارەی خنکاندن دادەکوتن".

عەبدوڵڵا بەبێدەنگی لێوەکانی دەکرۆشت. کەسمان قسەمان نەکرد، لە ڕاستیدا، نەماندەزانی، چی بڵێین. دیارە ئەمە دوایین شەوی ژیانمانە.

عومەر، دیار بوو، خەوی لێ کەوتبوو، چونکە دەنگی داکوتانەکە هیچ نەیدەبزواند، بۆیە موختار وتی:

"بەئەسپایی خەبەری بکەنەوە، نەکو سەربازەکان لە ناکاودا، خۆیان بکەن بەژووردا. با بەئاگا بێ و هەندێ قسەشی لەگەڵدا بکەین. کات زۆر کەمە"

موختار هەر خۆی، چەند جارێک، عومەری ڕاوەشاند و بەئاگای هێنایەوە. دیار بوو، لە خەوێکی قووڵدا بوو، چونکە بەهەستانی، تەواو سەری سوڕما، وەکو بەچاوی خۆی بڕوا نەکات. وتی:



"خێرە هەموو وا بەخەبەرن".

سەروەر وتی:

"گوێت لێ نییە، خەریکی داکوتانی سەکۆی سێدارەن"

عومەر بێدەنگ و هیچی نەوت. منیش وتم:

"هەڤاڵینە، دیارە ئەمانە بڕیاری یەکجارەکی خۆیان داوە، کە هەر لێرە لەناومان بەرن، بۆیە ئێمەش، ئەم سەرلەبەیانییە، دەبێ بۆیان بسەلمێنین، کە پەتی سێدارە، دڵی تێکۆشەران داناخورپێنێ..."

کەمێک وەستام و چاوم بەنێودا دەگێڕان، پاشان بەردەوام بووم:

"ڕێی خەبات، هەمیشە بەگوڵ و گوڵزار نەڕازاوەتەوە. ئێمە هەردەم دەمانزانی، تووشی گرتن و زیندانی و کوشتن دەبین. ئێمە خۆمان ئەم ڕێگە پیرۆزەمان هەڵبژاردووە و هەرگیز لێشی پەشیمان نین...".

سەروەر هەستایە سەر پێ و وتی:

"گەلێک ڕۆڵەکانی نەبنە قوچی قوربانی، چۆن بەئامانج دەگات..."

دەنگی داکوتان، وەک دەهۆڵی جەنگ، دەهاتە بەرگوێ. عەبدوڵڵا، کە سێ مانگ بوو ژنی هێنا بوو، نیگەران و خەمبار دەهاتە پێش چاو. چوومە نزیکییەوە و وتم:

"کاتێک دەمانبەنە بەر پەتی سێدارە، دەبێ تا دەتوانین و دەنگمان بڕ دەکات، هوتافی شۆڕشگێڕی بچڕێنین..."

سەیرێکی سەروەرم کرد و وتم:

"ئەوی شیعریشی لەبەرە، با شیعرێکی نیشتمانی بخوێنێ..."

خۆم هەر چەندم کرد، هیچ شیعرێکم نەدەهاتەوە یاد، کە لەبەر پەتی سێدارەدا، بیخوێنمەوە. مێشکم ئاڵۆز بوو. لە ڕاستیدا حەزم لە مردن نەبوو. موختار هەستایە سەرپێ و کەوتە پیاسە کردن. نیگەرانی بەسەروچاویەوە دیار بوو، بەرامبەرم ڕاوەستا و وتی:

"بەڕاستی مردن لە پێناوی گەلدا، مایەی سەربەرزییە. منیش پیر بووم و مردن لەمە باشتریش، خوا بەنسیبی کەسی ناکات. بەڵام خۆزگە، گەر بۆ

جارێکیش بوایە، (هێمن)ی کوڕم بدیایە... و"

قسەکانی بۆ تەواو نەکرا. چاوەکانی بریسکەی دەدایەوە. برژانەکانی خێرا خێرا دەترووکاند. دیار بوو هەوڵی ئەوەی دەدا فرمێسکی، قەتیس ماوی، نەڕژێتە سەر ڕوومەتە چرچەکانی. پاشان بەردەوام بوو:

"بەڵام هیوادارم ڕێی بابی ون نەکات و هەر دەستی تفەنگی گرت بەشداری شۆڕش بکات..."

عەبدوڵلا، کە تا ئەو کاتە، گۆشەگیر بوو، ئەویش هەستایە سەرپێ و یەکسەر وتی:

"بۆچی تۆزێک هەڵنەپەڕین!".

پێشنیارێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەگەرچی هەڵپەڕینی زیندانییەکانی ژووری لە سێدارەدانی بەندیخانەی مووسڵ، سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە و داگیرکەرانی خستبووە لەرزین، بەڵام بۆ ئێمە، کارێکی ئاسان نەبوو. یەکێک لە پاسەوانەکانی ژووری خنکاندن لە مووسڵ وتبووی:

"گەلێک ڕۆڵەکانی لەبەر پەتی سێدارەدا، هەڵپەڕێ، هەرگیز نامرێ. ئێمە ئاسنی سارد دەکوتین".

موختار، کە لە هەموومان بەتەمەنتر بوو، بەو پێیەش دەبوو، ئەزموونی ژیانی، لە ئێمە زیاتر بێ وتی:

"لەم ژوورە بچووکەدا، کە جێی هەڵسووڕانی خۆمانی تێدا نابێ، ناتوانین هەڵپەڕین. با بزانین ئەو هەلەمان، لەبەر پەتی سێدارە، بۆ نارەخسێ..." بڕوام نەبوو، ئەو جۆرە پێشنیارانە، زۆر جدی بێت، تەنیا بەرزکردنەوەی دۆخی دەروونی یەکدی بوو، چونکە کەس بڕوای نەدەکرد، ئەم ئەنتی مرۆڤانە، ڕەفتاری لەو بابەتە، لە زیندانییەک قبووڵ بکەن.

دەنگی داکوتان هەر بەردەوام بوو، بۆیە وتم:

"کوڕینە بۆ هەڵم نابڕن، بۆ ئەوەی لە کونی هەواکێشەکەوە، بڕوانمە دەرێ و بزانم چی ڕوو دەدات..."

موختار، وەک تەنیا چاوەڕێی ئەو پێشنیارە بێت، پشتی بۆ دانام و



منیش چوومە سەرشانی. وردە وردە بەرزی کردمەوە. لە کونی هەواکێشەکەوە، دەرەوە بەتەواوی دیار بوو. سەربازێک خەریکی چاککردنەوەی دەرگایەک بوو. هیچ سەکۆ و سێدارەیەک نەدەبینرا، بۆیە بەدەنگێکی تۆزێ بەرز وتم:

"دامگرن سێدارە داناکوتن...".

خۆشی و شادییەکی سەیر، لە نێو سەروچاوی هەڤاڵاندا، بەدی دەکرا، هەموو ماچیان کردم، بەخۆشحاڵییەوە پێم وتن:

"جارێ ماومانە. سەربازەکان خەریکی چاککردنەوەی دەرگای ژوورێکن. سێدارە داناکوتن...".

گەشی و خۆشییەکی ئاشکرا، پەرییە ڕووی عەبدوڵلاوە. چەند جارێک ماچی کردم. عومەر باوەشی پێداکردم، سەرەوژوور بەتوندی دەستی گوشیم. دۆخی دەروونی خۆشم هەر وەسف ناکرێ.

موختار بەخۆشحاڵییەوە وتی:

"خوا کەریمە...".

لەگەڵ ئەوەشدا، کە مەترسی پەتی سێدارە، دوور کەوتبووەوە لێمان، کەچی هەر پارچە شیعرێک، نەدەهاتەوە یادم.

***

## (١١)

خۆشحاڵی ئەوەی، کە یەکسەر، لە سێدارە نادرێین، نەیهێشت ئەو شەوە، هیچ خەو بچێتە چاوەکانمانەوە، هەر خەریکی دەمەتەقێ و پرسیاری ئەوە بووین، کە ئەم شوێنە دەبێ کوێ بێ. بۆچی بەرپرسەکەیان، کە فەرمانی پێ دەدان، بەرگی سیڤیلی پۆشیبوو. لە ڕاستیدا، من هیچ، سەرم لەم شوێنە دەرنەدەچوو.

ژوورەکەمان پەنجەرەی تێدا نەبوو، لەوە دەچوو ژووری تاکە کەس بێ، چونکە هەریەک دوو مەتر دەبوو. تەنیا پەیوەندییەکی بەجیهانی دەرەوە،

کونی هەواکێشەکە بوو. ئەو هەواکێشەی کە دەنگێکی زۆر ناسازی لێوە دەهات.

بەرەبەیان ژیان کەوتە نێو بەندیخانەکەوە، دەنگە دەنگی سەربازەکان و کردنەوەی دەرگا و جنێوە سووکەکانیان تێکەڵ دەبوون. هەموو بەئاگا بووین و سەیری یەکترمان دەکرد کە دەرگاکەیان کردینەوە، سەربازێکی کورتەبنە، پێنج سەموونی بۆ فڕێ داین و نەڕاندی بەسەرماندا:

"هەستن بەڕیز بۆ دەرێ...".

یەکە یەکە، چووینە دەرێ. دنیا ڕەنگی خۆڵەمێشی بوو. تاریکی وردە وردە بەرەو نەمان دەچوو. ئەستێرەکان، تا دەهات، دوور دەکەوتنەوە و لە دەریای بێ بنی ئاسماندا نوقوم دەبوون.

حەوشەکە جمەی دەهات. ئێمە کە وامان دەزانی بەتەنیا خۆمانین، سەدان بەندی تر، بێ ورتە، لە حەوشەکەدا، ڕیز بوو بوون. هەموو سەر و ڕیش هاتوو، چڵکن و پێخاوس بوون.

سەربازە کورتەبنەکە فەرمانی پێداین:

"وریا بن...".

فەرمانێکی بێ مانا بوو، هیچی نەدەگەیاند. سەیری سەروچاوی سەربازەکەم کرد، زۆر سەیر دەهاتە پێش چاوم. لەوە دەچوو بەزۆر سەروچاوی خۆی گرژ کردبێ، دیار بوو دەیویست دیمەنێکی ترسناک بەخۆی بدات. چاوەکانی کز کردبوون، برۆکانی لێکنابوونەوە و دانەکانی دەکرۆشتن، کە پێکەوە هەمووی، سیمایەکی پێکەنیناوی بەسەر و پۆتەڵاکی دەدا. دەیویست لاسایی ئەفسەرەکانی بکاتەوە، بۆیە تا توانی، ملی بڵند کرد و خۆی گیف کردەوە، بەڵام دیمەنی زیاتر لە کلاونێک دەچوو. پڕ بەدەم هاواری کرد:

"کەس ورتە نەکات".

لە ڕاستیدا کەس ورتەی لێوە نەدەهات. سێ چوار سەربازی تر لە حەوشەکەدا بەتفەنگەوە، ڕاوەستا بوون. سەربازە کورتەبنەکە جارێکی تر



فەرمانی دا:

"ئێستا یەکە یەکە بۆ ئاودەست دەچن. کەس لە یەک دەقیقە زیاتر نابێ بمێنێتەوە...".

فەرمانێکی تەواو بێ عەقڵانە و نابەجێ بوو. مرۆڤ بەدەقیقەیەک دەتوانی چی بکا؟.

موختار بەلاچاو سەیری دەکردم و سەری بادەدا.

سەیری دەوروپشتی خۆم کرد و چاوێکی خێرام بەنێو سەربازەکاندا گێڕا، کە یەکێک لە سەربازەکان بەرەو پیرم هات و تا توانی قۆناغێکی بەلا شانمدا کێشا و وتی:

"فێر نەبی سەیری ئەملا و لای خۆت بکەیت. سەرت دانەوێنە..."

ئەوەی، لەو نیگا پەلەیەدا، سەرنجی ڕاکێشام، دەرگایەکی تەختەی سەوز بوو، کە لە دیوی خۆمانەوە دادەخرا. وا دیار بوو دەرگای پشتەوەی بەندیخانەکە بێ. لە دڵی خۆمدا وتم، دەبێ ئەو دیو چی بێ.

سەرەی چوونە ئاودەست، خێرا خێرا، دەڕۆیشت. هێشتا سەرە نەگەیشتبووە من و نە موختار، کە سەربازە کورتەبنەکە قیژاندی:

"بەس... تەواو... هەموو خێرا بۆ ژوورەکانتان".

موختار، لە ژوورەوە، زۆر بێ ئارامانە، دەستی بەسکیدا دەهێنا. ڕەنگی تا دەهات تێکدەچوو و زەرد هەڵدەگەڕا.

بەلێوە لەرزەوە وتی:

"زۆر تەنگەتاوم... چی بکەم؟؟".

کەسمان پێشنیارێکی کتوپڕ و بەجێمان پێ نەبوو. هەموو بیرمان لە چارەسەرێک دەکردەوە، بەڵام چی؟.

عەبدوڵڵا هەستایە سەرپێ و کراسەکەی داکەند و لە سووچێکی ژوورەکەدا گرتی و وتی:

"دەتوانی لەم دیو ئەم کراسەوە کاری خۆت جێبەجێ بکەیت".

عـارەقی شـەرم و شـپـرزەیی بەناوچەوانی مـوختـاردا دەچۆڕا. جـاروبار بەچمکی مراخانیەکەی دەیسڕی و لە وەڵامیدا لەبەر خۆیەوە وتی:

"با بزانم ناتوانم لە بیر خۆمی ببەمەوە...".

هەوڵدانێکی بێ ئەنجـام بـوو، تا دەهات، ڕەنگی زیاتر، تێکدەچوو. بەزەییم پیا دەهاتەوە بۆیە وتم:

"ئێمە وەک کوڕی تۆ واین. هیچ شەرم لە ئێمە مەکە. پێویست ناکات لەوە زیاتر، ئازاری خۆت بدەیت. سەرەڕای ئەوەش، ئێرە بەندیخانەیە و ئەمەش دیارە جۆرێکە لە ئازاردان...".

موختار سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندم و وتی:

"ڕاست دەکەیت. ئەمەش جۆرێکە لە ئازاردان، بەڵام من ناتوانم...".

دەنگە دەنگی سەربازەکان وتووێژی نێوانمانی پساند. دەرگاکەیان لێ کردینەوە و فەرمانیان پێ داین کە بچینە دەرێ.

لە حەوشەکەدا، چەند تەشتێک، نسکێنە دانرا بوو. بەدەوریدا هەڵترووشکاین.

موختار هەر بەپێوە بوو کە سەربازە کورتەبنەکە هاواری کرد بەسەریدا:

"بۆچی وەک ئاژەڵ وەستاویت. دانیشە لە دەوری تەشتێک...".

سەیری تەشتە نسکێنەکەی بەردەمم دەکرد. بەچی بیخۆین. نیسکێنە و بەدەستی ڕووت؟.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کەس دەستی، بۆ تەشتەکە، درێژ نەدەکرد. نەمدەزانی چاوەڕێی چی دەکەن، کە سەربازەکە فەرمانی دا:

"دەست پێ بکەن...".

دیار بوو، هەموو، چاوەڕێی ئەو فەرمانە بوون. ئێمە، چوار کەس، لە دەوری تەشتێک بووین، ئەوان هەر یەکە و پارچە سەموونێکی ڕەقی لە نێو چنگدا بوو کە شۆرباکەیان پێ دەخوارد. من هەر وا، بەواق وڕماوی، سەیرم دەکرد. لە ڕاستیدا نەمدەزانی چۆن نسکێنە بەدەستی ڕووت دەخورێ. یەکێک لە بەندەکانی تەنیشتم بەسرپە پێی وتم:



"سبەینێ تۆش لەگەڵ خۆت پارچەیەک سەموونی ڕەق بهێنە...".

ئەمەی وت و پارچە سەموونەکەی خۆی دایە دەستم. زۆرم برسی بوو، بۆیە بەپەلە، منیش بەسەموونەکە، کەوتمە هەڵقوڕاندنی شۆرباکە، بەڵام هەر پاش یەکد و لووشە، سەموونەکە لە نێو شۆرباکەدا تلیسایەوە.

لەسەرخۆ بەبەندەکەی تەنیشتم وت:

"پێم ناڵێی ئێرە کوێیە؟".

زۆر بەئەسپایی بێ ئەوەی سەیرم بکات وتی:

"هەیئە... ئێرە هەیئەیە...".

***

(١٢)

گەرما، لە ژوورەکەدا، تا دەهات، بەتینتر دەبوو. ڤڕەی هەواکێشەکەش لەسەر ئیقاعێکی ناساز، هەر بەردەوام بوو، زیاتر لە دەنگی مشار و بڕینەوەی تەختەی دەکرد. موختار لەسەر شان لێی ڕاکشا بوو. ئەوانی تریش، هەریەکە و بەجۆرێک، هەڵترووشکا بوون.

جاروبار، موختار، بەچمکی مراخانیەکەی، عارەقی ناوچەوانی دەسڕی. هەر دەمی دەبزواند، دیار بوو، لە ژێر لێوەوە، خەریکی وتووێژێکی گەرم بوو. تینی گەرما، هەوای ژوورەکەی خەستتر دەکرد. دەزوولەی تاوی خۆری هەواکێشەکە هەزاران گەردی تێوەئاڵا بوو، پاڵەپەستۆیان لەگەڵ یەکدی دەکرد و بەنێو تیشکی خۆرەکەدا دەسووڕانەوە و بەیەکتریدا دەدا و دەبریسکانەوە. هەندێکیان لە چوارچێوەی تیشکی خۆرەکە دەرباز دەبوون و سەرەونگون دەبوون.

تا دەهات ئەو گەردە وردانە زیاتر خۆی دەکرد بەژووردا. ئەو ڕووبارە تیشکە، دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر بوو، هەروەک ڕادەی پیسی هەوای ژوورەکەشی ڕادەگەیاند.

هەستامە سەرپێ و کەوتمە خوێندنەوەی نووسینی سەر دیوارەکان. ناوی

جۆراوجۆر و ڕۆژی لە سێدارەدان، دیوارەکەی تەنیبووەوە. نەمدەزانی بەندەکانی پێشوو بەچی ئەو ناو و مێژووانەیان نووسیوە. سەرنجی زەوی ژوورەکەم دا، بزمارێکی بچووک سەرنجی ڕاکێشام. داچەمیمەوە و بزمارەکەم بەپەنجەکانم بەرز کردەوە، ئەوسا لە نهێنی ئەو نووسینانە گەیشتم. هەموو بەو بزمارە هەڵکۆڵێنرا بوو.

منیش ناوی خۆم و ڕۆژی گرتنەکەم نووسی. هەر پێم خۆش بوو، چونکە دەمزانی کەسانی تریش بۆ ئەم ژوورە دەهێنرێن. دەمویست وەک کەس نازانێ لە کوێ گیراوین با بزانن لەم دۆزەخە بووین یان هەر بۆ ئەوەی ناومان ون نەبێت.

عەبدوڵلا بەوردی سەرنجی دەدام. ئەویش هەستا و ناوەکانی خوێندنەوە. بزمارەکەی لێ وەرگرتم و بەشێنەیی ناوی هەموومانی نووسی و وتی:

"بۆ یادگار. با ڕۆژێ، لە ڕۆژان، بزانن پێکەوە بووین"

دەنگە دەنگی سەربازەکان، لە حەوشەکەدا، دەهاتە بەرگوێ. دەنگێک بەهەموو هێزی هاواری کرد:

"عەبدوڵلای شۆفێر".

بزمارەکە لە دەست عەبدوڵلا کەوتە خوارەوە. هەموو هەستانە سەرپێ، هەموو باوەشمان پێدا کرد. دیار بوو، بۆ گوژمێ لێدانی دەبەن.

کە دەرگاکەیان کردەوە، هەموو داوای خۆڕاگری و سەرکەوتنمان بۆ کرد. سەربازێک، پێش ئەوەی دەرگاکەمان لێ دابخات، سەری کێشایە ژوورەوە و وتی:

"کوڕی سەگینە سەرەی ئێوەش دێ...".

جنێوێکی بەڵگە نەویست بوو، ڕادەی بێ عەقڵی، سەربازەکەی، دەنواند. بێگومان سەرەی ئێمەش دێ، هەر بۆیەش ئێمەیان بۆ نێو ئەم بەندیخانە تایبەت و نهێنییە هێناوە.

سەروەر هەویری سەموونەکانی دەردەهێنا و تۆپەڵ تۆپەڵی دەکردن. بەشێک گەورە و بەشێک بچووکتر. بەپارچەیەک گەچیش چەند هێڵێکی



یەکتربڕی کێشا و سەیری منی کرد و وتی:

"تا سەرەی ئێمەش با (دامە) بکەین...".

یاری؟ لە ڕاستیدا هیچ زەوق و حەوسەڵەشم نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەستم بەیاری دامە کرد، هەستم هیچ لای یارییەکەش نەبوو. هەر زوو دۆڕاندم.

هەر چوارمان خەریکی وتووێژ بووین، کە هاوارێک بەئاسانی، دەکەوتە بەرگوێمان.

دەنگەکە ئاشنا بوو. لەوە دەچوو هاواری عەبدوڵلا بێ، دیار بوو، لەو نزیکانە، ئازاریان دەدا.

موختار وتی:

"من زۆر دەمێکە عەبدوڵلا دەناسم. هەرچەند بەتەمەن هەرزەکارە، بەڵام زۆر بەتین و بەکارە. نەوەی خانەوادەیەکی هەژارە، هەر لە منداڵییەوە، نموونەی ئازایەتی و خۆڕاگری بووە. بەڵام مرۆڤ، گۆشت و خوێنە، لە لێداندا هەر هاوار دەکات..."

سەروەر، بەلەپی دەستی، داشی دامەکەی تێکدایەوە و وتی:

"دیارە لێرەش چینێکی ترمان لێدەدەن و داوای هەڵڕشتنی زانیاریمان لێ دەکەن. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەسەر قسەی خۆی سوور بێت و هیچ نەدرکێنێت. دوژمن زۆر گەوجە و ئاگاداری زۆر شت نییە. دیتان لە مەنزوومە پرسیاری چۆنیان دەکرد. هەموو نیشانەی نەشارەزایی و بێ ئاگایی خۆیانی دەسەلماند. بڕوا ناکەم، لێرە، لەوان زیرەکتر بن. هەر لێدانە و لێدان.

جا ڕەنگە لێرە زیاتر یا کەمتر بێت و هیچی تر...".

عومەر دەستی نابووە ژێر چەناگەی، نیگەران دەهاتە پێش چاو. سەیری کەسمانی نەدەکرد. بەدەنگێکی نزم وتی:

"لای من دەمانچەیەک گیراوە و نازانم چۆن ئینکاری بکەم...".

ڕاستی دەکرد. ئەوە نەدەکرا نکۆڵیی لێ بکرێ. ئەوە گرنگترین بەڵگەی

ئەم دەستگا نهێنییانە بوو، بۆیە وتم:

"ناتوانی ئینکاری هەبوونی دەمانچەکە بکەیت. بەڵام دەتوانی بڵێی تۆ دوژمنداری و هەروەک لەمەوبەر پێم وتیت بڵێ، لە ترسی گیانی خۆت پەیدات کردووە..."

نازانم ئەوە، چەند، بەعەقڵی ئەم دام و دەستگایانەدا دەچوو. بەڵام لەوە زیاتریش چار نەبوو. هەر چوونە ژێر ئەوەی کە، ئەو دەمانچەیە، لەلایەن پێشمەرگەکانی دەرەوە هێنراوە، بۆ ئەنجامدانی هەندێ چالاکی شۆڕشگێڕی، ئیدی ئەوە لە سێدارەدانێکی بێ گرێ و گۆڵ بوو. هەر دەبوو لەبەر خۆی و لەبەر هەموومان، هەرچۆنێک بێت، هەر ئەوەندە بڵێ، بەڵام دەکرا هەر ئەوەندە بڵێ. هەڵەی عومەر، لەوەدا بوو کە، دەستنیشانی یەکە یەکەی ئێمەی، بۆ ئەو خۆفرۆشە، کردبوو کە ئێمە، هەموومان، ئەڵقەیەکی شۆڕشگێڕیی ناو شارین و بەئەمری پێشمەرگەکانی دەرەوە، کاری شۆڕشگێڕی، ئەنجام دەدەین. هەڵە ئەوە بوو، کە بەئاسانی، چارەسەر نەدەکرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لای کەسی ترمان، هیچ بەڵگەنامەیەکی دی، نەگیرابوو دەتوانرا هەر نکوڵی بکرێ. هاوارێک، لە حەوشەکەدا، داوای موختاری دەکرد. موختار هەستایە سەرپێ، خۆی توندوتۆڵ کردەوە، تەوقەی لەگەڵ هەموومان کرد. بەو پیرییەش، سیمای، بەرەنگاری لە سەر و پۆتەڵاکی دا بەڕوونی بەدی دەکرا. مستەکۆڵەیەکی کێشا بەدەرگا ئاسنەکەدا و بەدەنگی بەرز وتی:

"بەڵێ... بەڵێ... ئامادەم...".

***

(١٣)

دەمە و عەسر، خەو تینی بۆ هێنام، بەڵام گەرمای بێ ئامانی ژوورەکە، دەیهێشت؟.

چاوم بڕییە بنمیچی ژوورەکە، دەمویست بەتێڕوانینی بەردەوامی



خاڵێکەوە، وەنەوز بۆ ناوچاوانم بهێنم. بێ سوود بوو. هەستی ورووژاو و ئاڵۆزی نێو دەروونم، مۆڵەتی خەوی نەدەدا.

لەلایەک حەزم دەکرد، ئەم ساتە، لە بیر خۆم ببەمەوە و هەستم بەرەو دەرەوەی ئەم زیندانە ببەم و لەلایەکی تریشەوە، هێزێکی نادیاری، نێو گیانم دەیویست بەئاگایی بمهێڵێتەوە.

چاوەکانم تەواو شەکەت بوو بوون، چاوم لێکنایەوە. دیمەنی حەوز و ئاوەکەی سەرچنار، دەهاتە پێش چاوم. خۆم لەسەر کورسییەکی کەنار ئاوەکە دیبیەوە. شنەبای سەرەتای پاییز، گەڵای چنار و تووە هەراشەکانی ژوور سەرمی دەلەراندەوە. تیشکی زەردباوی دەمە و ئێوارێ، سەرەتاتکێی لەگەڵ گردەکەی بەرامبەرم دەکرد و جاروبار لە نێو گەواڵە هەورێکی سپیدا خۆی حەشار دەدا و نازی دەپرژاند.

سەیرانکەران، دەستە دەستە، بەسەر گردەکەدا دابەش بوون. کە شۆخێک هەڵدەستایە سەرپێ، بریق و باقی کراسی کوردی، تێکەڵ بەبریسک و هۆڕی پشتێنی زێڕینی کەمەری دەبوو. مراوییەکانی نێو ئاوەکەش، لە برسا، نزیک کەناری ئاوەکە، دەکەوتنەوە و سەرخۆشێک لەتێک نانی ورد کراوی بۆ فڕێ دەدان و ئەوانیش دەکەوتنە پاڵەپەستۆ و شەڕە دەنووک. ئاوەکەش پەیتا پەیتا، شەپۆلی بازنەیی، دروست دەکرد کە وردە وردە گەورە دەبوو، پاشان نەدەما. تیشکی گڵۆپی سەوز و سووری بارەکەش، لە نێو ئاوەکەدا دەبریسکایەوە و دیمەنێکی لەرزیو و ڕەنگینی، لەسەر ڕووبەری ئاوەکە، تۆمار دەکرد. دەنگی گۆرانییەکی ڕۆژئاوایی دووریش، دەهاتە بەر گوێ. کزەبایەکی فێنک، لە نێو دارستانەکەوە، دەهات و تەزووی سەرمایەکی ناکاوی دەهێنا، بەگیانمدا. خۆم وەرچەرخاند و کەوتمە سەر تەنیشت. دیمەنەکان، هەموو، تێکەڵ و پێکەڵ بوون.

چاوم هەڵبڕی. دەرەوە بەرەو تاریکی دەچوو. عومەر لە سووچێکی ژوورەکەدا ئەژنۆکانی، گرتبووە باوەش و سەری بەسەردا، شۆڕ کردبووەوە. سەرووەر لەسەر شان لێی کەوتبوو، باویشکی دەدا.

ویستم، بەداشی دامەکانەوە، خۆم خەریک بکەم، برێک ئەم دیو ئەم دیوم پێ کردن، بەڵام هیچ ئارەزووم نەبوو، زیاتر بیرم بۆ چۆنیەتی گرتنی عومەر و لەمەوپاش، خۆمان دەچوو، بۆیە بەعومەرم وت:

"بەهەرحاڵ، ئێستا ئێمە گیراوین و هیچ دەسەڵاتێکیشمان، جگە لە خۆڕاگری، نییە. بەڵام دەمەوێ بزانم، تۆ چۆن ئاشکرا بوویت و چۆن وا بەئاسانی بەردەست کەوتیت...".

لە ڕاستیدا، پرسیارێکی ئاسان نەبوو، هەڵدانەوەی قەتماغەی هەڵە، بۆ هەڵەکەر، خۆش نییە، بەڵام من دەمویست بزانم بۆ وامان بەسەر هات و ئەو تاقمە شۆڕشگێڕەی کە هیوای زۆر چالاکی نێو شاری لێ دەکرا، وا بەئاسانی بکەوێتە بەردەست دوژمن.

عومەر سەری بەرز کردەوە، دیار بوو دۆخی دەروونی لەبار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بێ ئەوەی سەیری کەسمان بکات وتی:

"ئەو کوڕەی منی بەگرتن دا، دوو سێ هەفتەیە بوو، بووە برادەرم. هەر باسی کورد و کوردایەتی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی دەکرد. زۆریش نیشتمانپەروەر، دەهاتە پێش چاو، هەروەک ئامادەگی خۆشی نیشان دابوو، بۆ هەموو چالاکییەک."

کەمێک وەستا، منیش هەروا بێدەنگ بووم. سەروەریش هەڵسا و چوار مەشقی لێی دانیشت. زۆر بەوردی گوێی دەگرت، دیار بوو ئەویش، دەیویست لە نهێنی ئەو گرتنەمان بگات"

عومەر بەردەوام بوو:

"نازانم یا من زۆر ساویلکە و خۆشباوەڕ بووم یان ئەو ساختەچییەکی بێ وێنە و خاک فرۆشێکی ویژدان تەزیو بوو... هەر کامیان بێت، ئەوا من ڕازی دڵی خۆم بۆ هەڵڕشت و باسی ئەم ڕێکخستنە نهێنییەی نێو شارم بۆ کرد."

لە وەڵامیدا وتم:

"باشە ئێمەی چۆن ناسی؟ ماڵەکانی ئێمە چۆن شارەزا بوو؟"



دیار بوو عومەر لە ژێر گوشارێکی دەروونی زۆر بەهێزدا بوو. چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، عارەقی نێوچەوانی، خێرا خێرا، دەڕشت. وتی:

"بەڵێ ناوی ئێوە و ماڵەکانتان، هەر من نیشانم دا. چونکە ئەو دەیوت لە کاتی لێقەوماندا، پێویستە بۆ پەیوەندی و خۆحەشاردان."

بۆیە، وا بەئاسانی، ئەو شەوە منیان گرت. دیار بوو ڕژێم دەستنیشانی هەموو ماڵە نهێنییەکانی کردبوو. ئەو زانیارییانەی ئەو خۆفرۆشە، هێند بەهێز بوون، کە هەر شەوی یەکەم من و عەبدوڵڵایان دەستگیر کرد و موختاریش ڕۆژی دواتر، چونکە ئەو لە دەرەوەی شار دەژیا. سەیری عومەرم زۆر بەوردی کرد. سەری بادەدا. دەستە لاوازەکانی، جێ ئازاری بەئاشکرای پێوە دیار بوو. هەر عارەقی هەڵدەڕشت. تۆمەتی ئەو لە هەموومان سەختتر و حاشا هەڵنەگرتر بوو. دەمانچەکە لای ئەو گیرا بوو، هەر بۆیەش هەمیشە لە ئازارداندا، ئەو، لە هەموومان بەشی زیاتر بوو. هەموو بەحوکمی چالاکی چەکداری نێو شار، هەر ئیعدام بووین، بەڵام ئەوی عومەر لە هەموومان ڕوونتر بوو. دەکرا ئێمە، هەر چۆنێک بێت، نکوڵی لە چەک بکەین، بەڵام عومەر نەیدەتوانی.

دەمویست بزانم سەروەر چۆن گیراوە، بۆیە ڕووی دەمم تێ کرد و وتم:

"ئەی تۆش هەر ئەو شەوە گیرایت؟".

هەناسەیەکی درێژی دایەوە و وتی:

"نەخێر... من شانسم نەبوو، گەر نا ئەو ڕۆژەی عومەر گیرا، من لە خوارووی عێراق لە شاری ناسریە، بەکارێکی خۆم چوو بووم"

زۆر تامەزرۆ بووم بۆ ئەوەی بزانم کە چۆن گیراوە بۆیە وتم:

"ئەی چۆن؟ چۆن گیرایت...".

سەروەر هەستایە سەرچۆک و وتی:

"من چەند ڕۆژێک دوای، گرتنی عومەر، گەڕامەوە. لە ڕاستیدا هیچم نەدەزانی و زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ سلەیمانی دەگەڕامەوە، کە لە زاڵگەی کەرکووک سلەیمانی، لە کاتی سەیری پێناسەکانماندا، سەربازێک

هاواری لێ هەڵستا و بەخۆشییەوە وتی:

"گرتمان..."

من وام دەزانی گومان لە پێناسەکەم دەکەن، وا نەبوو، چونکە یەکسەر خستمیانە نێو پشتی پیکابێکەوە و چاویان بەستمەوە و بۆ مەنزوومەیان هێنام. ئەممم لە دواییدا بۆ دەرکەوت.

سەروەر دووکاندار بوو، کاڵای کۆنە و کەلوپەلی سەربازیی دەفرۆشت، ئەو کەلوپەلانەی کە لە سەربازگەکانەوە بۆ نێو بازاڕ دەنێردران.

هەموو بێدەنگ بووین، عومەر زۆر بێ تاقەت و تا ڕادەیەک ناساغ دەهاتە پێش چاو. ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا کە سەیرم نەکات. گرتنەکەی منی بەتایبەتی دەخستە ئەستۆی خۆی. هەستی بەئازاری ویژدان دەکرد. خۆی دەیزانی چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا من وام نیشان نەدەدا. تازە گیرابووین، گلەیی دادی کەسی نەدەدا، هەر بۆ گۆڕینی بارودۆخی نێو خۆمان بەسەروەرم وت:

"باشە ڕەنگە لە تۆ ببوورن. چونکە کەلوپەلی سەربازیت دەفرۆشت..."

نازانم بەو نوکتە ساردە چەند خۆشحاڵ بوون، بەڵام دەمویست هەر چۆنێک بێت باری دەروونی نێو خۆمان کەمێک گەشتر بکەم.

سەروەر بزەیەک گرتی، عومەر سەروچاوی هیچی تێدا نەدەبینرا.

سەروەر وتی:

"ئەوە هیچ ئەمانە دەزانن کە من ئەندامی ئەم ڕێکخستنە نهێنییەم... ئەوە لام گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە ئەوان ئەوەش دەزانن کە عومەر دەمانچەکەی چەند ڕۆژێک لە دووکانەکەی مندا حەشار داوە. بۆ ئەوە بڵێم چی؟"

دیار بوو ڕژێم و دەستگا نهێنییەکانی، بەهۆی خۆفرۆشانیەوە، زانیاری گرنگیان چنگ کەوتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەسەروەرم وت:

"عومەر دەتوانێت بڵێ؛ ئەو چەکەی بۆ دوژمنایەتی لای خۆی پاراستووە، تۆش دەتوانیت بڵێیت، ماوەیەک لای تۆ دایناوە بۆ فرۆشتن و دەیویست



لە کۆڵی ببێتەوە...".

نازانم ئەو پاساوە چەند قەناعەت ئاوەر بوو، بەڵام لەو ساتەدا لەوە باشتر نەبوو.

دەنگی سەربازێک وتووێژەکانی نێوانمانی تێک دا. سەربازێک هاواری کرد. سەروەر... سەروەر.

***

(١٤)

لە دەوری تەشتی نسکێنەکان، چاوم بۆ هەڤاڵان دەگێڕا، کەسیانم بەدی نەکرد. لەوە دەچوو گوێزرابێتنەوە، گەر نا، لە دەوری یەکێک لە تەشتەکان دەبینران. دڵم داخورپا. تۆ بڵێیی یەکسەر بەرەو بەندیخانەی مووسڵ، یان بەغدا، نەبرابن یان هەر دوێنێ شەو، لەم دەوروبەرە لە نێو نەبرابن.

بەلاچاو سەیری عومەرم کرد، ئەو لەسەر تەشتێکی نزیکم دانیشتبوو، دیار بوو لە سەرلەقاندنم دەگەیشت، ئەویش هەر بەچاو وەڵامی دەدامەوە. کە هاتینە ژوورێ یەکسەر عومەر وتی:

"بەڕای تۆ بۆ کوێ برابن؟".

چیم وەڵام بدایەتەوە. منیش، هەر وەک ئەو، وا بووم. هەردووکمان، لە یەک ژوور و لە یەک بەندیخانەدا بووین، بۆیە هەر بەسەربادان وەڵامم دایەوە.

چێشتەنگاو عومەریش بانگ کرا، کە هەستایە سەرپێ و لە خواحافیزیدا باوەشی پێدا کردم. چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون. بەدەنگێکی نزم چرپاندی بەگوێمدا:

"هەرچی بوو بێت، داوای لێبوردن دەکەم".

سەرم بۆ لەقاند و دەستەکانیم بەتوندی گوشی. بەتەنیا لە ژوورەکەدا مابوومەوە. جگە لە دەنگی وتووێژی، جاروباری، سەربازەکان هیچی تر نەدەهاتە بەرگوێ.

لەو بێدەنگییەدا، هەستم دایە ڤڕەی هەواکێشەکە. ئەوە تەنیا دەنگ بوو کە بەبەردەوامی دەهاتە بەرگوێم. لە ڕاستیدا ئیقاعێکی مێشک تەقێن بوو، بەڕادەیەک کە نەیدەهێشت ساتێک پاڵ بکەوم. دەت وت کورەی هەنگە لە سەرمدا، دەستم دەنایە سەر گوێم، سوودی نەبوو. کە ئەوان لە ژوورەوە لەگەڵمدا بوون، ئەو دەنگە یەکجار وا کاریگەر نەبوو، هەر گوێشم نەدەدایە، بەڵام ئێستا، کە تەنیا خۆمم لە ژوورەکەدا، دەڵێی دڕێل دەکەن بەسەرمدا.

لای عەسر، دەنگی تەسجیلێک، لە حەوشەکەدا دەهاتە بەرگوێ، لە سەرەتادا خۆشحاڵ بووم بەڵام سەد خۆزگە بەدەنگی هەواکێشەکە.

تەسجیلەکە، هەریەک، گۆرانی لێدەدا، ئەویش لەسەر ڕیتمی تەپڵێک، کە بەبەردەوامی لێی دەدرا و هەر دەتوت ڕیزی تەقەی تفەنگە. گۆرانییەکە لەو گۆرانییە کاولیانە بوون، کە لەگەڵیدا، دوو ئافرەتی قژ بژی ناشرین، بەکراس و پشتێنی پوولەکەدار و ماکیاجێکی تۆخەوە، سەریان بادەدا، کە لە ڕاستیدا، هیچ هونەرێکی تێدا نەدەبینرا.

لێدانەوەی هەر ئەو گۆرانییە، بڕوا ناکەم بۆ خۆشی سەربازەکان بووبێ، دەبوو ئەوەش هەر بەشێک بێت، لە ئازاردانی نەفسی. بۆ من ئیقاعی ئەو تەپڵە، وەک دار بوو بدەن بەتەوقی سەرمدا. پەنجەکانم کرد بەکونی گوێمدا، بەڵام تا چەند دەمتوانی، بەو شێوەیە بم.

بێ تاقەت و هەراسان و شەکەت بووم، خەریک بوو مێشکم بتەقێ، کە لە ناکاودا دەنگی تەسجیلەکە نەما و سەربازێک هاواری ناوی منی کرد.

هێندە، بەڕاوەستانی دەنگی ئەو تەسجیلە، خۆشحاڵ بووم، کە وام دەزانی ئازاد بووم.

دوو سەرباز، دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و پێش خۆیان دام. تا توانیم هەوام هەڵمژی. چاوم ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، بۆیە یەک دوو جار هەڵنووتام، هەر بۆیەش سەربازەکان، لە پشتەوە، یەک دوو قۆناغە تفەنگیان پیاکێشام.

بردیانمە ژوورێکی بچکۆلەوە، لە سەرەتادا هیچم نەدەدی. کە بەرچاوم



ڕوون بووەوە، کابرایەکم دی، لە پشت مێزێکی گەورەوە دانیشتبوو، هەر ئەو کابرایە بوو، کە لە یەکەمین شەودا، بەفانیلەیەکی عەلاگەوە، پێشوازی کردین و هەڕەشەی نەمانی لێ دەکردین.

گڵۆپێکی کز، لە پشت سەریەوە، دەسووتا، هیچ پەنجەرە و کەلەبەرێک لەو ژوورەدا نەبوو. دیواری ژوورەکە، بەبۆیەیەکی قاوەیی تۆخ، ڕەنگ کرا بوو، کە ئەوەندەی تر، ژوورەکەی قەبز و تەنگەبەرتر دەکرد. پانکەیەکی بنمیچ بەتوندی دەسووڕایەوە. فایلێک، بەتەنیا، لەسەر مێزەکە دانرا بوو، کە جاروبار سەیری دەکرد. سەری هەڵبڕی، زۆر بەوردی سەیری دەکردم. بەدەنگێکی بەرز وتی:

"ئەوانەی لە ئەمن و مەنزوومە وتووتن، یەک فلسی قەڵب ناهێنن. دیارە لەو دوو شوێنە، نەیانتوانیوە، هیچت لێ هەڵکرێنن..."

تۆزێک وەستا، پاڵی دایەوە، تیشکی کزی گڵۆپەکە لە سەروچاوی دەدا. جێ برینداریەکی کۆن، لەلا ڕوومەتی چەپی، دەبینرا. لە شوێنی چەقۆ دەچوو.

فایلەکەی بەردەمی، لە خۆی، دوور خستەوە و وتی:

"لێرە لە ژێر زەبری داردا، گولت دەکەین. هەر دەبێ ڕاستیمان پێ بڵێیت، دەنا ئێسک و پرووسکت بەسەگی نێو ئەم سەربازگەیە دەدەین..."

هەستایە سەرپێ، لێم نزیک کەوتەوە و بەهەموو هێزی بۆکسێکی بەلاچاومدا کێشا. بەرچاوم تاریک بوو، سەرم دای بەدیوارەکەی پشتەوەمدا.

گوێم لێ بوو بەسەربازەکانی وت:

"بیبەن هەڵیواسن...".

سەرم گێژی دەخوارد، بەرچاو خۆم بەتەواوی نەدەدی. سەربازەکان پێش خۆیان دام و لە حەوشەکەدا، لە نزیک پەنجەرەیەکەوە، ڕایانگرتم.

دەستی چەپیان بەرز کردمەوە و بەکەلەپچەیەک، بەبەرزترین شیشی پەنجەرەکەوە، بەستمیانمەوە.

شووتی شەمەندەفەرێک دەهاتە بەرگوێم، تاریکی داهاتبوو، شەوێکی

مانگەشەو بوو. تیشکی زیوینی مانگ، نیوەی حەوشەکەی ڕووناک دەکردەوە. سەربازێک تەنەکەیەکی بەتاڵی هێنا و لە نزیکمەوە دانیشت. جاروبار هەڵدەستایە سەرپێ و سەیری سەروچاوی دەکردم و زللەیەکی لێ دەدام و دەیوت:

"نەنوویت".

***

(١٥)

کە بردمیانەوە، بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، خۆم بەپێوە نەدەگرت. شانی چەپم خەریک بوو، لە بندا دەربێت. تەواوی جەستەم دەیزریکاند. کابرای پشتی مێز کە بەئوستاد (ڕەعد) بانگیان دەکرد، خەریکی فایلێکی بەردەمی بوو کە بەگەورەیی ناوی منی لەسەر بوو. بەقێزەوە سەیری دەکردم. وتی:

"ئێمە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی تەواو، گەیشتووینەتە ئەو بڕیارەی، کە تۆ بەڕاستی تاوانباریت و کابرایەکی یاخی و گێرەشێوێنیت و هەر خۆشت بەرپرسی، ئەو چوار تاوانبارەی تر و هەموو چالاکییە گێرەشێوێنەکانیت.

هەر بۆیەش، بۆ (دادگای شۆڕش)م پێشنیار کردووە، کە هەر پێنجتان لە سێدارە بدرێن کاک دارا!!".

کە ئەمەی وت، خەریک بوو بەلادا بکەوم. ئەوان چۆن ناوی نهێنی منیان زانی. بەو پێیە بێت، زۆر شت درکاوە و زۆریش دەزانن.

من لە ڕێکخستنی نهێنیدا ناوم (دارا) بوو. چەند کەسێکی کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران، ئەو نهێنییەیان دەزانی، بەڵام ڕژێم چۆن؟.

مێشکم ئاڵۆز بوو، سەرم دەیشا و زمانم بەڕادەیەک وشک بوو، کە تفم بۆ قووت نەدەدرا.

ڕەعد کە هەر مرۆڤە ڕەشتاڵەکە بوو، کە یەکەمین شەو، بەفانیلەی عەلاگەوە بەهەڕەشە و گوڕەشەوە پێشوازی کردین.

لەوە دەچوو (ڕەعد) چاوەڕێی وەڵامی من بکات، چونکە وتی:

"ها... ئێستا دەڵێیت چی؟".



بەو پێیەی ئەوان، کە بڕیاری خۆیان دابوو، لە سێدارەمان بدەن، ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو بێ ترس، مرۆڤ داکۆکی لە خۆی و گەلەکەی بکات، بۆیە وتم:

پێخۆشحاڵم، کە لە پێناو کێشەی ڕەوای گەلەکەمدا، لە سێدارە بدرێم. ئەوە مایەی بەختەوەری و شانازیمە و هەر ئەوەش لە داگیرکەری وڵاتەکەم ڕادەپەرمووم و..."

نازانم وتەکانم چەند کاریگەر یان گرنگ بوو. لەو ساتەدا، لەوە زیاترم بەبیردا نەدەهات. لە ڕاستیدا شانم، ئازارێکی لەوزە بەدەری دەدام. وابزانم لە گرێ ژەنە دەرچوو بوو.

ڕەعد، سەر و پۆتەڵاکی، ئاگری لێ دەباری. دانەکانی دەکرۆشتن و پیشی دەخواردەوە. گومانم نییە، لەو ساتەدا، حەزی دەکرد هەر خۆی لە سێدارەم بدات. بەسەربازەکەی وت:

"دوای گوژمێ لێدان... بیبەن بۆ لای سەگەکان...".

سەگ؟ لە منالییەوە بەینم لەگەڵ سەگدا نەبوو، گەر نەڵێم بەڕاستی لێی دەترسام. تۆ بڵێی، ئەم داگیرکەرانە سەگیش بۆ ئازاردان بەکار بهێنن. ئەوەی دەرهەق دڕندەیی ئەمانە دەبیسترا، مرۆڤ ناچار دەبوو، کە بەهەموو شتێک بڕوا بکات.

پەلکێشی دەرەوەیان کردم، بەڵام ئەمجارە ڕووەو ژوورەکەی خۆم نەیانبردم، بەدالانێکی تەسکدا، بۆ بەشێکی تر، بردمیان. لە ناوەڕاستی حەوشەیەکی گەورەدا، ڕایان گرتم. چوار سەرباز دەوریان دام و فەرمانیان دا کە لەسەر پشت بکەوم. هەر دەستبەجێ هەر دوو قاچمیان، بەم دیو و ئەو دیو، عەموودێکەوە کە لە نێوەڕاستی حەوشەکەدا بوو بەستەوە.

ئیتر، هەر ئەوەندەم زانی، بەسۆندە کەوتنە بنی پێم. هەر دوویان دەیانکێشا بەپێیەکمدا. من هەر زوو لە هۆش خۆم چووم. کە چاوم هەڵبڕی لە ژوورێکدا بووم، چەند بەندێک خەریکی شێلانی بنی پێم بوون.

لە ڕاستیدا لە خەو دەچوو، بۆیە چەند جارێک چاوەکانم هەڵگڵۆفت. بەڵام خەوی چی. چاوم گێڕا بەدەوری خۆمدا، ژوورەکە پڕ بوو لە بەند.

هەموو سەر و ڕیش هاتوو و بەرگ دڕاو و جەستە لاواز بوون.

بەندێک کە لە سەرەتادا وەمزانی موختارە و لەمەودوا خۆی وەکو مامە ساڵە ناساند، بەپەرداخێکی نایلۆن، تۆزێ ئاوی دایە دەستم.

لە شەوی پێشووترەوە ئاویان نەدابوومێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئاوەکە گەرم بوو، بەڵام دەروونی ئاسوودە کردم. مرۆڤ دەتوانێت چەند ڕۆژێک نان نەخوات، بەڵام ئاو... ئاو تەحەمول ناکرێت.

سەتڵێکی نایلۆن، لە ژوورەکەدا، سەرنجی ڕاکێشام، تینوێتیشم هێشتا نەشکا بوو، بۆیە بەپەرداخەکەی نێو دەستم، فڕێکی ترم لە ئاوەکە دا، کە یەکێک لە بەندەکان بەدەنگی بەرز وتی:

"کاکی برا ئەو سەتڵە ئاوە بۆ هەموومانە. تا سبەینێش ئاومان نادەنێ، بۆیە هەر یەکە و لە یەک پەرداخ زیاتر، بۆی نییە ئاو بخوا. حەز دەکەین تۆیش ئەوە بزانی...".

دەستم بەپەرداخەکەوە وشک بوو. شەرم دایگرتم، بۆیە هەر خێرا پەرداخە ئاوەکەم ڕشتەوە نێو سەتڵەکە و داوای لێبووردنم کرد. مامە ساڵە کە پیاوێکی ڕووخۆش دەهاتە پێش چاو وتی:

"ئێرە بەشی چاوەڕوانییە. ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان تەواو دەبێ، دەیانهێننە ئەم بەشە. ئەم بەشەش چوار ژوورە".

چاوم بۆ هەڤاڵەکانم گێڕا. کەسیانم نەدی. دەبوو لە ژوورەکانی تر بن یان هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بن.

ژوورەکە گەورە دەهاتە بەرچاو، لە دوو ژوور دەچوو، بەڵام دەرگەی لە نێواندا نەبوو. مامە ساڵە وتی:

"ژمارەمان لەم ژوورەدا (٥١) نەفەرە"

پاڵەپەستۆی بەندەکان، لەگەڵ یەکدی، ڕاستی قسەکانی مامە ساڵەیان دەسەلماند.

پاشان وتی:

"تۆش هەر چۆنێک بێت، جێی خۆت لە شوێنێکدا بکەرەوە..."

ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بەندەکان هەر چۆنێک بوو



بستە جێیەکیان بۆ پەیدا کردم.

لێرەش هیچ جۆرە پێخەفێک نەبوو، هەموو لەسەر چیمەنتۆ ڕووتەکە لێ دانیشتبوون. منیش تازە بەوە ڕاهاتبووم. خەیاڵم لای هاوەڵەکانم بوو، سەرەڕای ئازاری جەستەم، هەر زۆر خۆشحاڵ بووم، بەوەی کە لە ژووری تەنیایی نەمام.

***

(١٦)

ژووری چاوەڕوانیی، بۆ من، گۆڕانێکی گەورە بوو. وردە وردە بەندەکانی ترم ناسی. ئەوەی کە لە هەموویان زیاتر لە دەورم بوو، مامە ساڵە بوو. مرۆڤێکی ڕووخۆش و سادە بوو، تەمەنی سەروو چل دەبوو، دەستەکانی زبر و پەنجەکانی ئەستوور بوون، خۆیشی توکمە و بەهێز دەهاتە پێش چاو.

گەنجێکی موو لێ نەهاتوو سەرنجی ڕاکێشام. ئەم لاوە منداڵە لەسەر چی گیرابێت.

لەم وڵاتە منداڵیش زیندانی دەکرێ. مامە ساڵە سەیری دەکردم و وەک تێبینییەکانم بخوێنێتەوە، ئیشارەتی بۆ کوڕە گەنجەکە کرد و وتی:

"پێنج مانگە گیراوە".

کوڕە گەنجەکە لێمان هاتە پێشەوە وتی:

"من ناوم مەغدیدە و هەولێریم".

خەریک بوو، لە هۆی گرتنەکەی، بپرسم کە مامە ساڵە وتی:

"برادەرێکیان لە قوتابخانە، بەیانییەک زوو، بەیانێکی هەڵواسیوە و پێی زانراوە و گیراوە. لە ژێر زەبری لێداندا، ناوی ئەمانیشی درکاندووە..."

مەغدید سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند. خەریک بوو قسە بکات، کە مامە ساڵە وتی:

"منیش خەڵکی دێیەکی نزیک کەرکووکم. پیاوەکانی ڕژێم، خەبەریان

داوە، گوایە من پەیوەندیم بەپێشمەرگەوە هەیە و بەشەو دەلیلیان بۆ دەکەم. بەڵام، تا ئێستا، دانم بەهیچدا نەناوە، هەرچەندە جاشێک هەر شاهیدە لەسەرم، کە من سەر بەپێشمەرگەم..."

مەغدید سەری هێنایە پەنا گوێمەوە و بەچرپە پێی وتم:

"قومبەلەیەکیش لە ماڵەکەیدا گیراوە..."

مامە سالە ڕاچەنی، وەک پاکانە بۆ خۆی بکات وتی:

"نەخێر. ڕاستە قومبەلەیەک، لە ماڵەکەمدا، دۆزرایەوە. بەڵام ئەوە هی من نەبوو، جاشێک هەر بۆ تووشکردنم، ئەو کارەی کرد..."

بۆ دڵنەوایی مامە سالە و پشتیوانی قسەکانی وتم:

"زۆر باشت وتووە. چڵکاو خۆرەکانی ڕژێم، هەر بۆ خو بردنە پێشەوە و گیرفان پڕکردنی خۆیان، هەموو شێوازێکی نابەجێ، دەگرنە بەر. ئەوانە مان و ژیانیان، لەسەر حسابی تووشکردنی خەڵکی بێ تاوان و نیشتمانپەروەرانە...".

مامە سالە هاتە تەنیشتمەوە و زۆر بەئەسپایی وتی:

"بەڵام لە ڕاستیدا قومبەلەی خۆم بوو. بەڵام من نکوڵیم لێ کردووە و هەر دەڵێم هی من نییە".

سەیری بەندەکانی ترم کرد، هەر دوو دوو، سێ سێ، خەریکی دەمەتەقێ بوون. بەمامە سالەم وت:

"زۆر باشت وتووە و هەرواش بەردەوام بە، گەر بانگ کرایتەوە..."

بەندێک، لە نزیکمانەوە، بێ ئەوەی سەیرمان بکات، تەواو گوێ قوڵاخی قسەکانمان بوو. زۆر نیگەران دەهاتە پێش چاو، هەر دەستەکانی دەجووڵاند و سەری بادەدا.

مامە سالە وتی:

"پێیان وتووە، لە سێدارە دەدرێی. زۆر تێکچووە پێی. دەڵێ؛ یەک ساڵە ژنی هێناوە و تازە، پێش گرتنی، کوڕێکیان بووە. هەر باسی دەکات. بەشەو هەر نانوێ...".



پیاوێک کە لە هەموومان بەتەمەنتر، دەهاتە پێش چاو و لە سووچێکی ژوورەکەدا، شانی لێ دادابوو، زۆر جیاواز دەینواند، بۆیە بەئەسپایی بەمامە سالەم وت:

"ئەم پیاوە بەتەمەنە لەسەر چی گیراوە..."

مامە سالە، وەک حەز نەکات، کەسی تر گوێی لێ بێ، زۆر بەئەسپایی وتی:

"زۆر مرۆڤێکی بەکارە. لەسەر مەسەلەیەکی کۆن گیراوە..."

لەوە دەچوو، دەربارەی، لەوە زیاتر نەزانێ، چونکە وتی:

"ناوی شەریفە".

ناوی زۆربەی بەندەکانی تری بۆ درکاندم، کە بەو پەلە پەلە، بۆم لەبەر نەدەکرا.

چاوم هەر بەنێو بەندەکاندا دەگێڕا، کە لاوێکی زۆر قۆز، سەرنجی ڕاکێشام. ڕانی بەبانداج بەسترا بوو. بارودۆخی پیسی نێو بەندیخانە، هیچ کاری نەکردبووە سەر سیمای جوانی. مامە سالە وتی:

"بەبرینداری گیراوە. ناوی خالیدە و هەولێرییە..."

غەڵبە غەڵبی سەربازەکانی نێو حەوشەکە، وتووێژی نێوانمانی بڕی. هەموو بێدەنگ بووین. دیار بوو شتێک ڕووی دابوو. دەنگی کردنەوەی دەرگا ئاسنەکە، هەناسەی لە هەموومان بڕی.

کە دەرگاکە کرایەوە، بەپاڵ، بەندێکیان فڕێدایە ژوورێ. دیار بوو زۆری لێ درابوو، هەموو سەروچاوی شین و مۆر بوو. ئەوەی لە یەکەمین لەحزەدا سەری سوڕماندم جلەکانی بوو. بەرگی پێشمەرگەی لەبەردا بوو. چۆن هێشتوویانە ئەو بەرگەی لەبەردا بێ. چۆن هەر لەسەر ئەوە نەیانکوشتووە. بۆ من پرسیاری بێ وەڵام بوون، هەر بۆیەش تامەزرۆی ئەوە بووم، مۆڵەتێک بڕەخسێ و ئەو پرسیارانەی لێ بکەم.

دەمەو نیوەڕۆ، لێی چوومە پێشەوە و خۆم پێ ناساند و یەکسەر پرسیارم لێ کرد:

"چۆن و کەی گیرای؟...".

بەندە نوێیەکە، چاوی بەنێوماندا دەگێڕا. لەوە دەچوو، تازە دەستگیر کرابێ، چونکە هێشتا پاک و تەمیز دەهاتە پێش چاو. هێشتا وەڵامی نەدابووەوە کە وتم:

"پێشمەرگەیت؟"

لەسەر چۆک دانیشت. سیمای بەرەنگاری لێ دەباری. بەبادینی وتی:

"بەڵێ پێشمەرگەم و خەڵکی دهۆکم و ناوم حەمە تەهایە...".

لەوە دەچوو، لەو ساتەدا، نەیەوێ زیاتر بڵێ، بۆیە منیش بێدەنگیم لێ کرد.

بەندێک کە لای دەرگاکەوە هەڵترووشکا بوو، بەدەنگی بەرز بەعەرەبی قسەی دەکرد بۆیە، رووی دەمم کردەوە مامە سالە و لێم پرسی:

"ئەمە عەرەبە؟"

مامە سالە، زۆر بەئەسپایی وەک ئەوەی نەیەوێ، ئەو بەندە، گوێی لێ بێ وتی:

"نە ء عەرەب نییە. ناوی غازی ئاوچییە. دەڵێ شەقاوەی کەرکووکم!"

شەقاوە؟!!.

***

(١٧)

وام دەزانی، لە ژووری چاوەڕوانیدا، ئیتر کۆتایی ئازار و ئەشکەنجەی بەندەکان نامێنێ، بەڵام وا دەرنەچوو. لێرەش ڕۆژانە بەبەرنامە، ڕۆژی چەند بەندێک، بۆ ئازاردان دەبرا و هەر لە حەوشەی بەندیخانەکەدا، ئەشکەنجەیان دەدان. بەندەکانی نێو ژوورەکە خەڵکی هەموو گوند و شار و شارۆچکەکانی تێدا بوو. هەر لە هەڵەبجەیی تا خانەقین و قەڵادزەیی و هەولێری و زاخۆیی. دەت وت ڕژێم، بەمەبەست، لە هەر جێگە و کووچەیەک کەسانێکی گرتبێت، بۆ ئەوەی زەبرو زەنگی خۆی نیشانی



هاوڵاتیانی کورد بدات.

لاوێکی شڕەڵە، کە هەر ساتە و لە جێگەیەک دادەنیشت، هاتە نزیکمەوە بۆیە منیش، لەو هەلەدا، پرسیاری هۆی گرتنیم کرد. لەوە نەدەچوو لەسەر کاری سیاسی گیرا بێ، بەقسە و هەڵسوکەوتیا، زۆر لە مرۆڤێکی سادە دەچوو.

بەڵام ئەم ڕژێمە گوێ دەداتە مرۆڤی سادە و ساکار. لای ئەوان گرنگ ئەوەیە، دەتوانن چەند بترسێنن بۆ ئەوەی تەواوی گەلەکەمان ملکەچ بکەن. ئەمە ڕەوتێک بوو کە ڕژێم دوای ئازاری حەفتا و پێنج، بەبەرنامە، پەیڕەوی دەکرد.

پێیم وت:

"بۆم باس ناکەیت لەسەر چی گیراویت".

تۆزێک شڵەژا و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا پاشان بزەیەکی گەورە گرتی و بەشەرمەوە وتی:

"نازانم!!".

بەندەکان، هەمیشە، گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد. بڕێک لە شێتۆکەش دەچوو. بەڵام من هەر بەردەوام بووم. لە ڕاستیدا حەزم دەکرد، بزانم کەسانی وا سادە و هەژار بۆ دەگیرێن بۆیە وتم:

"چۆن نازانی؟"

سەری بادا، کەوتە پێکەنین و وتی:

"ناوم (خدر)ە و خەڵکی پشدەرم. دێی (گیرە). نازانم بۆچی گیراوم. ئەوەندەی دەزانم، چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، چوار هالیکۆپتەر لە دێکەماندا نیشتنەوە و هەرچی پیاو و هەرزەکار بوو گرتیان. منیش وا لێرەم..."

دڕندەیەتی ڕژێم و کاربەدەستانی، گەیشتبووە ڕادەیەک، کە پاساوی بۆ گرتنی کەس نەدەهێنایەوە.

خدر کەمێک ڕاوەستا، هەر تێی دەڕوانیم پاشان وتی:

"بەتەمای ژنهێنان بووم. ئاگام لە هیچ نییە. زۆر بیری دەستگیرانەکەم دەکەم...".

دەستگیران؟! خەریک بوو پرسیار بکەم کە خۆی وتی:

"نیازم وا بوو داوای بکەم یان بیرفێنم یان ڕەدووم بکەویت"

بەندەکانی دەوروبەرم، هەموو، گوێ قولاخ بوون. لەزەتیان لە قسەکانی خدر وەردەگرت.

خدر وتی:

"وەی (هەمین) گیان چەندت بیر دەکەم"

شەریف، کە تا ئەو کاتە، لە سووچی ژوورەکەدا نەبزوابوو، ئەویش کەمێک هاتە پێشەوە. دیار بوو ئەو زۆری لەو قسانە بیستبێت چونکە وتی:

«باسی جێ ژووانەکەت نەکرد».

خدر دەتریقایەوە. کەیفخۆش و خۆشحاڵ دەهاتە پێش چاو. سەری بەنێوماندا دەگێڕا. دەیویست زۆرترین بەند گوێی لە قسەکانی بێت. وتی:

«ڕۆژێک (هەمین) گیان پەیمانی پێ دام، کە بۆ نێو باخەکانی خوار دێ، دێت بۆ لام. منیش هەر لە بەیانییەوە، لە نێو باخەکاندا، خۆم حەشاردا. هات. وا بزانم نەیدۆزیبوومەوە، چونکە من تەواو خۆم حەشاردا بوو. ئەو ڕۆژە هەر مردم لە برسان. بەڵام پاش دەمەو عەسر، بەمنداڵێکدا، جامێ دۆی سارد و دوو نانی بۆ ناردم...».

بەندەکان، هەموو، کەوتنە هاڕەی پێکەنین، ئەگەرچی لەو بڕوایەشدام کە چەندین جاری تر، ئەو سەرگوزشتەیەیان بیستبێ، بەڵام دیار بوو کەیفیان بەجۆری گێڕانەوەکەی دەهات.

خدر سەیری سەروچاوی منی دەکرد. لەوە دەچوو بەپێکەنینی بەندەکان ئەمیش خۆشحاڵ بێت. وتی:

"هیچم نەکردووە. بەرم نادەن"؟.

هیچ وەڵامێکی ئەوتۆم پێ نەبوو. ئەمانە خۆیان بڕیاری گرتن و بەردانیان



دەدا. بەندێک، کە بەشێوەی ئاخاوتنیدا، لەوە دەچوو خەڵکی ئەو ناوچەیەی ئەوان بێت بەئەسپایی پێی وتم:

«منیش هەر خەڵکی دێی (گیرە)م. لە دێکەمانەوە تەقە لە ڕەبیەکی نزیک کرا و ئیتر ئێمەیان گرت...».

لە هۆی گرتنەکەیان حاڵی بووم. بەڵام بۆ دەبێ، لەسەر ئەوە، هەموو خەڵکی دێیەکە بگیرێت. کەسێکی وا سادە و ساویلکە، هیچ کەسێ توخنی ناکەوێ. بەڵام هێزی داگیرکەر، ئەوەی دەزانی، یان گوێی دەدایە هیچ مەسەلەیەکی ویژدانی. لە ناخەوە دڵم بەخدر دەسووتا.

ئێمە، هەر نەبێ، لەسەر مەسەلەیەک، کە خۆمان بڕیارمان داوە، گیراوین بەڵام خدر بۆ؟.

سەرم بۆ خدر دەلەقاند. لە ڕاستیدا نەمدەزانی چی بلێم.

بەندەکان هەموو چوونەوە شوێنی خۆیان. چاوم بەنێو بەندەکاندا دەگێڕا.

غازی ئاوچی، مەغدیدی هێنا بووە نزیک خۆی و ماسوولکەکانی قۆڵی خۆی نیشان دەدا. دەیویست بیسەلمێنێ، کە وەرزشوانێکی، بەتوانا بووە.

لە ڕاستیشدا ماسوولکەکانی قۆڵی، ئاماژەی بەڕاهێنانێکی دوور و درێژ دەکرد. شەریف لە دوورەوە سەیری دەکردم. بەچاویدا تامەزرۆی وتووێژێک بوو. منیش حەزم دەکرد، بەڵام لەو قەرەباڵغییەدا؟

مامە سالە زۆر باسی شەریفی بۆ کردبووم. دەیوت؛ خەڵکی کەرکووکە و زۆر شارەزای ئەم زیندانەشە. وەک دەیگوت؛ زانیاری تەواوی لەسەر ئەم شوێنە هەبێت.

کێلۆنی سەر دەرگا ئاسنەکە، سەرنجی ڕاکێشام. کلیلێک لەو دیوەوە تێی دەچەرخا. دیار بوو سەربازەکان دەیانویست بیکەنەوە.

کاتی نانی ئێوارە و مەستاری ئێواران بوو. هەموو بێدەنگ بووینەوە. کلیلەکە، چەند جارێک وەرچەرخا، بەڵام دەرگاکە نەدەکرایەوە. گوێم لە سەربازێک بوو، لەودیو دەرگاکەوە، جنێوی دەدا.

کە دەرگاکەیان، بەو ئەزیەتە، کردەوە. سێ سەرباز، لە پشت دەرگاکەوە

بوون. یەکێکیان بەهەموو دەنگی هاواری کرد.

"کوڕی سەگانە بۆ دەرێ".

***

(١٨)

ناسینی، یەکە یەکەی، بەندەکان بۆ من، ببووە کارێکی ڕۆژانە. لەگەڵ ئەوەی کە کاتم پێ بەسەر دەبرد، لە ژیان و پێشینەی زۆربەشیان دەگەیشتم. سەرگوزەشتەی چونیەتی گرتنی بەندەکان، مێژووی خەباتی گەلێکی دەنواند. بەندێک کە خۆی وەک هاوڕێ مارف پێ ناساندم. زۆر بزۆز و ڕووخۆش و قسە خۆش دەهاتە پێش چاو، لەسەر چۆنیەتی گرتنەکەی وتی:

"لە ڕاستیدا من قاچاغچی (چا) بووم. (چا)م لە سلەیمانییەوە بۆ ئێران دەبرد. فرم بەسەر سیاسەت و پێشمەرگایەتیشەوە نەبوو. ڕۆژێکیان لە دێیەکی پشتی (چنگیان)، تووشی پۆلێک پێشمەرگە بووم، ئەوان ڕووەو قەراغ شار دەهاتن و ئێمەش بەرەو ئێران. ئەوان دەیانویست هەواڵی ڕێگەی شار بزانن و ئێمەش ڕێگەی ئێران. بەرپرسەکەیان، کە زانی ئێمە قاچاغچین، داوای ڕەختێکی تفەنگی بۆ جاری داهاتوو لێ کردم. بۆم هێنا.

بەوەش دۆستایەتی کەوتە نێوانمان. هەمیشە لە کاروانەکانمدا سەردانم دەکردن و چییان بویستایە، لە شاری سلەیمانییەوە، بۆم دەهێنان. وردە وردەش لە خەبات و تێکۆشانیان دەگەیشتم تا ڕۆژێک بەرپرسەکەیان داوای چەند مەخزەنێکی کلاشینکۆفی لێ کردم، منیش بۆم هێنا، بەڵام نەگەیشتم بەوان و لە باتی کەوتمە کەمینێکی پۆلیسی گومرگەوە..."

کەمێک ڕاوەستا، دەیویست دیمەنەکانی ئەو ساتە بهێنێتەوە یادی.

مامە سالە و خالید و شەریف زۆر بەجدی گوێیان دەگرت. مارف بەردەوام بوو:

"کە بارەکانیان پشکنی، مەخزەنەکانیان دۆزییەوە. ئیتر نازانی چییان



لێ کردم. نازانم چۆن نەمردم. بە دە پۆلیس لێیان دەدام. (چا) و بارەکانیان لە بیر چۆوە و بەپەلە سواری پیکابێکیان کردم و تەسلیمی ئیستخباراتی سلەیمانییان کردم..."

زۆرم دەربارەی وڕەبەرزی و خۆڕاگری مارف، لە بەندەکانی تر بیستبوو.

ئەو ئازاردانەی ئەو لە سلەیمانی و ئەو بێدەنگییەی ئەو، دەماودەم دەگێڕدرایەوە.

جێ ئازاردانی جەستەی، ببووە شایەتی خۆڕاگری. لێرەش لە (هەیئە) زۆر ئازار درابوو. ئەوان ئەو مەخزەنانەیان، بەبەڵگەی حاشا هەڵنەگر، لە قەڵەم دەدا و ئەمیشیان بەپێشمەرگە لە قەڵەم دەدا. مەسەلەی (چا) و قاچاغچێتی، بەپەردەپۆش لە قەڵەم دەدا.

مامە سالە کە خۆشی قومبەلەیەک لە ماڵەکەیدا گیرا بوو، زۆر بەبایەخەوە لە (مارف)ی دەڕوانی. مامە سالە وتی:

"ئەی لەوێ، لە ئیستخبارات چییان لێ کردی".

مارف، کە لەوە دەچوو، ئەو سەرگوزشتەیەی چەند جارێکی تر بۆ گێڕابنەوە بەپێکەنینەوە وتی:

«پێشوازییەکی زۆر مرۆڤ دۆستانەیان کردم!».

خالید کە ئەویش بەبریندار گیرابوو، وەک بڕوا نەکات وتی:

«توخوا؟».

مارف دایە هاڕەی پێکەنین، دیار بوو، بەو گاڵتەیەی کەیفخۆش بوو.

مارف سەروچاوی دۆخێکی جدی تری بەخۆوە گرت و وتی:

«کوڕە هەر کوشتیانم. نازانم چۆن نەمردم. بەکێبڵ هەموو پشتیان شەقار شەقار کردم. یەک هەفتە بەبەردەوامی لێیان دەدام و منیش هەر نکوڵیم دەکرد...».

شەریف کە خۆی پیاوێکی خاوەن ئەزموون بوو وتی:

«لە چی؟».

مارف چاوی بەناوماندا دەگێڕا. سەرەڕای لێدان و ئەشکەنجەی، زۆر بەهێز دەهاتە بەرچاو وتی:

«لە مەخزەنەکان. ئەوان دەیانوت؛ بۆ پێشمەرگەت بردووە و تۆ سەر بەوانی. منیش هەمیشە دەمـوت؛ من قاچاغـچیم و بۆ فرۆشتنم بردووە. قاچاغچیش هەموو شتێک دەفرۆشی..."

لە ڕاستیدا وەڵامێکی زۆر بەهێزی دابووەوە. ڕاستە ئەوان بەو قسەیە بڕوایان نەدەکرد، بەڵام سووربوونی مارف، لەسەر قسەکانی، ئەوانی ناچار کردبوو کە واز لە لێدانی بهێنن و بیدەن بەدادگا هەڕەمەکییەکەیان.

غازی ئاوچی بەوردی تێی دەڕوانین و دیار بوو ئەویش حەزی لە قسەکان بوو. مارف سەیرێکی بەمانای کردم و چرپاندی بەگوێمدا:

«ئاگات لێ بێ ئەمە پیاوی خۆیانە»

من هەر لە ڕۆژی هاتنمەوە، دەمزانی کە غازی لە لایەن سەربازەکان و ئیدارەی زیندانەوە، ڕەفتاری تایبەتی لەگەڵ دەکرێ. زیاتر وەک چاودێرێک حـسـابی بۆ دەکـرا. جـاروبار دەبرایە دەرەوە و هەندێ جـار ئاو یان جگەرەشیان دەدایە. بەڵام لەو ماوەیەدا، من هیچ هەستم بەوە نەکرد کە مرۆڤێکی خراپ بێت، ئەگەرچی هەمیشە دەیوت، کە کوردیش نیم. غازی لە لای دەرگاکەوە ڕادەکشا. منیش دەمویست لە لای ئەوەوە، جێیەک بۆ خۆم پەیدا بکەم. مەبەست لەوەدا ئەوە بوو، کە لەوێوە، باشتر مرۆڤ ئاگاداری دەرەوە دەبوو، هەروەک دەیتوانی لە دەلاقەی بنی دەرگاکەوە، بڕوانێتە دەرێ و ئاگای لە جموجوڵی سەربازەکان بێت، هاوکات کەمێک هەوای پاکیش، لە ژێر دەرگاکەوە هەڵمژێ.

مارف ئیتر ببووە هاودەمی ڕۆژانەم، هەمیشە لە نزیکمەوە دادەنیشت. من بیرێک لە مێشکمدا گەڵاڵە بوو بوو. ژمارەی ئەوانەی کە بڕیاری لە سێدارەدانیان پێ ڕاگەیاندرا بوو، دەمژمارد، بۆ ئەوەش پرسیارم لە مارف دەکرد. ئەو لە پێش مندا لە ژوورەکەدا بوو. بەڕووخۆشی و ڕۆح سووکی، دۆستی هەموو بەندەکان بوو.

سەرم خستە پەنا گوێی مارفەوە و بەئەسپایی وتم:

«گەر بڕیارێ بدەم تا کوێی لەگەڵما دێیت...»

مارف سەیری کردم. بێ ئەوەی بزانی بڕیاری چی دەڵێم، دەستی خستە



ناو دەستمەوە و وتی:

«پێی تۆ لە کوێ بێ، سەری من لەوێ دەبێ».

***

(١٩)

ترس و ئایندەی نادیار، لە زینداندا، زۆر کەس دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئیدی دەبێ، بەئەرکە ئایینییەکان هەڵبستێ. زۆر لەوانەی کە لە ژیانیاندا نوێژ و ڕۆژوویان نەگرتووە، لە زینداندا دەست پێ دەکەن. بەهەرحاڵ ئاسوودەگییەکی دەروونی، بۆ خۆیان پەیدا دەکەن.

مەولوود کە پیاوێکی تەمەن چل ساڵە بوو، لەگەڵ هەندێک لە خەڵکی گوندەکەیدا، لە ناوچەی (مەرگە) گیرا بوو. جاروبار نوێژی دەکرد، ئەگەرچی نوێژ کردن، لەو شوێنە تەسکەدا، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، بەڵام ئەو هەر دەیکرد.

بەندێکی تر، کە ناوی (ڕەسول) بوو، بە(ڕەسوو) بانگیان دەکرد و خەڵکی دێی (دەشتێو) بوو، شەوێک بۆی گێڕاینەوە و وتی:

«ئێمە، کە گیراین، جوتیارێکمان لەگەڵ بوو بەناوی قادر، زۆر لە خوا ترس و نوێژکەر بوو. لەناو دێدا بە(دەروێش قادر) ناسرا بوو، ئەو ڕۆژەی کە گرتیانین، ئەو حاڵی لێ هات، بەڕادەیەک کە پەلاماری تفەنگی سەربازەکانی دەدا. نازانم چۆن نەیانکوشت. کە بردیانین بۆ سەربازگەی قەڵادزێ هەرچەندمان دەکرد، دەروێش لە حاڵی خۆی نەدەکەوت، هەرچەند ئێمە دەترساین، کە بەهۆی ئەوەوە، هەر لە نێو سەربازگەکەدا. هەموومان ڕەمی بکەن، بەڵام ئەو بەڕاستی حاڵ گرتبووی.»

هەموو، زۆر بەتاسووقەوە، گوێمان گرتبوو. مەولوود کە ئەویش لەو نزیکانەوە بوو، زیاتر هاتە پێشەوە و زۆر بەوردی گوێی دەگرت. ڕەسوو بەردەوام بوو:

«کار گەیشتە ئەوەی، کە سەرکردەی سەربازگەکە، ئاگادار بکرێ، بۆیە

بانگی کردبوو بۆ لای خۆی و پاش ئەوەی کە هێوری کردبووەوە، لێی پرسیبوو، گەر ئەو دەروێشی ڕاستەقینەیە، ئایا دەتوانێ پشکۆیەک ئاگر بەدەستەکانی هەڵگرێ...»

هەموو هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو، من زۆر بەوردی سەیری (مەولوود)م دەکرد، ئەو لە هەموومان زیاتر، تامەزرۆیی بەسەر و سیمایەوە دیار بوو. ڕەسوو بەردەوام بوو:

«دەڵێن نەک پشکۆیەکی بەدەست هەڵگرتبوو. بەڵکو خواردبووشی، هەر بۆیەش یەکسەر بەریان دا...».

مەولوود یەکسەر وتی:

«ماشەڵڵا لە گەورەیی خوا».

مامە سالە وەک پشتیوانییەک وتی:

«موعجیزەیە...».

شەریف کە بەدەگمەن لە جێگەی خۆی دەبزوا، سەرگوزەشتەکە بەلایەوە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، هەر لە دوورەوە وتی:

«ئەی دوایی؟؟».

ڕەسوو وەکو تەنیا چاوەڕێی ئەو پرسیارە بێ وتی:

«پاشان دەینێرنەوە بۆ ناو دێ، بەڵام داخەکەم، هەرکە دەگاتە نزیک دێ، لە ڕەبیەکانی دێوە، تەقەی لێ دەکەن، وا دەزانن هەڵاتووە و شەهیدی دەکەن...»

مامە سالە سەروپۆتەڵاکی خەمباریی لێ دەتکا وتی:

«جێی بەهەشتە».

هەریەکەمان چووینەوە شوێنی خۆمان. گەنجێک کە ناوی (هاوڕێ) بوو بەتۆمەتی کۆمونیستی چەپڕەو گیرابوو، سەیری مەولوودی کرد وتی:

«لە ئوسترالیاش، پیاوێک قەمەرەیەکی خواردووە. من خۆم لە ڕۆژنامەدا خوێندوومەتەوە. دەڵێن وتوویەتی تایەکانی لە دواییدا خواردووە...»

مەولوود بەتووڕە بوونێکەوە سەیری هاوڕێی کرد و سەری بادا و وەک نارەزایی نیشاندانێک وتی:



«منیش دەروێشم».

شەو، دوای مەستاری ئێوارێ، هەموو لە ژوورەکەدا، بێدەنگ دانیشتبووین کە گوێمان بەئاسانی لە دەنگی مەولوود بوو. کە هەستا بووە سەرپێ و نوێژی دەکرد.

نوێژ کردنەکەی سەرنجڕاکێش بوو، چونکە زۆر بەدەنگی بەرز، ئایەتەکانی دەخوێند، بەجۆرێک کە سەرنجی هەموومانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا. من هەر بەلاچاو تێم دەڕوانی، لاشم سەیر بوو کە بەو جۆرە نوێژ بخوێندرێ.

مەولوود بەیەک نوێژەوە ڕانەوەستا، بەڵکو هەر بەردەوام بوو. لەوە دەچوو نوێژە لەکیس چووەکانی، بەقەزا بگێڕێتەوە. یەک لە دوای یەک نوێژی دەکرد، بەڵام کەس خۆی نەدەکرد بەساحێبی و مۆڵەتی درا بوو.

ئەوەی کە هەموومانی بەئاگا هێنایەوە. لە دوا نوێژیدا، دەستی کرد بەزیکر و وردە وردە حاڵی لە خۆی هێنا، بەجۆرێک سەری بەملا و لای خۆیدا بادەدا، کە لە دەروێشێکی کردەش نەدەوەشایەوە. ئەو هەر بەوجۆرە بەردەوام بوو، تا دەهاتیش دەنگی لێ هەڵدەبڕی، بەجۆرێک، کە بەئاسانی لە دەرەوە دەبیسترا. هەموو ترسی ئەوەمان لێ نیشتبوو کە ئەو دەنگە بەرزەی، لە لایەن سەربازەکانەوە، بەو شەوە، لێی قبوڵ نەکرێ، ئەوەش ببێتە مایەی ئازاردانی هەموومان، چونکە هەر سەرپێچییەک لە ژوورەوە بکرایە، ئەوا سزای بەکۆمەڵ دەدراین.

ڕەفتار و نمایشی مەولوود، لە دەروێشێکی ڕاستەقینەی دەکرد. بەڵام بۆ ئەم شەو، بەو شێوەیە حاڵی لێ هات. قسەکانی هاوڕێ بوون، یان هەر خۆی دۆخێکی تایبەتی بۆ هاتبوو، هاوڕێ سەیری هەموومانی کرد و بەدەنگێکی بەرز وتی:

«بەشەرەفم دەروێش مەولوود حاڵ گرتی»

بیستنی ئەم ڕستەیە، ئەوەندەی تر، تین و گوڕی بەسەربادانی دەروێش مەولوودا دەهێنا. غازی ئاوچی هەر سەری بادەدا و پاشان بەعەرەبی وتی:

«برایان ئەوە هێور بکەنەوە... بەخوا ئێستا هەموومان، بەمنیشەوە، بیراز دەکەن...»

چەند بەندێک، کە نزیک دەروێش مەولوود بوون. هەوڵی هێور کردنەوەیان دا، بەڵام بێ سوود بوو، ئەو زیاتر زیکری دەکرد و سەری بەتوندی بەدیوارەکەدا دەکێشا.

گوێمان لە سەربازەکانی دەرەوە بوو، کە بەحەوشەکەدا، پیاسەیان دەکرد و جاروبار نزیک دەرگا دەکەوتنەوە. غازی ئاوچی، لە بنی دەرگاکەوە، سەیری دەرەوەی دەکرد و بەئەسپایی وتی:

«لەودیو دەرگاکەوەن. کوڕە بێدەنگی بکەن».

هیچ. دەروێش مەولوود بەکەس دابین نەدەکرا، کە لە ناکاودا دەرگا کرایەوە.

پێنج سەرباز، بەتفەنگەوە، خۆیان کرد بەژووردا و بەقۆناغە تفەنگ تێمان کەوتن، هەر فریای ئەوە کەوتین، کە بەدەست، سەرمان بپارێزین. دەروێش مەولوودیان بۆ حەوشەکە ڕاکێشا. بەپەلە ڕام کردە نزیک دەرگاکەوە و لە بنی دەرگاکەوە سەیری حەوشەکەم کرد. دەروێش مەلودیان پاڵ خستبوو، هەر پێنج سەربازەکە، بەسۆندە، لێیان دەدا. هەندێ جار، بەلەقە، دەیاندا بەسەریدا. لە گفت و پەلوپۆ کەوتبوو. زۆریان لێ دا. بێدەنگییەکەی لە مردوو دەچوو. کە فڕێیان دایەوە ژوورێ، هەموو دەورمان دا. بەحاڵ چاوی بۆ بەرز دەکرایەوە. پەرداخێک ئاومان کرد بەدەمیەوە. زۆر کەساس دەهاتە بەرچاو، هەموو سەروچاوی خوێن بوو. سەر برۆکانی قرنجابوون. بەندەکان کەوتنە شێلانی بنی پێی. ئەوە نەریتێک بوو کە لێرە پەیڕەوی دەکرا. شێلانی بنی پێ نەیدەهێشت، بنی پێ، هەو بکات. دەروێش مەولوود کەمێک هاتبووە سەرخۆی و بە لکی کراسەکەی، خوێنی سەروچاوی، دەسڕی کە هاوڕێ سەری لێ نزیک کردەوە وتی:

«دەروێش...».

دەروێش مەولوود نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. سەیری ئەملا و لای خۆی کرد و بەترسەوە و بەدەنگی بەرز وتی:

«بابە کەی من وتوومە دەروێشم...».

ئەم خوانەناسانە، موسڵمانیشیان لە دین دەردەکرد.

***



(٢٠)

دوای نیوەڕۆ بوو، خواردنی چەور و گەرمای دەرەوە و داغبوونی چیمەنتۆی حەوشەکە کە بەپێی پەتی لەسەری، بەدەوری تەشتەکاندا، هەڵدەتروشکاین، برشتی لە هەموومان بریبوو، هەریەکە و بەشێوەیەک لە جێی خۆی ڕاکشا بوو، کشوماتییەکی سەرسوڕهێنەر لە دەرەوەی ژوورەکە هەست پێ دەکرا. لەوە دەچوو، سەربازەکانیش، لەتاو گەرما، هەموو پەنایان بۆ بەر ژوورەکان بردبێت.

من جێگەی خۆم لای (غازی ئاوچی)یەوە پەیدا کرد بوو. ئەو جێگەیە بۆ من زۆر گرنگ بوو، لە لایەک، دەمتوانی، بەئاسانی لە ژێر دەرگاکەوە، نێو حەوشەکە ببینم و لە لایەکی تریشەوە، بۆ من ببووە سەرچاوەی هەوای پاک.

لە نێوەڕاستی هەردوو ژوورەکەدا پانکەیەکی بنمیچ هەبوو، کە هەوای بەهەردوو لا دەدا. من لەسەر گازەرای پشت لێی کەوتبووم و سەیری جووڵانی پانکەکەم دەکرد، کە لە ناکاودا ڕاوەستا.

لە سەرەتادا کەس بایەخی پێ نەدا، بەڵام هەر پاش چەند دەقیقەیەک، ژوورەکەمان بووە مەنجەنیق. هەموو بەدەست کەوتینە باوەشینی خۆمان. گەرمای بێ ئامانی ئاب، لە کەرکوکدا، ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرا. من هەر بەزوویی هەموو گیانم نیشتە سەر ئاو. بەندەکان، هەموومان، بەچاو سەیری یەکتریمان دەکرد. بێدەنگی نێو حەوشەکە نیگەرانی کردبووین. لە ژێر دەرگاکەوە سەیری ئەو دیوم کرد. حەوشەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. هیچ سەربازێک نەدەبینرا. ئەمە پلانێکی جەهەننەمی نەبێت بۆ لەناوبردنمان بەکۆمەڵ! ؟ ئەمە کارەبا بڕانێکی ئاسایی یان سەرەتای پیلانێک بێت. من زۆر دەجووڵام و خۆم باوەشێن دەکرد و سەرم دەنایە بن دەرگاکە و هەڵدەسامەوە.

ئەم جموجووڵەم سەرنجی شەریفی ڕاکێشا. ئەگەرچی ئەویش بەدەستی

باوەشـینی خـۆی دەکـرد، بەڵام وەک ئێـمـە نیـگەران نەدەهاتە پێش چاو. بەدەنگی بەرز پێی وتم:

«زۆر جاری تریش کارەبا بڕاوە. ماوەیەکی تر دێتەوە».

هیچ وەڵامێکم، بۆ ئەو سەرنجە، پێ نەبوو. کارەبا دێتەوە؟ بەڵام کەی؟ یان مرۆڤ لەم ژوورە گەرمەدا، تا چەند تەحەمول دەکا.

ماوەیەک هەر وا چاوەڕوان بووین، بەڵام کارەبا نەهاتەوە، بۆیە بەندەکان لە نێو خۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ. بەدەنگی بەرز ناڕەزاییان نیشان دەدا. بەندێکی قەڵەو کە خەڵکی شەقڵاوە بوو، تەمەنی سەروو پەنجاش دەبوو، لە هەموومان زیاتر، ناڕەحەتتر بوو، بەهەر چوار لای خۆیدا سەری بادەدا و بەهەر دوو دەستی باوەشینی خۆی دەکرد، سەروچاوی تەواو سوور هەڵگەڕا بوو، لە پەسا عارەقی هەڵدەڕشت.

حەمە تەها هاتە نزیکمەوە و پێی وتم:

«با شتێک بکەین. نابێ وا دەستەوستان دابنیشین...».

بەڵام چی دەکرا. شەریف هەڵیدایە وتی:

«با یەکێک لە دەرگاکە بدا و ئاگاداری سەربازەکان بکات...».

کێ دەیوێرا بەو کارە هەڵبستێ. هەرچی لە دەرگای دەدا، بێ سێ و دوو دارکاری دەکرا. بەڵام دەبوو شتێک بکرێ گەر نا مەرگێکی مسۆگەر بوو، بۆ هەموومان. مارف لە جێی خۆی هەستا و بەتوندی لە دەرگاکەی دا. هیچ وەڵامێک نەبوو. هەر کەس لەودیو دەرگاکەوە نەبوو. دەت وت هەموویان سەربازگەکەیان بەجێ هێشتووە.

بەندەکان کەوتنە فڕێدانی جلەکانیان. هەموو تەنیا بەدووتوێی دەرپێوە دانیشتبوون. گوشینی فانیلە و کراس، هەر زوو، زەوی ژوورەکەی تەڕکرد. بوخار و بۆقی ژوورەکە بەهیچ شێوەیەک تەحەمول نەدەکرا. خەریک بوو لە هۆش خۆمان بچین، کە خالید وتی:

«با بەهەمووومان هاوار بکەین. بەڵکو بێن دەرگاکەمان لێ بکەنەوە...».

پێشنیارێکی بەجێ بوو. هەموو کەوتینە هاتوهاوار. بەهەموو هێزی



خۆمان دەمانقیژاند کە دەرگاکەمان لێ بکەنەوە. بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو.

ئەوەش، ئەوەندەی تر، هەمووومانی گەیاندە ئەو ڕاستییە، کە ئەوە لە کۆمەڵ کوژییەکی نهێنی، زیاتر هیچی تر نییە. هەموو بەمستەکۆڵە و لەقە لە دەرگاکەمان دەدا. بێ سوود بوو. چەند بەندێک بوورانەوە. خدر هەر زوو لە هۆش خۆی چوو. تەواو مەترسیمان لێ نیشتبوو. مێژووی ئەمانەش شایەتی کاری لەو بابەتە بوون. هەر ئەمانە نەبوون کە بەندییان لە فارغۆنی قیتاردا قەتیس دابوو، بەهیوای ئەوەی، تا دەگەیەندرێنە بەندیخانە، هیچی بەساغی دەرنەچن.

هەناسەم زۆر بەئەزیەت بۆ دەدرا. دڵەکوتێیەکی بەهێزم تووش بوو بوو. غازیی تەنیشتم، ئەویش، حاڵی شڕ بوو. هەر قسەی بۆ نەدەکرا.

عارەق بلوسکی لەسەر زەوی ژوورەکە بەست. دیمەنی ڕووتی بەندەکان، فڕنی گازی نازییەکانی دەخستەوە یادم. ئێمەش وەک جوولەکەکان بەبێ دەنگی هەر دەمردین. جارێکی تر سەرم نایەوە ژێر دەرگاکە. لە ڕاستیدا هەمووی دەیویست سەری بنێتە ژێر دەرگاکە بۆ هەڵمژینی هەوای دەرەوە. کەسم لە نێو حەوشەکەدا بەدی نەکرد، بۆیە بەبەندەکانم وت:

«چار هەر هاوارە».

کەوتینەوە هاوار هاوار. دەنگمان جەرگی ئاسمانی شەقار دەکرد و هەندێک لە بەندەکان پێڵووی چاویان نیشتبوو، چاوەڕێی مەرگیان دەکرد.

مارف هاتە لامەوە، سوور و شین هەڵگەڕا بوو وتی:

«بزانین دەرگاکە ناشکێنین...».

دەرگای ئاسن بەکێ دەشکێنرا. چار هەر لێدانی دەرگاکە بوو. هاوار و مستەکۆڵە و لەقەی بەردەوامان، بۆ دەرگا ئاسنەکە، هیچ وەڵامی نەبوو.

ورده ورده وزەمان پێ نەدەما. لە هاوار کەوتبووین، هەموو ئامادەی مردن بووین. بەرچاوم کەم کەم تاریک دەبوو. دڵم درەنگ درەنگ لێی دەدا. جارێکی تر سەرم نایە ژێر دەرگاکە. لە حەوشەکەدا هەر پێنج

سەربازەکەم دی، پێکەوە، پێدەکەنین. چاوم لێ بوو (رەعد)یش. کە بەرپرسی بەندیخانەکە بوو، ئەویش هات. فەرمانی پێدان کە دەرگاکەمان لێ بکەنەوە.

کە دەرگا کرایەوە، هەموومانیان پەلکێشی حەوشەکە کرد. هەوای دەرەوە ئەگەرچی ئەویش گەرم بوو بەڵام وزەی ژیانی پێ داینەوە.

گوێم لێ بوو کە مامە سالە هاواری کرد وتی:

«خدر مرد...».

ئەگەرچی خۆشم هێزم لەبەر برابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، تینم دایە خۆم و چوومە ژوور سەر خدر، مەچەکیم بەرز کردەوە. ساردوسڕ بوو. دەستم نایە سەر دڵی. ترپەی نەدەهات. لەوە دەچوو لەمێژ بێ، بێدەنگ مردبێت.

هاتمەوە جێگاکەی خۆم،

رەعد قیژاندی بەسەرماندا و وتی:

«کوڕی سەگینە ئەم هاتوهاوارانەتان لە چی بوو؟».

«کارەبا براوە. بۆ تێناگەن. تەلەفۆنم کردووە و هەر ئێستا دێتەوە...».

سەیری سەربازەکانی کرد و فەرمانی پێ دان:

«مردووەکانیش فڕێ بدەنە دەرێ...».

***

(٢١)

مردنی خدر کۆستێکی گەورە بوو بۆ هەمووان. ڕووخۆشی، سادەیی و ساکاری و دڵپاکیی، نموونەی کوردێکی پاکی ئەم وڵاتە بوون. بێ ئەوەی کاری سیاسی بکرێ و بەشداری هیچ چالاکییەک دژی ڕژێم بکرێ، ئاوا بگیرێت و ئازار بدرێت و دوا قۆناغی ژیانیشت لە ژوورێکی گەرمدا ژیان لە دەست بدەیت.

لە ڕاستیدا کەس نەیدەزانی تەرمەکەیان لە کوێ دەشاردەوە. لەم زیندانە نهێنییەدا، تەرم نەدەدرایەوە بەکەسوکاری گیراو. شەریف وتی؛ جارێکی



تریش هەروا کارەبا کوژێنرایەوە و ئەوجارەش سێ بەند گیانی لە دەست دا. لەوە دەچوو ئەوە ڕەفتاری ئەوان بووبێت بۆ ترساندنی بەندەکان.

ئێمە کەسمان بەتەواوەتی نەماندەزانی، کە ئایا مەبەستی زیندانەوانەکان، کوشتنی بەکۆمەڵ بوو، یان هەر بۆ ترساندن و ورە ڕووخاندن بوو.

من جێی خۆم لای غازی ئاوچییەوە کردبۆوە و وردە وردە دۆستایەتیشمان پەیدا دەکرد. ئەو، لە لایەن ئیدارەی زیندانەکەوە، ئەگەرچی خۆشی زیندانی بوو، وەکو چاودێر دانرابوو. گەر سەربازەکان ڕاسپاردەیەکیان هەبوایە بەویان دەوت. من زۆر مەبەستم بوو لە ژیانی پێشووی بگەم. شەقاوە بوون نابێتە هۆی گرتنێکی سیاسی، سەرەڕای ئەوەش، دەی وت کورد نیم و ئەم زیندانە نهێنییەش، تایبەت بوو بەکورد، لە هۆی گرتنەکەی، نەدەگەیشتم بۆیە جارێک پێم وت:

«تا ئێستا پێت نەوتووم لەسەر چی گیراویت».

لە ڕاستیدا، غازی ئاوچی، هەمیشە شانازی بەوەدەکرد کە شەقاوەی کەرکووک بێت و باسی شەڕەکانی خۆی، لەگەڵ خەڵکدا، دەگێڕایەوە. باسی کوڕێنی و ئازایەتی خۆی دەکرد، بەڵام هەموو ئەوانە، نەدەبوونە هۆی ئەوەی کە بۆ زیندانێکی نهێنی، کە تایبەتە بەکورد و خەڵکی سیاسی، کێش بکرێ. کەمێک تیێ ڕوانیم. دۆستایەتیمان گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە ئیدی ڕازی دڵی خۆی بدرکێنی و ڕاستییەکانم پێ بڵێ. غازی وتی:

«ئەوی ڕاستی بێ، شەوێک، دەعوەتی عەریفێکی ناسیاوم کردبوو. لە زووەوە برادەر بووین. ئەو شەوە وا بزانم سەرخۆش بووم. بەسەرخۆشی پلانی گرتنی مەخفەرەکەی قەڵای کەرکووکم بۆ باس کردبوو. ئەویش وا خۆی پیشان دەدا کە هاوکاریم دەکا...».

وتەکانی زۆر سەرنج ڕاکێش بوون. حەزم دەکرد زیاتر تێبگەم بۆیە وتم:

«چۆن؟ چۆن دەتوانی مەخفەرێکی پۆلیس بگری. هەر خۆت بووی یان خەڵکی ترت لەگەڵ بوو؟».

غازی بەوردی سەیری دەکردم. وتی:

«پەیوەندیم لەگەڵ چەند پۆلیسێکی ئەو مەخفەرەدا کردبوو. ئەوان ڕازی بوون کە هاوکاریم بکەن. بڕیار بوو شەوێک خۆم و چەند برادەرێک بدەین بەسەر مەخفەرەکەدا و ئەوانیش هەموو چەکەکانمان تەسلیم بکەن...»

لە ڕاستیدا تێنەدەگەیشتم. ئەوێک، کە هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە کورد نییە، ئیدی بۆچی هێرش دەکاتە سەر مەخفەرێکی پۆلیس و چەک و تەقەمەنی بۆ چییە. ئایا هەر خودی ڕژێم دەیویست ئەو کارە بکات و پاشان بەسەر خەڵکی قەڵادا، کە زووربەی هەرە زۆریان کورد بوون، بهێنی، یان ئەوە بکاتە عوزرێکی تر، بۆ گواستنەوەی خێزانە کوردەکان لە کەرکووک و بڵێ لە گەڕەکێکی کوردنشیندا، مەخفەرێکی پۆلیس، لە لایەن چەکداری کوردەوە تاڵان کراوە. هەموو شتێک ڕێی تێ دەچوو، بەتایبەتی لە کەرکووکدا کە ڕژێم بەبەرنامەیەکی داڕێژراو، دەیویست لە کوردی چۆڵ بکات. بەغازیم وت:

«ئەی دوایی؟».

بەدەست کەوتە ڕیش خوراندنی، پاشان دەستی خستە ژێر چەناگەی و وتی:

«پاشان تەواوی پلانەکەم بەدوور و درێژی بۆ باس کرد. پێشم وت کە من ئەو چەکانە بۆ دەرەوە دەبەم و دەیدەم بەپێشمەرگە!».

تێ نەدەگەیشتم بۆیە وتم:

«بۆ پێشمەرگە؟»

لە وەڵامدا وتی:

«ئەی بۆ کێی بەرم».

کابرا کورد نەبی و سیاسی نەبی و پەلاماری مەخفەرێکی پۆلیس لەناو جەرگەی کەرکووکدا بەری و چەکەکانیش بەری بۆ پێشمەرگە. لە قسەی مرۆڤێکی خەڵەفاو یان فشەکەر دەچوو. بەڵام من حەزم دەکرد بەکۆتایی بگەم چونکە وتم:



«ئەی پلانەکەتان جێبەجێ کرد؟».

سەری لەقاند و زەردەخەنەیەک گرتی و وتی:

«کوڕە پلانی چی؟. من فوول سەرخۆش بووم، ئەو قسانەم بەسەرخۆشی کردبوو. خۆشم نەمدەزانی دەموت چی».

ئێستا لەو قارەمانییەتییە گەیشتم. وتم:

«ئەی پاشان؟».

غازی شانی بۆ دادا و وتی:

«من ئەو شەوە چیم وتبوو، ئەو عەریفە، ڕاستەوخۆ هەر ئەو شەوە، هەمووی بۆ ئیستیخبارات گێڕابووەوە و ئەوانیش بۆ ڕۆژی دوایی یەکسەر گرتیانم...».

مەسەلەکە لام ڕوون ببووەوە لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

«ئەی نەتدەتوانی بڵێی سەرخۆش بووم».

غازی دایە قاقای پێکەنین:

«کوڕە هەزاران هەزار سوێندم بۆ دەخواردن، بەڵام ئەوان هەر لێیان دەدام و داوای ناوی هاوکارانمیان لێ دەکردم. ناوی کێ بدەم، کوڕە دەموت من سەرسەریم. هیچ. شەقاوەم!».

پاش تۆزێک وتی:

«ناچار وتم تورکمانم. وا بزانم ئێستا خەریکە، وردە وردە، دەگەنە قەناعەت کە من کەری ئەو بارە نیم. بەرامبەرم باشتر بوون. نابینی بووم بەچاودێرتان...».

غازی هەستایەوە، کەوتە سەر خوراندنی. سەیری سەروچاوی بەوردی دەکردم.

جێ برینداریەکانی سەروچاوم سەرنجی ڕاکێشا و یەکسەر وتی:

«ئەی تۆ شەقاوەی کوێی!!».

***

(٢٢)

کردنەوەی، بەزەحمەتی، دەرگاکە هەمیشە دەیخستمە ئەندێشەوە. بۆ ئەو دەرگایەی وا لەو دیوەوە دادەخرا و دەکرایەوە. کەموکوڕییەک هەبوو کە من بەئاسانی تێی نەدەگەیشتم. وا بزانم ئەو دیاردەیەش سەرنجی حەمە تەهای ڕاکێشا بوو، چونکە، کە هەر کلیلەکە دەچەرخا، ئەویش یەکسەر سەیری کێلونی دەرگاکەی دەکرد. ئەو کێلونە تەواو نەبوو.

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی حەمە تەها لە مرۆڤێکی کامڵ و خاوەن دیسپلین دەچوو. زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو. کەم جار بەشداری وتووێژ دەبوو. زیاتر بەتەنیا دادەنیشت و لە بیرکردنەوەدا بوو.

ڕۆژێک فرسەتم بۆ هەڵکەوت و چوومە لایەوە. من بۆ ئەو بیرەی بەمێشکدا دەهات و بۆ جێبەجێکردنی پێویست بەمرۆڤی وەها بوو. زۆریشم حەز دەکرد، کەمێک، لە ژیانی پێشمەرگایەتی و چونیەتی گرتنی بزانم بۆیە لێم پرسی:

«دەزانم پێشمەرگە بوویت، بەڵام حەز دەکەم بزانم چۆن گیرایت».

سەرنجی سەروچاویم دا. چاوی ڕاستی کەمێک تیل بوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

«بەکارێکی نهێنی نێردراوم بۆ نێو دهۆک. دەبوو پەیوەندی بەڕێکخستنەوەکانی نێو شاردا بکەم، بۆ ئەو مەبەستەش، شەوێک خۆم کرد بە(دهۆک)دا و چوومە ماڵی خزمێکم. ئەو شەوە لەوێ بووم. بەڵام هەستم کرد دەترسا، بەتایبەتی کە من بەچەکەوە چووبوومە ماڵیان، هەر بۆیەش کە ڕۆژ بووەوە پێشنیاری بۆ کردم کە بچمە دەرەوەی شار و لە باخێکدا خۆم حەشار دەم، وتی؛ کەوا ئەو خۆی هەڤاڵانی ڕێکخستنم بۆ دەهێنێ...».

کەمێک ڕاوەستا، دەیویست بزانێ، جگە لە من، کەسی تر دەیەوێ گوێ بگرێ. بەندەکان هەریەکە و سەرقاڵی کاری خۆی بوو. کەسی وامان لە



نزیکەوە نەبوو کە ئامەزرۆی گوێگرتن بێ. حەمە تەها خۆشی هەمیشە بەتەنیا دادەنیشت. کە دڵنیا بوو هەر من گوێگرم وتی:

«بەیانی زوو، بەئوتومبێلەکەی، بردمییە قەراغ شار و لە باخێکدا دایانام و وتی کەوا دەچێ هەڤاڵانم بۆ دێنی. نەهاتەوە تا دەمەو عەسر، برسێتیش تینی بۆ هێنابووم بەڵام چیم بکردایە جگە لە چاوەڕوانی.»

سەردەستی کراسە خاکییەکەی هەڵدایەوە. مەچەکەکانی ئەستوور و دەماراوی بوون. بەردەوام بوو.

«دەمەو عەسر چوار زەلام و خزمەکەم هاتن. ئای چەند دڵخۆش بووم. کە نزیک کەوتنەوە لێم، خزمەکەم یەکسەر وتی؛ ئەوە خۆیەتی، ئیتر من فریای هیچ نەکەوتم. تفەنگەکەم، لەسەر زەوی، دانا بوو. هەر چواریان پەلاماریان دام. زۆرم هەوڵ دا لە دەستیان قوتار بم. هەوڵێکی بێ ئەنجام بوو. هیچم بۆ نەکرا و تەنیا بەچاو سەیری خزمەکەم دەکرد. ئەوەی بۆ لەگەڵ کردم، کە پەلبەستیان کردم، دایانە قاقای پێکەنین و بەعەرەبی کەوتنە ئاخاوتن. پیاوانی ڕژێم بوون. بەرگی کوردییان پۆشیبوو. خزمەکەشم بەکرێگیراوی ئەمن بوو، هەر ئەوەندەم بۆ کرا تفێ بکەمە سەروچاوی. ئیدی بۆ ئەمنی نێو دهۆکیان ڕاپێچکردم. پاش هەفتەیەک ئازاردان بەرەو کەرکووکیان هێنام. ئێستاش وەک دەبینیت وا لێرەم...».

سەیرم لە دڕندەیی و سووکی و بێ ئابڕوویی هەندێ مرۆڤ دێ. چۆن مرۆڤێک بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ خزمێکی دەکات.

وەک دڵنەوایی بە(حەمە تەها)م وت:

«ڕۆژێک دەبێ ئەو خۆفرۆشانە بەسزای خۆیان بگەن...».

گوێم لە دەنگی سەربازەکان بوو لە حەوشەکەدا. دەرگاکەیان کردەوە و بەغازی ئاوچییان وت:

«دە بەند بنێرە دەرێ، بۆ ژوورەکانی ئەو بەریان دەبەین...».

غازی کەوتە پرسیارکردن لە بەندەکان. کە کێ دەیەوێ ژوورەکەی بگوازێتەوە، کەوتبوومە جموجۆڵ. خەریک بوو منیش ناوی خۆم بڵێم کە

حەمە تەها چرپاندی بەگوێمدا وتی:

«مەڕۆ. با پێکەوە بین».

دە بەند ناوی خۆیان وت و برانە دەرێ. تۆزێک ژوورەکە فراوانتر بوو.

کە دەرگاکە، بەئەزیەت، داخرایەوە بە(حەمە تەها)م وت:

«هەست دەکەیت، ئەو کێلونە، بەزەحمەت دادەخرێت. دەبێ چەند جارێک کلیلەکەی تێدا وەربچەرخێنن، ئنجا دادەخرێت...».

سەری بۆ لەقاندم. دیار بوو ئەویش هەستی بەوە کردبوو. بەئەسپایی پێم وت:

«گەر شتێک بکەم پشتگیریم دەکەیت».

دەستی خستە ناو دەستم. وتی:

«هەر چییەک بکەیت من لەگەڵتام».

ژمارەی ئەوانەی کە دەبوایە لە سێدارە بدرێن، بەخۆمەوە، هەژدە نەفەر دەبووین. هەژدە نەفەریش، گەر پێکەوە بڕیارێ بدەن، ئیدی هەموو شتێک دەکرێ. کە مرۆڤ لە سێدارە بدرێ، ئیتر بۆ هەوڵێک نەدا. بۆ هەروا دەستەوستان بوەستێ. بەڵام ئایا ئەوانیش وەک مارف و حەمە تەها و خۆم ئامادە بوون.

مرۆڤ بوێرێ هەندێ نهێنی بۆ ئەو بەندانە بدرکێنێ. مرۆڤ چەند لایەنی ئازایەتی و وەفا و دڵسۆزی و خۆبەختکردنی لە زینداندا لێ دەردەکەوێ، هێندەش، هەندێ جار، لایەنی لاواز بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ. کێ ناڵێت لەوانە، گەر قسەیان بۆ ئەنجامدانی کارێک لەگەڵ بکرێ، ناچن ئەوانە بەسەربازەکان و ئیدارەی بەندیخانە بڵێن. گەرەنتی چییە نهێنی نەدرکێ.

گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکەی حەمە تەها و خزمەکەی، هەستی گومانی لە لا پەیدا دەکردم. ئەوە خزمێک دەرهەق خزمێک وا بکات، ئەی لەگەڵ ئەمانەدا، کە هەر لەم زیندانە یەکترمان ناسیوە، چۆن دەبێ.

لای عەسر بوو کە جارێکی تر دەرگاکە کرایەوە. ئەمجارەیان چوار بەندیان کرد بەژووردا. ئای کە دڵخۆش بووم. لە سەرەتادا هەر بڕوام نەکرد.



بەڵێ هاوەڵەکانم بوون. موختار و عەبدوڵڵای شۆفێر و سەروەر و عومەر بوون. هەر خێرا باوەشم پێدا کردن. هەموو لەش ساغ و تەندروست بوون. دیار بوو لە بەشەکانی تر بوون.

بەدوور و درێژی بۆیان باس کردم. عەبدوڵڵای شۆفێر و موختار پێکەوە بوون و سەروەر و عومەریش لە ژوورێکدا بوون.

بۆ من زۆر گرنگ بوو. ئەم چوارەم دەناسی و دەمتوانی هەرچی نهێنییە بیدرکێنم. بیرم بۆ لای خالیدیش دەچوو. ئەویش زۆر چاپووک و چالاک دەهاتە پێش چاو. هەر چەند ڕانی بریندار بوو، بەڵام ئەو هێندە گوێی پێ نەدەدا. لەوە دەچوو ئێسقانی نەگرتبێ، وەک خۆی دەیوت، بەرەو چاک بوونەوە دەچوو، بەڵام دەبوو هەر قسەی لەگەڵ بکرێ، هەرچەند ئەو ڕاستییەشم دەزانی، کە هەرچی بکەین، ئەویش بێ سێ و دوو لەگەڵمان دەبێ.

سەرم خستە پەناگوێی سەروەر و وتم:

«گەر کارێک دژی ئەم دڕندانە ئەنجام بدەین. لەگەڵمان دەبیت...».

سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندم وتی:

«ئەی چۆن».

***

(٢٣)

سوودم لەو جێگەیەی تەنیشت غازی ئاوچی وەرگرت. لەوێوە، لە ژێر دەرگاکەوە، ڕۆژانە و شەوانە، سەیری حەوشەکەم دەکرد. ژمارەی سەربازەکان کە لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە بوون و بەکاری پاسەوانی و ئازاردان هەڵدەستان، پێنج سەرباز بوون. ئەوانیش، هەمیشە، لەو ژوورە بوون و هەر دوو کاتژمێر جارێک، یەکێکیان، ڕۆڵی پاسەوانی دەگێڕا و ئەوانی تر لە ژوورەکەدا پشوویان دەدا.

تەنیا ئێواران لە کاتی نان خواردن و مەستاڕدا، دوو سەرباز پێکەوە

دەبوون، ئیدی، کاتەکانی تر، هەریەک سەرباز لە حەوشەکەدا دەگەڕا یان لەسەر تەنەکەیەک، کە لە نزیک ژوورەکەیانەوە بوو، دادەنیشت تا سەرەی پاسەوانی تەواو دەبوو.

من هێندە بەوردی سەرنجم دابوو کە تاڕادەیەک نۆرەی پاسەوانی سەربازەکانیشم دەزانی. کە غازی جاروبار لێی دەپرسیم کە بۆ هێندە مەراقمە سەیری دەرەوە بکەم، لە وەڵامیدا دەموت؛ کە پێویستم بەهەوای پاکە.

من دەمزانی کە ڕزگاربوونمان یان بەردانمان نابێ، بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە کە پلانێک داڕێژم. ئەو ماوە زۆرەی کە سەرنجی حەوشەکەم دەدا، ئەوەی لا گەڵاڵە کردبووم، گەر ئێمە بتوانین، بەتایبەتی، ئەو هەژدە نەفەرەی کە بڕیاری سەرەتایی درابوو، لە سێدارە بدرێن، پێکەوە، ئێوارەیەک پەلاماری پاسەوانەکان بدەین و هەر خێرا خۆمان بکەین بەژووری سەربازەکاندا، کە پڕ بوو لە تفەنگ و ئەسیریان بکەین، سەرکەوتوو دەبین، بۆ ئەم مەبەستەش قسەم لەگەڵ هەموویاندا کردبوو. ئەوی کە زۆر حەماسەتی بۆ ئەو کارە هەبوو، حەمە تەها و مارف و خالید بوون.

ئەوان بێ سێ و دوو لەگەڵ پلانەکەمدا بوون، بەڵام ئەوانی تر بەو ڕادەیە نەبوون، ئەگەرچی لاریشیان لە خودی پلانەکە نەبوو، ئەوانی تر پرسیاری دواییبیەکەیان دەکرد، کە چی ڕوو دەدا.

ڕۆژێک مامە سالە لە دوای گوێگرتن و تاوتوێکردنی پلانەکە وتی:

«باشە وا وتمان ئەو دوو سەربازەی حەوشەکەمان گرت و فریای ئەوەش کەوتین کە سێ سەربازەکەی ژوورەوەش بگرین، ئەی دوایی. دوایی چی بکەین...!؟».

پرسیارێکی بەجێ بوو، ئەوانی تریش هەر ئەو پرسیارەیان دەکرد، بۆیە لە وەڵامیاندا وتم:

«ئێمە ئەم هەژدە کەسە، کە بڕیارە لە سێدارە بدرێین، کە بڕوام وایە دەدرێین. ئەی بۆ هەوڵێک نەدەین هەندێک تفەنگمان دەست کەوێت. ئەم



هەلە، بڕوا ناکەم، بۆ کەس ڕەخسا بێ. کێ خوا دەیداتێ، مەشجەبێک چەک لە تەنیشتیەوە بێت...»

مامە سالە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندم، بەڵام وتی:

«ئەی دوایی. ئێمە بەو چەکانە چی بکەین».

لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی من ئەوە بوو کە دەستمان بگاتە تفەنگەکان بۆیە وتم:

«دیارە کە مرۆڤ دەستی دایە چەک، گەمەی پێ ناکات»

حەمە تەها کە خۆی پێشمەرگە بوو وتی:

«چەک هەر بۆ تەقە بەکار دێت.»

بڕوام وایە، گەر لەو ساتەدا، چەک لەبەر دەست حەمە تەهادا بوایە یەکسەر بێ سێ و دوو پەلاماری سەربازەکانی دەدا. وتم:

«پاشان گەر پلانەکەمان سەرکەوت و دوو سەربازی حەوشەکەمان گرت ئەوا دەچینە ژووری پاسەوانەکان و هەرچی تفەنگە دەری دەهێنین و بەسەر خۆماندا دابەشی دەکەین...».

لە یەکەم ڕۆژدا کە ئێمەیان بۆ ئەم ژوورەی خۆمان هێنا، بەژووری پاسەوانەکاندا هێنایانین، دیارە هەر لەوێوە دەمانتوانی بچینە نێو سەربازگەکەوە بۆیە وتم:

«کە چەکەکانمان دەستکەوت، دەچینە دەرێ و لە سەربازگەکەدا دەیکەین بەتەقە. دیارە ئێمە ناتوانین ئەم سەربازگەیەی کە هەزاران سەربازی تێدایە بگرین. بەڵام دەتوانین، تا دەمرین، تەقە بکەین.».

مرۆڤ گەر سوور بزانی دەیکوژن یان لە سێدارەی دەدەن، ئیدی بۆ تا مردن، تەقە نەکات. چی لە کیس دەچێ. ئەوانە بڕیاری خۆیان دابوو کە لەناومان بەرن. ئەو هەلەش بۆ کەم کەس دەڕەخسا. لە تەنیشتەوە ژوورێک چەک هەبێت. ئەوە لە شانسی ئێمە بوو. چۆن ئەوانە هەستیان بەوە نەدەکرد، کە ئەوان نیازیان وایە لەناومان بەرن، کەچی ئەو هەموو چەکەیان لە نزیکمانەوە دانا بوو. من ژمارەی چەکەکانم نەدەزانی، بەڵام لە هەموو

حاڵەتێکدا، لە پێنج کلاشینکۆف کەمتر نەبوو. ئەوە بۆ ئێمە نیعمەتێکی خوایی بوو، کە پێش مردنمان، هەر نەبێ تۆڵەی خۆمان بسێنین.

ئیدی بەدوور و درێژی پلانەکەم بۆ باس کردن و هەمیشە ئەوەم دووپات دەکردەوە، کە نابێ ئەو هەلە لەکیس خۆمان بدەین، چونکی بۆ هەر جێگەیەکی ترمان بەرن، ئەو هەلەمان بۆ نارەخسێ.

بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەش حەمە تەها و مارفم بۆ یەکێک لە سەربازەکان تەرخان کرد. بۆ ئەوەی تریان مامە سالە و خالید کە برینەکەی بەرەو سارێژبوون دەچوو، سەروەر و عومەریش بۆ یارمەتیدانیان. بۆ ژوورەکەش ئەوە خۆم و باقی زیندانەکانی تر، کە فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەدرا، ئەوا پەلاماری ژووری پاسەوانەکان بدەین.

نازانم پلانەکەمان تا چەند سەرکەوتوو دەبوو. ئەوە لە کاتی دەست بەکاربووندا دەزانرا. بۆ ئەم پلانەش قسەم لەگەڵ شەریفدا کرد بوو، بەڵام لە وەڵامدا ئەو وتی:

«بەخوا بڕوا ناکەم لە سێدارە بدرێم. چونکە کێشەکەی من لەسەر ئەمڕۆ نییە. کۆنە و هی ساڵی حەفتا و چوارە. ئەمانە خۆیان لێبووردنی گشتییان دەرکردووە و من بەپێی ئەو لێبووردنە هاتوومەتەوە. کەچی وەک دەبینی وا نۆ مانگە لەم گونجەدام. بەهەرحاڵ بڕوا ناکەم لە ناوم بەرن. ڕەنگە حوکمم بدەن، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم، ئەگەرچی من لایەنگری ئەوەم کە چاوەڕوانی دادگاییکردن بکەن و ئەوسا بڕیار بدەن...».

گومانم لەوەدا نەبوو کە شەریف مرۆڤێکی بەجەرگ و بەتوانایە بەڵام تەمەنیش ڕۆڵی لە بڕیارێکی وا گرنگدا هەیە. ئەو ڕاستی دەکرد، ڕەنگ بوو بەربێ، ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش دەزانرا، کە ئەمانە خاوەنی هیچ پەیمان و بەڵێنێک نین.

بیروبۆچوونەکانی شەریف، ئەگەرچی عەقلانییەتیشی تێدا بوو، بەڵام بۆ ئێمە بێ سوود بوو. ئێمە لەناو دەبراین. ئەوەمان دەزانی، ئیدی بۆ



چاوەڕێی ڕۆژی دادگایی بین. دادگاش چ دادگایەک، لە دادگایەکی سەربازی، لە دادگاییەکی نهێنی، بێ پارێزەر، بێ ئەوەی بتوانی بچووکترین داکۆکی لە خۆت بکەیت، ئیدی بۆ چاوەڕوانی ئەو دادگایە بێت، کە پێشەکی دەتزانی چ بڕیارێک دەدا. ئیدی ئەو هەلە ڕەخساوە، بۆ لە کیس بچێ. کێ دەڵێ، جارێکی تر، هەلی وامان بۆ پەیدا دەبێت. نەدەبوو ئەو هەلە نەقۆزرێتەوە، بۆیە ئێمە هەر هەژدەمان سوور بووین لەسەر بەجێهێنانی ئەو ئەرکە، هەر بۆیەش بڕیارمان دا، کە ئێوارەی داهاتوو، ئەو پلانە جێبەجێ بکەین.

***

(٢٤)

سەرلەبەیانی بوو، ئێمە تاوتوێی پلانەکەمان دەکرد و باسی چۆنیەتی بەجێهێنانیمان دەکرد. هەریەکە و باری سەرنجی خۆی دەدا. لەنێوماندا موختار و مامە سالە هەر دوودڵی خۆیان سەبارەت بەسەرکەوتنی ئەو هەوڵە دەدا. لە هەموومان حەماسەتتریش حەمە تەها و مارف و خالید بوون، کە بەبۆچوونی ئەوان، هەر پێویستی نەدەکرد، چاوەڕێی ئێوارەش بین. ئەوان دەیانوت، گەر مەسەلە پەلاماردان بێت، بۆ هەر نیوەڕۆ لە کاتی گردبوونەوەماندا لە دەوری تەشتەکان، بۆ یەکسەر پەلامار نەدەین، بەڵام من بۆم ڕوون کردنەوە، کە ئەو کارە، لە نیوەڕۆدا، زۆر زەحمەت دەبێ، چونکە هەموو سەربازەکان بەئاگان و لە کاتی واجبدان.

شەریف زۆر بەوردی سەیری دەکردین و گوێی لە قسەکانمان دەگرت. دیار بوو ئەو هەوڵەی ئێمەی بەعەقڵدا نەدەچوو.

دەمەو نیوەڕۆ، پێش ئەوەی بمانبەنە دەرەوە بۆ نان خواردن، شەریف هاتە لامەوە و وتی:

«من نیازم نییە، یان وا تێبگەن کە من هەوڵی ئەوە دەدەم لە پلانەکەتان پەشیمانتان بکەمەوە. من تەنها دەمەوێ هەندێ ڕاستیتان بۆ بدرکێنم...».

من هەمیشە قسەکانی شەریفم بەجدی وەردەگرت، ئەگەرچی لەم مەسەلەیەدا وام دەزانی لەبەر پیری یان تەمەنی نایەوێ بەشدار بێت لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

«حەز دەکەم ئەو ڕاستییانە بزانم».

دیار بوو شارەزاییەکی تەواوی لە زینداکەدا هەبوو. ماوەی نۆ مانگ مانەوە، لە شوێنێکدا، کەم نییە بۆ پەیدا کردنی زانیاری لەسەر شوێنەکە. شەریف وتی:

«ئێرە خۆت دەزانی هەیئەیە. هەیئە خاصە. نهێنیترین بەندیخانەی بەعسە و تەنیا بۆ کوردیشە، هەر لەبەر ئەوەش، لەنێو ئەم سەربازگە گەورەیەدا، حەشاریان داوە».

ئەوانە ڕاستییەک بوون خۆشم دەمزانی. من دەمویست لە جەوهەری بیروڕای بگەم بۆیە وتم:

«ئەوانە ڕاستن بەڵام ڕای خۆت چییە لەسەر پلانەکەمان، کە دیارە ئێستا بەتەواوی دەزانی بەتەمای چین».

لە وەڵامدا وتی:

«حەز دەکەم برادەرانت نزیک بنەوە و ئەوانیش گوێ بگرن»

هەموو لە دەوری گرد بووینەوە، ئەویش لە نیوەڕاستماندا دانیشتبوو، جاروبار، سەیری غازی ئاوچی دەکرد. وای نیشان دەدا کە سەرگوزەشتەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە. وتی:

«ڕاستە ئێوە هەموو ڕەنگە لە سێدارە بدرێن، بەڵام ئەو کارەی ئێوە بەتەمان ئێستا پێی هەڵبستن یانی ئێوە خۆتان، خۆتان هەر ئێستا لە سێدارە دەدەن...».

مەبەستەکەی ڕوون نەبوو، بۆیە وتم:

«ئەی چی بکەین. ڕاوەستین تا ئەوان لە سێدارەمان دەدەن».

چاوی بەناوماندا دەگێڕا. دەیویست هەستمان بخوێنێتەوە. وتی:

«ئێوە گەر تەنیا خۆتان، هەر ئەو هەژدە کەسە بوونایە، ئەوە کەس



نەیدەتوانی گلەیی بکات...».

دەیویست شتێک بڵێ، بەڵام باش بۆی گەڵاڵە نەدەکرا، یان نەیدەویست ڕاستەوخۆ بیڵێ. بەردەوام بوو:

«ڕاستە ئەوەی ئێوە پێی هەڵدەستن، کارێکی تەواو شۆڕشگێڕییە، بەڵام ئێوە هەر خۆتان نین لەم زیندانەدا. هەر لەم ژوورەدا جگە لە ئێوە ئەوا کۆمەڵێ خەڵکی تری تێدایە. ئەوان چی بکەن یان چارەنووسی ئەوان چۆن دەبێ...».

حەمە تەها هەڵیدایە و وتی:

«ئەی ئەوان بۆ بەشدار نابن. بەتەمای چین؟».

شەریف سەری دەلەقاند و وتی:

«ئەوان ڕەنگە بەهیوای ئەوە بن کە بەر بن یان چەند ساڵێک حوکم بدرێن، بەڵام بەتەما نین ئێستا بمرن...».

خالید سەری هێنایە پێشەوە وتی:

«ئنجا ئەوان بۆ دەمرن».

من لە مەبەستی شەریف دەگەیشتم. ئەو نیگەرانی ئەوە بوو کە ئێمە کاتێک بەکارێکی وا هەڵدەستین، دیارە دەبێتە تەقە و لە ئاکامدا ئێمە دەکوژرێین، ئەوسا سەربازەکان دێنە وێزەی ئەمان و کێ دەڵێ، لە داخی کوژراوەکانی خۆیان، هەموویان هەر لەم زیندانەدا ناکوژن.

شەریف سەری بادەدا وتی:

«کە ئێوە بیکەن بەتەقە و پاسەوانی ئەم زیندانە بکوژن، ئەی ئیتر تۆ بەتەمای چی لە ئێمە بکەن؟ بەرمان دەن!؟».

خالید شانی بۆ هەڵدەتەکاند. مامە ساله و موختار هەر بەچاو لایەنگری خۆیان بۆ شەریف نیشان دەدا. شەریف بەردەوام بوو:

«براینە هەر دوای ئێوە، ئەوانە، دەکەونە گیانی ئێمە، هیچ گومانم نییە. کە هەر لێرەدا، هەموومان گوللەباران نەکەن.

کێ دەتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات یان کێ هەیە بیسەلمێنێت پێیان کە

ئێمە بەشداری ئەو پلانە نەبووین. ئەوانە هەمیشە هەموومان بەیەک چاو سەیر دەکەن...» .

ڕاستی دەکرد، ئێمە بیرمان لەوە نەکردبۆوە کە گەر ئێمە هەستاین بەبەدیهێنانی ئەو پلانە پاشان چی دەبێ. هیچ گومان نییە کە نەتەنیا سەربازانی نێو ئەم زیندانە دێتە سەریان، بەڵکو هەموو سەربازانی سەربازگەکە دەکەونە گیانیان. من بیرم لەمانە نەکردبۆوە.

ئێمە بڕیاری خۆمان دابوو، مادام لە سێدارە دەدراین، ئیدی بۆ ئێمە لەم هەلەدا، کە بۆمان هەڵناکەوێتەوە، کارێک نەکەین بەڵام ئەوان کە هەندێکیان هەر لەسەر هیچ گیرا بوون، خدر چی کرد بوو، بۆ ئەوان لێرەدا بکوژرێن. هەرچۆنێک بێت ئەوان هیوایەکیان هەر هەبوو، کە یا بەردەبن یان حوکمێکی چەند ساڵە دەدرێن و پاشان هەر بەردەبن.

زووربەی هەڤاڵان جگە لە خالید و حەمە تەها و مارف، هەموو سەری ڕەزامەندییان بۆ قسەکانی شەریف دەلەقاند، مامە سالە ڕووی تێ کردم و وتی:

«من حەزم نەدەکرد من ئەو قسانە بکەم. باش بوو وا کاک شەریف کردی. من ڕووم نەدەهات، دەموت با بەجۆرێ تێنەگەن» .

موختار هەر سەری ڕەزامەندی دەلەقاند. دیار بوو کەیفخۆش بوو بەوەی ئەو پیلانە جێبەجێ نەکرێ. بەڵام فرسەتێکی وامان جارێکی تر دەست دەکەوێت. کام بەند ئەوەندە بەختەوەرە کە ژوورێک چەک لە پاڵیدا بێت. بەتایبەتی زیندانییەک کە فەرمانی لە سێدارەدانی بەمسۆگەری بۆ بدرێ.

هەموو بەقسەکانی شەریف ڕازی بووین. بەڕاستی بۆ نەهێشتنی پێنج سەرباز نابێ مرۆڤ قوربانی بەچل پەنجا کەس بدات.

پیاو هەمیشە گوێ لە مرۆڤی خاوەن ئەزموون بگرێ. حەمە تەها و خالید و مارف هاتنە لامەوە و هەرسێکیان پێکەوە وتیان:

«ئەی چی بکەین؟» .

***



(٢٥)

ئەی چی بکەین؟ هیچ وەڵامێکی ئەوتۆم پێ نەبوو کە قەناعەت بەخالید و حەمە تەها و مارف بهێنی، یەکەمیان گەنجێکی یەکجار خوێن گەرم دووەمیش پێشمەرگە بوو، سێیەمیش قارەمانێکی بەندیخانەکە بوو. هەرچەند خۆشم لایەنگری بەجێبهێنانی پلانەکە بووم، بەڵام ئەوەی نەدەهێنا کە ئەو هەموو خەڵکە بکوژرێ.

وەرچەرخانی کلیلی دەرگاکەمان، جارێکی تر، سەرنجی ڕاکێشامەوە. بۆ وا بەئەزیەت دەکرێتەوە. ئەمجارەیان تەواو سەرنجم دا. چەند جارێک کلیلەکەیان لە دەرەوە وەرچەرخان، کەچی بەهەزار حاڵ زمانی کێلونەکە لەم دیوەوە دەبزوا. بەکورتی سلاک بوو. شەوێک، کە هەموو نوستن، بەتایبەتی غازی ئاوچی، کە ڕاستەوخۆ لە پشت دەرگاکەوە دەنوست و منیش هەر لە تەنیشتییەوە، جێی خۆم کردبۆوە، بەپەنجەی دەست، کەوتمە پاڵ پێوەنانی زمانی کلیلەکە بۆ دواوە. ئەوەی کە تەواو خۆشحاڵی کردم، زمانی کێلونەکە، زۆر بەئاسانی، گەڕایەوە دواوە و منیش هەر زۆر بەئەسپایی زمانەکەم هێنایە پێشەوە و لە خۆشیدا لێ نووستم.

ئەم نهێنییەم، لای کەس، نەدرکاند، بەڵام وابزانم شەریف، ئەو شەوە، ئاگاداری هەڵسوکەوتم بوو، چونکە بەجۆرێکی تایبەت سەیری دەکردم.

ئیدی کەوتمە خولیای ئەوەی بزانم دەرەوەی زیندانەکەمان چۆنە. بۆ من هەنگاوی یەکەم گەلێک گرنگ بوو کەوا بەئاسانی دەمتوانی دەرگاکە بکەمەوە یان هەر وەختێک بموێ بیکەمەوە، بەڵام وا دەرگاکەش کرایەوە. ئەی دوایی لەناو ئەو هەموو سەرباز و پاسەوانەدا چی دەکەی یان چی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کەوتمە پرسیاری جوگرافیای ناوچەکە. بۆ ئەم مەبەستەش کەس لە شەریف چاکتر نەبوو چونکە خۆی کەرکووکی بوو.

شەریف زانیارییەکی زۆری پێ دام، کە هەموو سوودبەخش بوون، بەتایبەتی کە وتی:

«ئەم سەربازگەیە پێی دەڵێن سەربازگەی خالید و لە دەرەوەی کەرکووکە.».

ئیدی چی تری دەزانی سەبارەت بەهەیئە و سەربازگەی خالید پێی وتم کە لە ڕاستیدا کەم نەبوو.

ئێمە ڕۆژانە سێ جار نانیان دەداینێ، بۆ ئەو مەبەستەش، دوو سێ بەندی نێو خۆمانیان دەبردە دەرەوەی زیندانەکەمان، بۆ ئەوەی تەشتی خواردنەکان بهێنن و هەر هەفتەیەکیش دەگۆڕا و ئەو کارەش خرابووە ئەستۆی غازی ئاوچی. ئەو بەندەکانی بۆ ئەو کارە دەستنیشان دەکرد و ناوی دەدان بەسەربازەکان، من دەمزانی کە زیندانەکەمان دوو دەرگای هەیە، یەکێک کە لە ژووری پاسەوانەکانەوە بۆی دەچی و یەکێکیشیان دەرگای پشتەوە بوو کە ڕۆژانە سێ جار دەکرایەوە و خواردنەکانی لێوە دەهاتن. ئەوەی گرنگ بوو، دەرگای پشتەوە بوو کە لە دیوی حەوشەکەوە دەکرایەوە.

ئەم وردە زانیارییانەم بەهەڤاڵانم وت. هەموو کەیفخۆش بوون، بەتایبەتی حەمە تەها و خالید، کە دیسان، پەلەیان بوو شتێک بکەین.

خالید وتی:

«مادام دەتوانی دەرگاکە بکەینەوە بۆ نەیکەین».

کار هەر کردنەوەی دەرگای خۆمان نەبوو. ئەوەم بۆ ڕوون کردنەوە، کە بەئاسانی، هەر کاتێک بمانەوێ، دەرگاکە بکەینەوە، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە. وتم:

«کردنەوەی دەرگا سەرەتایە و دەبێ بزانین لەو دیو زیندانەکەمانەوە چی هەیە. ئێمە هیچ دەربارەی ئەو دیو نازانین».

هەر دوو بێدەنگ بوون. من بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە قەناعەت بەغازی ئاوچی بکەم، کە لەمەودوا، خەڵکی بۆ تەشت هێنان دانا، لەوانەی خۆمان دابنێ. دیارە هەموو ڕازی بوون و هەمووش ئامادەگی خۆی نیشان دا.

عەسرێک کە لەگەڵ غازی ئاوچیدا خەریکی دەمەتەقێ بووین پێم وت:



«ئەم برادەرانەی ئێمە تا ئێستا کەسیان نەنێردراون بۆ تەشت هێنان. بەڵکو ئەمجارە لەوان بنێریت»،

بۆ ئەو مەبەستەش ناوی برادەرەکانم پێ وت.

یەکەم جار، حەمە تەها بوو. کە هاتەوە، هەندێ زانیاری زۆر بەکەڵکی بۆ هێناین، ئەو وتی؛ کە لەودیو دەرگاکەوە، چادرێک هەیە کە چوار سەربازی بەچەکەوە تێدایە، کە دیارە ئەوانەش پاسەوانی دەرگای پشتەوەی زیندانەکە بوون. لە سەرەی خالیدیشدا پێی وتین کە لەودیو چادرەکەوە هەموو زیندانەکە، بەتەلی دڕکاوی، دەورە دراوە وتی:

«ئەوەی گرنگ بێ ئەوەیە کە بەڕادەی مەترێک ئەو تەلبەندە نەوی کراوە، بەجۆرێک کە مرۆڤ دەتوانی بەسەریدا بڕوا».

زانیارییەکانی لەوەودوا لە مامە سالە و موختارم وەرگرت. ئەوانیش سەبارەت بەو دیو زیندان وتیان:

«دوای تەلبەندەکان، جەنگەڵێک لە دار خورمایە و لە ناویدا بینای جۆراوجۆری تێدایە و لە دوورەوە تەلبەندێکی تر دەبینرێ...».

لە سەرەی سەروەردا، ئەو، زانیارییەکی گەلێ گرنگی بۆ هێناین، ئەویش ئەوەیە کە وتی:

«لەو دیو تەلبەندەکانەوە ئوتومبێلێکی تەکسیم دی. ئەویش هەر ئەوە دەگەینێ، کە ئەو دیو ئەو تەلبەندە کۆتایی سەربازگەکە بێ».

دوو خاڵ بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو. یەکەم دەرگای ژوورەکەی خۆمان بەئاسانی بۆ دەکرایەوە و دووەم، دەرگای پشتەوەی زیندانیش، هەر لە ناوەوە دەکرایەوە. ئەمیان هەر قفڵی پێوە نەبوو.

ئەم زانیارییانە زۆر بەهێز بوون. ئێستا دەمانزانی دەوروبەرمان چی لێیە و گەر کارێک بکەین، ڕووەو کوێ هەڵێین. تێبینییەکانی سەروەر زۆر بەبایەخ بوون. گەر تەکسی بینرابێت، مانای وایە، ئیتر ئەوە شەقامی دەرەوەیە، چونکە تەکسی بەهیچ جۆرێک مۆڵەت نەدەدرا کە بچێتە نێو سەربازگەیەکەوە.

بەڵام وا هەموو ئەوانەشمان زانی. ئەی سەربازەکان. لەم زیندانەدا پاسەوانی بیست و چوار سەعات هەبوو. هەمیشە یەکێک لە حەوشەکەدا بەشەو و بەڕۆژ دەگەڕا و ئەو دیو زیندانەکەش چوار سەربازی تری لێ بوو. ئیدی سەبارەت بەبەردەمی دەرگای پاسەوانەکان، هیچ زانیارییەکمان نەبوو. ئەو ساتە کەمەی، کە بەنێو دەرگای سەربازەکاندا کێشیان کردم، ئەوەندە نەبوو، کە سەرنجێکی جدی بدەم، بەڵام بێگومان پاسەوانی هەبوو چونکی ئەوە بەڵگە نەویست بوو، کە زیندان دەبێ، لە هەر چوار لاوە پاسەوانی بکرێ.

ئەم ڕاستییانەم بۆ هەموو برادەران تاوتوێ دەکرد. ئەوانیش هەریەکە باری سەرنجی خۆی دەدا.

دەبوو ئیتر، هەموو کاتێک، بزانین چی لە دەرەوە ڕوو دەدات، بەتایبەتی بەشەو بۆ ئەوەش پاسەوانیمان کرد بەسەرە. هەر شەوە یەکێکمان تا بەری بەیان بەئاگا دەبووین و لە ژێر دەرگاکەوە دەمانڕوانییە دەرەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، من تۆزێ پاڵەپەستۆم خستبووە سەر غازی ئاوچی، بۆ ئەوەی پاسەوانی شەومان، بتوانێ بەئاسانی، دەرەوە ببینێ.

غازی هیچ هەستی بەو ڕەفتارەمان نەکرد. گەر جاروبار گومانیشی نیشان بدایە، ئەوا بەپاساوی هەوا خۆری پینەمان دەکرد.

گرنگ ئەوە بوو، هەموو شەوێ، دەمانزانی چی لە حەوشەکەدا ڕوو دەدات.

***

(٢٦)

پەلکەزێڕینەی هیوایەکی نەمەییو، دەماخی هەموومانی پاراو دەکرد و پەپوولەی ناخی دەروون ڕووەو گوڵزاری ئازادی ملی دەنا. کاتێک کە جیهان وا دەچێتەوەیەک و دەرودەشت و کێو و زەوی و ئاسمان و ئاسۆی لە بن نەهاتوو، تێک دەخزێ و تێک دەچرێ و لە تەنیا ژوورێکی گەرمی



داخراوی بچکۆڵەدا خۆی دەنوێنی، کە مرۆڤ، لەبەر تەنگەبەری، بەئاستەم هەڵسووڕانی خۆی تێدا مەیسەر دەکات، ئا لەو کاتەدا مرۆڤ بەتەواوی هەست بەقەوارەی ڕاستەقینەی سەربەستی دەکات و لە مانای قووڵی ئازادی دەگات. ئا لەو کاتەدا، ئازادی مانای تەواوی جریوەی ئەستێرە و تریفەی مانگەشەو و خوڕەی چەم و سەوزە گیای بەهار و کانیاوی ڕوون و قاسپەی کەوی تاریک و ڕوون و زەردەی خۆرەتاوی دەمەو ئێوارە و ئاسمانی شینی لە بن نەهاتوو دەگەیێنێت. ڕاستە من بەجەستە لەنێو زینداندا بووم، بەڵام بەبیر و هۆش لە دەرەوە بووم. مێشکم هەر ئاڵۆزی ئەوە بوو کە چی بکەین بۆ ئەوەی، لەم دۆزەخە، ڕزگار بین. ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتبوون ترووسکەی هیوایەکی لامان نەخشاند بوو. بەڵام کە زۆر لێکم دەدایەوە، دەیخستمە گومانەوە. ئێ وا دەرگای ژوورەکەشمان بەشەو کردەوە، ئیتر ئێمەی بێ چەک بەرەنگاری پاسەوانێکی چەکدار دەبین، لەو حاڵەتەدا چی بکەین پەلاماری بدەین، ئەی ئەو دەستەوستان دەوەستێ، نایکات بەهاوار و تەقە، کە بووش بەتەقە هەموو پاسەوانەکانی تر بەخەبەر نایەنەوە و هەموو سەربازگەکەش نایەتە هەژین. ئەی ئێمە چیمان بەسەر دێ. ئەمانە هەمووی بەمێشکدا دەهات، بەڵام ئەی زیندانییەک بتوانێ دەرگای ژووری زیندانەکەی بکاتەوە نابێ سوود لەو هەلە وەربگرێ.

شەریف، وەک پیشەی هەمیشەیی، بەتەنیا لە سووچەکەی خۆیدا شانی دادا بوو. جوان سەرنجم دا. بەشان و باهوویدا، بەریشە درێژە ماش و برنجەکەیدا، بەبرۆ ڕەشە ئەستوورەکانیدا، لە پاڵەوانەکانی مێژوو دەچوو. زۆر بەویقار بوو، هەروەک خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژ بوو. لێی نزیک کەوتمەوە، دەمویست بیروبۆچوونی، لەسەر ئەم بیرە نوێیەم، بزانم بەڵام بێ ئەوەی باسی هەوڵی ڕاکردن بدەم. وتم:

«تۆ زۆر شارەزای ئەم بەندیخانەیەی، بەڕای تۆ کەس دەتوانێ لێرە ڕزگاری بێ».

پرسیارەکەم تەمومژاوی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شەریف وتی:

«زیندان نییە مرۆڤ نەتوانێ لێی ڕابکات، بەڵام ئەویش دەکەوێتە سەر جورئەت و شانس».

بەڵام بۆ مرۆڤێکی بێ چەک شانس چ ڕۆڵێک دەگێڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

«وا هەردووکی ڕەخسا، ئەی ئەوسا».

شەریف بزەیەک گرتی، لەوە دەچوو لە مەبەستەکەم بگات، چونکە وتی:

«ئەو ڕێگەیە دەگرێ، کە چەند هەفتەیەکە خەریکی شارەزا بوونین».

لە ڕاستیدا سەرم سووڕما. ئەو چۆن دەیزانی ئێمە سەرقاڵی تەعقیبی نەخشەی سەربازگەکەین بۆیە وتم:

«چۆن دەزانی ئێمە خەریکین».

شەریف دەستێکی هێنا بەڕیشە درێژەکەیدا، پاشان دەستی خستە سەر شانم و وتی:

«لەم شوێنە بچووکەدا چی بەنهێنی دەکرێ».

گومانم لا پەیدا بوو، گەر شەریف، کە هەمیشە بەتەنیا لە سووچێکی ئەم ژوورەدا، کات بەسەر دەبات ئیدی مانای وایە هەموو زیندانییەکانی تر بەو کارەیان دەزانی. ماوەیەک بێدەنگ بووم. من وام دەزانی کارەکانمان زۆر نهێنین. کەچی وا دەرنەچوو. شەریف هەستی بەنیگەرانیم کردبوو بۆیە وتی:

«هیچ دڵتەنگ مەبە. زۆر ئاساییە. لە ژووری زینداندا هیچ شتێک ناشاردرێتەوە».

کێ بێ، لە ئێمە، ئەم نهێنییەی لا درکاندبێ. چۆن هەر لە ئێستاوە کە هێشتا هیچ هەنگاوێکمان نەناوە، ئاوا ئاشکرا بین. چاوم بەناو هاوەڵەکانمدا دەگێڕا.

کامیان ئەو ڕازەی درکاند بێ، کە هێشتا خۆمان بەتەواوی لامان گەڵاڵە نەبووە بۆیە وتم:



«پێم ناڵێی کێ ئەمانەی لا باس کردووی».

شەریف کەوتە پێکەنین. دیار بوو گاڵتەی بەعەقڵم دەهات. دەستی کێشا بەپشتم دا و وتی:

«لە زینداندا باس هەر باسی ڕاکردن و دەربازبوونە. بۆیە زۆر ئاساییە هەموو کەسێ باسی بکات...».

ئیشارەتی بۆ غازی ئاوچی کرد و بەردەوام بوو:

«تەنانەت ئەویش باسی دەکات. بۆیە هیچ نیگەران مەبە. مرۆڤێک چاوەڕێی سێدارە بێت، دیارە باسی ڕزگار بوون دەکات.».

ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان وتی:

«ئەوە تەنیا زاخاوی دەروونە. مرۆڤ حەز دەکات تا دوا ساتی، هیوای دەربازبوون بخوات. بەڵام کێ دەتوانێ لەم زیندانە دەرباز بێ. ئێرە زیندانێکی ئاسایی نییە. زیندانە و لەناو سەربازگەدا. من وتم زیندان نییە مرۆڤ نەتوانی لێی ڕابکات، بەڵام ئەم زیندانە لەناو جەرگەی گەورەترین سەربازگەی ڕژێمدایە لە کەرکووک. مرۆڤ بۆ کوێ ڕادەکات، گەر ڕابکات، ئەوا دەچێتە نێو سەربازگەکەوە. لات وایە بەندێکی بێ چەک، چی دەتوانێت بکات، لە تەسلیم یان شەهید بوون زیاتر دەتوانێ چی بکات...».

وتەکانی ڕاست بوون، مرۆڤ دەیتوانی چی لەناو ئەم سەربازگەیەدا بکات، گەر ئەو هەلەشی بۆ ڕەخسا کە لەم زیندانە خۆی قوتار بکات.

سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند. ئەو پیاوێکی خاوەن ئەزموون بوو، زۆر لە ئێمە دنیای زیاتر دیبوو. مرۆڤێکی کردەش بوو، بەدەست و مەچەکی خۆی خۆفرۆشێکی بەسزای موستەحەقی خۆی گەیاندبوو. ڕایەکانی جێی ڕێز بوون، بۆیە ئیزنم لێ خواست و هاتمەوە شوێنەکەی خۆم. بەتەنیا دانیشتم، بیرم بۆ لای قسەکانی شەریف دەچوو. مرۆڤ چەند بوێریش بێت بەڵام دەبێ هەلێکی لەباری بۆ بڕەخسێ.

قسەکانی شەریف هەر ئەو ڕاستییەی دەدرکاند کە هەر کارێک بکرێ،

لەم شـوێنەدا، بەبێ چەک ناکرێ. چەک بوێری دەخـولقـێنێت، ئـنجـا هەل و شانس دەمێنێت.

چەک و بوێری و هەل و شـانس، جـا کـەی ئەمـانە هەمـووی پێکەوە کـۆ دەبنەوە. لێی ڕاکشام، غازی ئاوچی ئانیشکێکی لێ دام و وتی:

«بیر لە چی دەکەیتەوە؟».

بێ ئەوەی چاوەکانم هەڵبڕم وتم:

«لە ڕاکردن...».

گوێم لێ بوو، چۆن غازی ئاوچی، بەدەنگی بەرز، دایە هاڕەی پێکەنین.

***

(٢٧)

مـاوەیەک بوو هەسـتـمـان دەکـرد کـە پاسـەوانەکـان بەخـەسـتی خـەریکی ئازاردانی بەردەوامی بەشەکانی تر بوون، ئەوە هیچ ڕۆژانە یەک دوو بەندی لای خۆمانیان بۆ ئازاردان دەبرد، بەڵام بەزۆری بەندی ژوورەکانی تر بوون.

لەوەو پێش، بەشەو، ئازاردان لە حەوشەکەدا نەبوو بەڵام ئێستا شەوانە پاسەوانەکان، سەرقاڵی ئەشکەنجە بوون. هەموومان نیگەران بووین و هۆی ئەو ڕەفتارەشمان نەدەزانی. بۆ وا بەپەلە بوون، بۆ تا شـەوێکی درەنگ لە بەندەکانیان دەدا. کەسمان وەڵامێکی ئەوتۆمان پێ نەبوو، بۆیە لە شەریفم پرسی کـە بۆ وا بەم شـێـوەیە، شـەو و ڕۆژ، لە خـەڵـک دەدەن. لە وەڵامـدا وتی:

«هەر کـاتێ ئەم زیندانە پڕ دەبێ، ئیـتـر دەیانەوێ بیـاندەن بەدادگـای شۆڕش، بۆ ئەوەی بتوانن پێشوازی لە بەندە نوێکان بکەن، کە لە ئەمن و ئیستیخباراتی شارەکاندا چاوەڕوانن».

پێـویست نەبوو بپـرسم کـە ئەو چۆن دەزانێ. چونکی ئەو خـۆی نۆ مـانگ بوو لەم زیندانەدا بوو لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

«بەچیدا دەزانی؟».



شەریف بزەیەک گرتی و وتی:

«خۆم نۆ مـانگە لێـرەم و تا ئێـسـتـا سێ جار، لەگـەڵ وەجبـەدا، براوم بۆ دادگا بۆیە دەزانم...».

لە ڕاستیدا ئەوە یەکەمین جار بوو کە شەریف باسی ئەوە بکات کە براوە بۆ دادگا، بۆیە زۆر تامەزرۆ بووم کە لە چۆنیەتی دادگا بگەم بۆیە وتم:

«بۆم باس ناکەی دادگای – ئەگەر پێی بڵێین دادگا – هی ئێرە چۆنە...».

بەدەستی کەوتە ڕیش خوراندنی پاشان وتی:

«کـە لێکۆڵینەوە لەگـەڵ بەندەکـاندا، پاش ئازاردان، تەواو دەبێ، ئیـتـر هەموو بەکۆمەڵ دەبرێن بۆ دادگا، دیارە دادگای عەسکەری و لەوێش تەنیا ناو دەخوێندرێتەوە و پاشان یان یەک یەک یان بەکۆمەڵ حوکم دەدرێن. کەسیش مافی بەرپەرچدانەوەی نییە.».

کەمێک ڕاوەستا، زووربەی بەندەکان گوێڕایەڵ بوون. دیار بوو قسـەکانی زانیاری بوو بۆ هەمووان. شەریف بەردەوام بوو:

«ئەوەی نکوڵی لە قسەکانی خۆی بکات یان بڵێ بەزۆر ئەو قسـانەم پێ وتراوە، ئەوە ئیتر دەیگێڕنەوە بۆ هەیئە...».

بەخەیاڵ دادگاکەم دەهێنایە بەرچاو وتم:

«یانی ئیتر بەری دەدەن؟!».

پرسـیـارێکی سـادە و سـاکـار بوو. هەر نەمکردایە بـاشـتـر بوو، چونکە شـەریف، کە مرۆڤێکی زۆر بەویقاریش بوو، دایە هاڕەی پێکەنین. شـەرمم لە نەزانینی خۆم دەکرد. شەریف وتی:

«نەخێـر. بەپێـچەوانەوە. هەر کەسـێک لە دادگادا پەشـیـمـان بێـتەوە و نکوڵی لە قـسـەکانی خۆی بکات، ئەوا دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەیەکەوە کە مـرۆڤ تەحـەمـولی ناکـات. ئەوەندەی لێ دەدەن، کـە جـارێکی تر، چاوی بەدادگا نەکەوێتەوە».

مەغدید کە بەتەمەن لە هەموومان بچووکتر بوو وتی:

«ئەی بەنیسبەت منەوە. من هێشتا هەژدە ساڵم تەواو نەکردووە. منیش

دەدرێم بەدادگا ؟» .

جوان سەیری مەغدیدم کرد. منالێک لەو تەمەنەدا دووچاری زیندانێکی وا تۆقێنەر بێ. دەبێ ئێستا حاڵی دایک و بابی چۆن بێ. شەریف لە وەڵامیدا وتی:

«ئەمانە گوێ نادەنە تەمەن. بڕیاری خۆیان هەر دەدەن. بۆ ئەوانەی وەک تۆ تەمەنیان کەمە. سجلی نفوسی بۆ دەگۆڕن و تەمەنی دەخەنە سەروو هەژدەوە» .

مەغدید ڕەنگی سوورایی تێدا نەما. سەری لەقاند و هیچی نەوت. زۆر بەزەییم پێدا هاتەوە، هاوکات بەوەش خۆشحاڵ بوو کە لە سێدارە نادرێ. ئەو تەقەمەنی پێ نەگیرا بوو. هەر حوکم دەدرا.

خەیاڵم بۆ لای شەریف خۆی دەچوو، ئەو بەڵگەی لەسەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، وەک خۆی دەیوت، سێ جار بۆ دادگا براوبوو، کەچی نەحوکم درا بوو، نەئازاریش دەدرا. ئەمە لای من وەک مەتەڵێک وابوو. شەرمم دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا لێم پرسی:

«ئەی تۆ چۆن سێ جار براویت بۆ دادگا و گەڕاویتەوە» .

شەریف سەری لەقاند. دەیزانی دەبێ ئەو پرسیارەی لێ بکرێ. وتی:

«من لەسەر کێشەیەکی کۆن گیراوم. ڕاستە من خۆفرۆشێکم بەسزای خۆی گەیاندووە، ئەگەرچی لێبووردنی گشتی دەرچووە، بەڵام وەک دەبینن ئەمانە خاوەنی هیچ جۆرە وەعدێک نین، ئەوەتا نۆ مانگە گرتوومیانەتەوە و هەر جارێک کە دەشمبەنە دادگا، نازانن چیم لێ بکەن. بە چ مادەیەک حوکمم بدەن، بۆیە هەموو جارێکیش دەمگێڕنەوە. وا بزانم دەیانەوێ شتی نوێم بەسەردا ئیسپات بکەن. ئەوانە نایانەوێ بەرمدەن، بۆیە بۆ بەڵگەیەک یان پاساوێک دەگەڕێن کە حوکمم بدەن...» .

غازی ئاوچی، کە تا ئەو کاتە، هەر بەبێ دەنگی گوێی لێ دەگرتین هەڵیدایە و وتی:

«بەڵام من یەکسەر بەردەبم. خوا خوامە زوو دادگایی بکرێین. من



بەسەرخۆشی گیراوم. خۆشیان دەزانن. من هەر بەردەبم» .

زۆربەی بەندەکان پرسیاریان لە شەریف دەکرد. زانیارییەکی بۆ ئێمە هەموومان نوێ بوو. هەمووش حەزمان دەکرد شتێ لەو بەناو دادگایە بزانین.

دەروێش مەولوود ئەویش هاتبووە نزیکمان، وەک لە دادگادا ڕاوەستابێ ڕووی کردە شەریف و وتی:

«من لەسەر هیچ گیراوم. بۆ بەرم نادەن!» .

دادگایەکی سەربازی، بەنهێنی، چی لێ ڕەچاو دەکرێ. ئەو دادگایە هەر بۆ ئەوەیە کە زیندانییەکان یان بۆ سێدارە یان بۆ حوکم ڕەوانە بکات.

کلیلی دەرگای ژوورەکەمان بەئەزیەت، جارێکی تر، بەنێو کێلونەکەدا وەردەچەرخا.

چەند جارێک بایاندا تا دەرگاکەیان کردەوە. بەندێکی نیوە مردوویان فڕێ دایە ژوورەکەمانەوە. هەموو گیانی خەڵتانی خوێن بوو. بەندەکان دەوریان دا. هەریەکە و بەجۆرێک یارمەتی دەدا.

گەر شتێک بکرێ دەبێ پێش دادگایی بکرێ. ئەمەم بەهەڤاڵانم وت و ئەوانیش سەری ڕەزامەندییان بۆ لەقاندم.

***

(٢٨)

هەموو لە دەوری بەندە نوێیەکە کۆبووینەوە، تەواوی سەروچاوی خەڵتانی خوێن بوو، بنی پێی شەقار شەقار بوو، چاوەکانی بۆ بەرز نەدەکرایەوە و بەئەزیەت هەناسەی دەدا، سەرنجی هەیئەتیم دا، دەستێ چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بوو، لە خوێندەوارێکی پایە بەرزی دەکرد. هەریەکەمان بەجۆرێک یارمەتیمان دەدا. شەریف وتی:

«تۆزێک ئاوی بدەنێ» .

مامە سالە، کە لە هەموومان لە سەتڵەکەوە نزیکتر بوو، چۆڕێک ئاوی

کرد بەدەمیەوە و وردە وردە هاتەوە هۆش خۆی، کە هەڵمانساند و دانیشت بەوردی چاوی بەناوماندا گێڕا، کەسمانی نەدەناسی بۆیە وتی:

«ناوم ئارازە و ئەندازیارم».

ئەمە یەکەمین جار بوو کە کەسێکی وا پایە بەرز بهێنرێتە لامان بۆیە هەموو تامەزرۆی ئەوە بووین کە بزانین بۆ گیراوە. هاوڕێ مارف یەکسەر وتی:

«ئێوەش دەگرن؟».

لەوە دەچوو بەپرسیارەکە نارەحەت بووبێ، چونکە کەمێک ناوچەوانی گرژ کرد و پاشان وتی:

«بەڵێ».

ڕژێم هەرگیز دەستی نەدەپاراست و لە هەموو چین و توێژاڵەکانی گەلەکەمانی دەگرت. لای ئەوان پلە و پایە و ڕادەی خوێندن و زانیاری گرنگ نەبوو. تەنیا پێوەرێک، لای ئەوان، ڕازی بوون بەدەسەڵاتی داگیرکەر و ڕازی نەبوون مەرج بوو. ئەوانەی بەرەنگاری دەسەڵاتی داگیرکەر دەبوونەوە، ڕژێم بێ سێ و دوو، دەیگرتن و بەتوندترین شێوە سزای دەدان. ئەوەی هەست پێ دەکرا دەسەڵاتداران، بەتایبەت هی ئەم شوێنە نهێنییانە زیاتر ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشنبیریان دەدا. چونکە ئەوانە ئەو ڕاستییەیان دەزانی کە ئەوان ڕێکخەری جەماوەر و سەرە نیزەی هێزی بەرەنگاربوونن.

هاوڕێ مارف بەپێکەنینەوە وەک دڵنەواییەک بۆ ئارازی ئەندازیار وتی:

«برام مەبەستم تەنیا ئەوە بوو کە بزانم تۆ لەسەر چی گیراویت...».

ئەگەرچی پرسیارەکە زۆر سادە بوو، وەڵامەکەشی ڕوون و ئاشکرا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئارازی ئەندازیار وتی:

«کاکە لەسەر ئەوەی دەڵێن یارمەتی بۆ پێشمەرگەکانی شاخ دەنێرم...»

کەمێک ڕاوەستا پاشان وتی:



«ئەوان دەڵێن پێشمەرگەکانی شاخ، من بەخێویان دەکەم و مانگانەیان بۆ دەنێرم...».

غازی ئاوچی هاتە پێشەوە و دەیویست بزانێ باسی چی دەکەین بۆیە کەس پرسیاری تری نەکرد.

من لەلاوە بەلاچاو سەیرم دەکرد، زۆر هیلاک و بێ خەو دەهاتە پێش چاو، برینەکانی دەم و چاوی تەڕوبڕ بوون. دیار بوو دووچاری ئازاردانێکی زۆر بوو بوو.

چاوەکانی لێکنا، دەیویست سەرخەوێک بشکێنی یان ئازارەکانی لە بیر خۆی بباتەوە کە لە ناکاودا لە دەرگا درایەوە. کە دەرگا کرایەوە (ڕەعد) خۆی و چوار سەرباز بوون و بانگی ئارازی ئەندازیاریان کرد. لام سەیر بوو کە (ڕەعد) وەک بەرپرسی ئەو دەستگایە، خۆی ئاوا بەشەو، بێتە دەرێ و داوای بەندێک بکات. کە دەرگا داخرایەوە خێرا سەرم نایە ژێر دەرگاکەوە، دەمویست بزانم چی ڕوو دەدا، بەڕوونی دەرەوەم دەدی. کورسییەکیان بۆ (ڕەعد) هێنا و لەسەری دانیشت، پاشان ئارازیان لە حەوشەکەدا بەعەموودەکەوە بەستەوە و کەوتنە لێدانی بنی پێی. هەر دوو سەرباز لە پێیەکی دەدا. هەموو گوێمان لە هاواری بوو. دەنگی دەگەیشتە ئاسمان و لەتاو ئازاری بنی پێی، سەری بەچیمەنتۆی حەوشەکەدا دەکوتا و داوای ڕەحم و بەزەیی دەکرد. لەوە نەدەچوو لە ژیانیدا ئازار درابێ، چونکە بەجۆرێک هاواری دەکرد کە بێ بەزەییترین مرۆڤی دەهەژاند.

کەس لە ژوورەکەماندا ورتەی نەدەکرد. هەموو گوێ قوڵاخی هاوار و هەڕەشەی (ڕەعد) بووین کە بەدەنگی بەرز دەیقیژاند و دەیوت:

«تۆ... تۆ... پێشمەرگە بەخێو دەکەیت. ئێوە نەبن ئەو یاخییانە لە برسا دەمرن...».

ماوەیەک دەنگی هاوار نەما، کە بەوردی سەیرم کرد، ئاراز لە هۆش خۆی چوو بوو. سەربازەکان لە لێدان کەوتن و یەکێکیان سەتڵێک ئاوی هێنا و ڕژانی بەسەر ئارازدا. کە هاتەوە هۆش خۆی (ڕەعد) وتی:

«درۆ دەکات هێشتا زیندووە.».

ئەمەی وت و سەربازەکان کەوتنەوە لێدانی. لێدان هەر بەردەوام بوو، ئەوە یەکەمین جار بوو لە کەسێک بەو جۆرە بدرێ. دیارە هەموومان دووچاری ئەشکەنجە بوو بووین و دەمانزانی لێدان یانی چی، بەڵام کەس بەو ڕادەیە و ئەو ماوە زۆرە، لەسەریەک لێی، نەدرابوو، (ڕەعد) هاواری دەکرد و دەیقیژاند:

«دان بەتاوانەکانتا بنێ، دەنا هەر لێرە لەناوت دەبەین...».

سەربازەکان بەهەموو هێزیان هەر لە بنی پێیان دەدا و ئەویش هەر پشتی سەری بەزەویدا دەکوتا. هەموو سەری ببووە خەڵتانی خوێن و هاواری تا دەهات کزتر دەبوو.

ڕەعد لەسەر کورسییەکەی هەستا و خۆی بەقاچەکانی کەوتە لەقە لەسەر سنگ و سکی ئاراز، ئەمیش وەک شێتی لێ هاتبوو، لەسەر سکی هەڵدەپەڕی. ئاراز لە پەلوپۆ کەوتبوو، نووزەی نەدەهات. (ڕەعد) دانیشتەوە، هەناسە بڕکێی بوو، بەهەموو تواناى قیژاندی:

«ئاو بکەن بەسەر ئەم تاوانبارەدا، با بێتەوە هۆش. هەر دەبێ دانان بەتاوانەکانیدا بهێنێ. ئەم شەو من وازی لێ ناهێنم...».

سەربازەکان ئاویان دەکرد بەسەر و گیانی ئارازدا، بێ سوود بوو، نەدەهاتەوە هۆش خۆی. من چاک لە ژێر دەرگاکەوە تێم دەڕوانی، جووڵەی لەبەر بڕا بوو.

(ڕەعد) هەستایەوە سەرپێ، ئەمجارەیان بەلەقە کەوتە سەری. هیچ ورتە نەدەهات بۆیە لای سەریەوە دانیشت، پێڵووی چاوی بەرز کردەوە و دەستی نایە سەر دڵی. ماوەیەک مات بوو، سەربازەکان بەترسەوە دەیانڕوانییە (ڕەعد). گڵۆپی زەردباوی حەوشەکە سێبەری (ڕەعد) و سەربازەکانی دەکێشا بەسەر لاشەی بێ جووڵەی ئارازدا.

سەربازێک بەچیچکانەوە دانیشت. نەبزی دەستی ئارازی دەگرت و سەری بۆ لای (ڕەعد) هەڵبڕی و وتی:

«گەورەم... تەواو بوو».

***



(٢٩)

پەتای دادگا هەمووماني گرتبووەوە، ترس و شڵەژان و نیگەرانی لەسەر و پۆتەڵاکی هەمووماندا دەبینرا، بەتایبەتی ئەوانەی لە سێدارە دەدران. هەموو زوو زوو دەوری (شەریف)مان دەدا و پرسیاری جۆراوجۆرمان لێ دەکرد. ئەو لە هەموو کەس شارەزاتر بوو.

بەیانی بوو، جموجۆڵێکی نائاسایی لە حەوشەکەدا هەست پێ دەکرا. لە بنی دەرگاکەوە دەمڕوانییە دەرێ، سەربازەکان بەچەکەوە لە حەوشەکەدا وەستا بوون، تفەنگەکانیان بەشێوەی ئامادەگی لە شاندا بوو. ئەمەم بەدانیشتوانی ژوورەکە وت، ئیدی لەوە دەرچووبوو، بەدزییەوە، بڕوانمە دەرێ. دادگا نزیک ببووەوە.

غازی، ئەویش جاروبار لە بنی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. ترس لەویش نیشتبوو.

نەمدەزانی بۆ، ئەو هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە لەسەر هیچ گیراوە. دوور نییە لێدانەکەی دوێنێ، کاری تێ کردبێ، ئەو لێدانە بەو شێوەیە، دڵی هەموو مرۆڤێکی دەهەژاند. مەرگی ئارازی ئەندازیار نموونەیەک بوو لە تاوانە نهێنییەکانی ئەم دەستگایە. ئەوانەی لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست دەدا، هەرگیز نەدەدرانەوە بەخاوەنەکانیان و بەونبوو حسابیان بۆ دەکرا.

هەوڵی کردنەوەی دەرگاکە، هەموو بەندەکانی خستەوە شوێن خۆی. هەموو هەر بەچاو سەیری یەکتریمان دەکرد. کە دەرگاکە کرایەوە سەربازەکان داوایان لێ کردین کە یەکە یەکە بچینە دەرێ.

یەکێک لە سەربازەکان مەکینەیەکی سەرتاشینی بەدەستەوە بوو، چوار سەربازەکەی تر، لوولەی تفەنگەکانیان تێ کردبووین. یەک لە دوای یەک بانگیان دەکردین بۆ بەردەم سەربازی مەکینە بەدەستەکە و ئەویش هەر بەپێوە دەکەوتە سەر و ڕیش و سمێڵی بەندەکان و تا دەیتوانی بەشێوەیەکی

هەرەمەکی مەکینەی پیا دەهانی، بەشێوەیەکی وا ڕوخساری بەندەکانی دەشێواند کە خودی سەربازەکان لە خۆشییاندا، دەیاندایە قاقای پێکەنین.

شەریف لە تەنیشتمەوە ڕاوەستا بوو، بەئەسپایی پێی وتم:

«ئیتر ئەمڕۆ یان سبەینێ دەمانبەن بۆ دادگا».

کەمێک ڕاوەستا و پاشان وتی:

«ئەمە نیشانەی دادگاییکردنە».

نازانم مەبەستی زیندان، لەم ڕوخسار شێواندنە، ئەوە بوو کە بەندەکان بەشێوەیەک بەرنە بەر دادگا، کە ببێتە مایەی پێکەنینی دادگاییکەران یان هەر خودی سەربازەکە، ئەوەندە لە دەلاکی دەزانی، هەر کامیان بێ، ئەو کارەیان تەنیا سووکایەتیکردن بوو بەگیراوەکان.

من سوودم لەو چوونە دەرەوەیە کرد. تا توانیم بەلاچاو سەیری دەوروبەرم کرد و بەوردی ڕوانیمە دەرگای دەرەوە. لە دیوی ناوەوە دادەخرا و هیچ قفڵ و کلیلێکی پێوە نەبوو. سەربانەکانیش تەلبەندی پێوە نەبوو.

گەر مرۆڤ بتوانێت، بێتە نێو ئەم حەوشەیەوە، ئەوا بەئاسانی دەتوانێ دەرگای پشتەوە بکاتەوە. من خەریکی تاوتوێی ئەو بیرۆکانە بووم کە سەرە گەیشتە سەر من. سەربازێک پشتی ملی گرتم و ڕایکێشامە بەردەم سەربازی سەرتاش و ئەویش یەکسەر کەوتە سەروگوێلاکم. من ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو کە گوێکانیشم هەڵپاچێ، چونکە هێند بەخێرایی و نەشارەزایی ئەو کارەی دەکرد، کە گومانی ئەوەم دەکرد کە بەساغی لە ژێر چنگیا دەرنەچم. لە چاوترووکانێکدا مووی سەر و ڕیش و سمێڵمی هەڵپاچی. گوێم لێ بوو. سەربازەکان، پێم پێدەکەنین و ئیشارەتیان بۆ یەکتری دەکرد. دەبێ چ دیمەنێکم بووبێ.

کە هەموو تەواو بووین، کردیانینە ژوورەوە و دەرگایان لەسەر داخستین لە ڕاستیدا خۆشمان بەناچاری بەیەکتری پێدەکەنین.

فرسەتم هێنا و چوومە لای شەریفەوە و لێم پرسی:

«کەی دەمانبەن بۆ دادگا، وەک بزانی؟».



بەو موو هەڵپاچینە، شەریف گەنجتر دەهاتە پێش چاو، وتی:

«تازە ئەمڕۆ هیچ، بەڵام ڕەنگە سبەینێ یان دووسبەی بمانبەن بۆ بەردەم دادگا. جارانی پێشووش هەروا بوو. کە سەر و سمێڵیان عەدم دەکردین ئەوا هەریەک دوو ڕۆژی پێ دەچوو، ئیدی بۆ دادگایان دەبردین...»

گەر کارێک بەپەلە نەکرێ ئیتر بڕوا ناکەم هەلی وا لەبارمان دەستکەوێ. ئەم دوو دەرگایە ئێستا بەئاسانی دەکرێنەوە، ئیتر بۆ هەوڵێک نەدرێ، کێ دەڵێ هەلی وامان بۆ دەڕەخسێ. من بیرم بۆ ئەوانە دەچوو بەڵام سەربازی بەردەرگاکە هەمیشە پلانەکانی لێ تێک دەدام. ئەی چی لەو سەربازەی بەردەرگاکەمان بکرێ. پەلاماری دەین و بەهەموومان هێزی لەبەر بڕین.

شەریف ئانیشکێکی لێ دام و وتی:

«بۆ وا بێدەنگی؟».

هاتمەوە هۆش خۆم و وتم:

«بەچەند ڕۆژ دادگایی دەکرێین. خۆ ئەم هەموو بەندە بەیەک ڕۆژ دادگایی ناکرێ؟».

لە وەڵامدا وتی:

«هەمیشە هەوڵ دەدەن بەیەک ڕۆژی تەواوی بکەن، چونکە ئەوانە لە بەغداوە دێن.».

سەرم لێ دەرنەدەچوو بۆیە وتم:

«بەڵام چۆن بەیەک ڕۆژ تەواو دەبێ».

بزەیەک گرتی و سەری لەقاند و وتی:

«پێم نەوتیت ئەمە بەناو دادگایە. دادگای چی، ئەمانە حوکم بەکۆمەڵ دەدەن».

لای من گرنگ ئەوە بوو تا درەنگتر دادگا بگاتە سەرمان، هەلێک هەر دەما. ئەو پرسیارانەشم هەر بۆ ئەوە بوو. دیار بوو شەریف بۆ هۆی پرسیارەکانم چوو بوو، چونکە وتی:

«جاری واش هەیە، دوو سێ ڕۆژ دەخایێنێ».

ئەوە وەڵامێکی دڵخۆشکەر بوو. دەمویست هەرچییەک دەتوانین بکەین، هەر لێــرە، لەم زیندانە بیکەین. تا ڕادەیەک شــارەزای نێــو زیندان و دەوروبەرەکەی بووبین. ئەوە لە شوێنێکی تر کێ دەڵێ بۆمان دەگونجا.

که گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم و لە تەنیشت غازی ئاوچییەوە دانیشتم یەکسەر پێی وتم:

«ئەوە چییە، هەمیشە هەر دەچیتە لای شەریف، نیازی چیتان هەیە...».

لەوە دەترسام هەستی بەشتێک کردبێت، هەرچەند ڕەفتاری ئەو ماوەیەی خراپەکــاریی لێ نەدەبیندرا، لەگــەڵ ئەوەشــدا دامــە قــاقــای پێکەنین، پێکەنینێکی دەســتکرد، پێکەنینی ئەکتــەرێکی ســەرنەکــەوتوو، بەڵام بەجۆرێک بوو کە ئەویشی هێنایە پێکەنین.

بەندەکانی نزیکمــانیش دایانە هاڕەی پێکەنین. هەر بەدەم پێکەنینەوە وتم:

«ئەی ناڵێم بەتەمای ڕاکردنم».

من لە پێکەنین کەوتبووم. غازی و بەندەکانی دەوروپشتم بەو "نوکتەیە" هەر پێدەکەنین.

***

(٣٠)

نانی ئێوارەمان خواردبوو، هەمــوو لە ژوورەوە، چاوەڕێی ڕۆژی داهاتوومان دەکرد، دادگایی بکرێین یان نەکرێین، بەڵام ئەوەی کە جێی گومان نەبوو ئەوە بوو، کــە ئیــتــر ڕۆژی دادگــاییکردن بەتایبــەتی دوای ســەر و ڕیش هەڵپاچینمان، بەو زووانە دەبێ.

من لای غازی ئاوچییەوە شانم دادا بوو، بیرم لە داهاتوو دەکردەوە. هیچ گومانم لەوە نەبوو، کە بڕیاری لە سێدارەدانم لە دادگادا بۆ دەدرێ، ئەوە جێی وتووێژ نەبوو.

دەنگی لێدان، لە حەوشــەکــەدا، دەســتی پێ کــردەوە. دیار بوو بەندی



بەشــەکــانی تریان دەهێنا، ئەوەش هەر زیاتر زۆر نزیکبــوونەوەی دادگــای ڕادەگــەیاند، هەمــوو هەر بەبێ دەنگی سەیری یەکــتــرمــان دەکــرد. هاواری بەندەکان دەگەیشتە ئاسمان.

لێدان هەر بەردەوام بوو، ئەوە یەکەمین جار بوو، کەوا تا درەنگانی شەو، سەربازەکان ئازار و ئەشکەنجە بدەن. وەنەوزی خەو تینی بۆ هێنام و خەوم لێکەوت.

نازانم چەند بوو نوستبووم، کە دەستێک لە کەلەکەمەوە وەژێندرا، کە چاوم هەڵبــڕی، حــەمــە تەها بوو، ســەری خســتــە پەنا گــوێمــەوە و زۆر بەئەسپایی پێی وتم:

«هەستە خێرا. وا بۆ چارەکێکە پاسەوانی حەوشەکە لەسەر تەنەکەیەک دانیشتووە و نابزوێ. هەستە».

یەکسەر دەستوبرد منیش هەستام و لە بنی دەرگاکەوە ڕوانیمە دەرێ.

پاسەوانێک، لەسەر تەنەکەیەک، لە نزیک ژوورەکەمانەوە دانیشتبوو، کلاشینکۆفەکەی، لە تەنیشت خۆیەوە، بەدیوارەکەدا هەڵپەسارد بوو. بۆ ماوەی چەند دەقــیقــەیەک سەرنجم دا. پاسەوانەکە هیچ نەدەبزوا و پرخەی دەهات. نابێ کات لە کیس بدرێ و ئەم هەلە هەر ئێســتــا نەقــۆزرێتــەوە. هەستام و کەوتمە خەبەرکردنەوەی هەڤاڵان. لە ماوەیەکی کورتدا، زووربەی هەرە زۆریــان، خــەبەری بووەوە. هەمــوو هــاتینە نزیک دەرگــاکــەوە، بەچرپە وتم:

«ئێستا من دەرگاکە دەکەمەوە. پاسەوانەکە نوستووە، بزانم تفەنگەکەی لێ نارفێنین...».

هەمــوو بەسەر ڕەزامەندییــان نیشــان دا. ئەوانەی خۆمــان هەمــوو بەخەبەر بوون و هاوڕێ مارف بەئەسپایی قسەی بۆ دەکردن.

غــازی کە لای دەرگــاکەوە ڕاکشــا بوو، بەخەبەر نەبوو. گرنگ ئەوە بوو لە کاتی کردنەوەی دەرگاکەدا بەخەبەر نەیەتەوە، بۆ ئەوەش دەبوو کە دەرگاکە کرایەوە، لەسەری نەدا.

هەموو سەربازگەکە کشومات بوو، دەنگی هیچ نەدەهات. بەپەنجە بچکۆلەکەم، زمانی کێلونەکەم بۆ نێو سندووقەکەی برد. سەرکەوتوو بووم، بەڵام دەرگای ئاسن چ جیڕەیەکی کرد. وام زانی هەموو سەربازگە گوێی لێ دەبێ.

هەرچۆنێک بێت، هێواش هێواش، دەرگاکەم کردەوە، ئەوەندەی زەلامێکی پێوە بچێت، چونکە نەدەکرا زیاتر بیکەینەوە، گەر نا لەسەری غازی ئاوچی دەدا و بەخەبەر دەهاتەوە.

کاتێ دەرگاکەم کردەوە و ویستم بچمە دەرێ تفەنگەکە بهێنم، هەرچەندم دەکرد، بۆم مەیسەر نەدەبوو، بۆیە بەمەغدیدی بچکۆلەم وت، کە بچێتە دەرێ و تفەنگەکەم بۆ بهێنی. کارێکی زۆر ترسناک بوو، جورئەتێکی لە ڕادەبەدەری دەویست. هەموو ئانێک ترسی ئەوە هەبوو کە پاسەوانەکە بەخەبەر بێتەوە.

بەخەبەر بوونەوەشی، هەموو پلانەکانی هەڵدەوەشاندەوە. پەلی مەغدیدم گرت و ئەویش، لەسەر لا، چووە دەرێ و پری کرد بەتفەنگەکەدا، کە لە تەنیشت پاسەوانەکەوە هەڵپەسێردرا بوو. ئای لەو ساتەی تفەنگەکەی دایە دەستم.

چ سەرکەوتنێک بوو. ئیدی دەبوو دەست بەکار بین. تفەنگەکەم هێنایە ژوورێ. زۆر بەئەسپایی هێنامە سەرپێ. دەنگی ڕاکێشانی میلی تفەنگەکە، هێندە بەهێز بوو، لەو شەوە هێمنەدا، کە وام دەزانی هەموو بەندەکان بەخەبەر دێنێتەوە.

حەزم دەکرد زووربەی هەرە زۆری، بەندەکان بەخەبەر بهێنمەوە. بۆیەش بەدەست، چەند بەندێکم خەبەر کردەوە. چاوی خۆیان هەڵدەگلۆفی و بڕوایان بەو دیمەنە نەدەکرد. کاتێک دەروێش مەولوودم خەبەر کردەوە، چاوەکانی هەڵبڕی، نازانم چۆن دەیدیم چونکە وتی:

«یا ئەڵلا... یا ئەڵلا».

یەکسەر لێ نوستەوە. (بەخێوم تێدەگەیشت؟).



دەبوو کات بەفیڕۆ نەدەین، بۆیە هەرچۆنێک بوو، دەرگاکەم هێند کردەوە کە بەئاسانی لەسەر لا مرۆڤی پێدا دەچوو.

یەک لە دوای یەک، هاتینە دەرێ، نازانم چەند کەس بووین، لە حەوشەکەدا پاڵمان دا بەدیوارەکەوە.

خالید هاتە بەردەمم و چرپاندی بەگوێمدا وتی:

«بۆ نەچمە ژووری پاسەوانەکان، هەندێ تفەنگی تر بهێنم».

دەرگای ژووری پاسەوانەکان ئاواڵە بوو، بیرێکی چاک بوو، یەکسەر ڕەزامەندیم نیشان دا. خالید، لەسەر نووکی پێ، بەرەو ژووری پاسەوانەکان ملی دەنا. منیش، لوولەی تفەنگەکەم، بەرەو ڕووی پاسەوانی سەر تەنەکەکە ڕاگرت.

کە خالید هاتە دەرێ، دوو تفەنگی تری بەدەستەوە بوو، هەر خێرا یەکێکم دا بەخۆی و ئەوی تریش بەحەمە تەها. ئیتر، هەر لەسەر نووکی پێ، ڕووەو دەرگای دەرەوە ڕێچکەمان بەست. وام پێشبینی دەکرد، کە بەکردنەوەی دەرگاکە، ئیدی بەرەنگاری پاسەوانەکانی دەرەوە بین و ببێ بەتەقە. بەئەسپایی سورگی سەر دەرگاکەم بۆ دواوە ڕاکێشا، ئەوەی دیم، جێی باوەڕم نەبوو. پاسەوانەکان، لە ژێر چادرەکەدا، لەسەر قەرەوێڵە، لێی ڕاکشابوون و دۆشکەکەش، کە پارێزگاری دەرگای دەرەوەی دەکرد، کەسی لەسەر نەبوو. هەلێک بوو، خوای گەورە بۆی ڕەخساندبووین، بۆیە یەک لە دوای یەک چووینە دەرێ. خۆشبەختانە، لە پشت چادرەکەوە، تەلبەندەکان هێنرابووە خوارەوە، بەڕادەیەک، کە مرۆڤ دەیتوانی بەئاسانی بەسەریدا بڕوا، ئەوەش بۆیە وا داتەپێندرا بوو، بۆ ئەوەی بەندەکان بتوانن کە دەچوون تەشتە خواردنەکانیان دەهێنا، بتوانن وەری بگرن.

ئیدی هاتینە نێو سەربازگەکەوە. هەر بەو ئاراستەیەی کە تەکسییەکەی لێی بینرا بوو، ڕووەو ڕۆژهەڵاتی سەربازگەکە ملمان نا. ماوەی نێوان بەندیخانەکەمان و تەلبەندەکانی دەرەوە، هەر سەد مەترێک دەبوو، پێویست بوو بەزووترین کات بیگەینێ.

سەرم سووڕما بوو، دەت وت کەس لە نێو ئەو سەربازگەیەدا نییە، یان

خوا چاوی کوێر کردبوون. بەڕۆژ ئەم سەربازگەیە جمەی دەهات، بۆ ئەم شەو وا کش و بێدەنگە. خوامان لە پشتە.

گەیشتینە نزیک تەلبەندەکانی دەرەوە، بەرزایی دوو مەتر زیاتر دەبوو، ئەوەی ئەم تەلبەندانەی سەخت کردبوو، ئەوە بوو، کە تەلە دڕکاوییەکانی ڕووەو ژوورەوە بوون و ئەوەش هەڵزنانی بەسەردا گەلێک قورس دەکرد. بەڵام چار چی بوو.

کە بەسەر تەلبەندەکاندا سەرکەوتین، من دەستم لە تەلێکی دڕکاوی گیر بوو بوو، کە بەئاسانی بۆم لێ نەدەکرایەوە و تفەنگەکەی نێو دەستی چەپیشم ئەوەندەی تر ئەزیەتی دەدام.

هەرچۆنێک بوو بازمان دایە خوارێ، لەو بازدانەدا سەروەر قاچی لەجێ چوو. خەریک بوو لە جادەکە بپەڕینەوە کە شووتێکی گەلێک بەهێز لێی دا. خالید و هاوڕێ مارفم لە تەنیشتەوە بوون، هاوڕێ مارف وتی:

«بەزاتی خوا پێیان زانین»

چەند زیلێکی سەربازی لە خوارمانەوە بەسەر جادەکەدا بەرەو ئێمە دەهاتن.

***

(٣١)

خۆمان بەزەوییەوە نووساند بوو، ورتەشمان لە خۆمان بڕیبوو، دەنگی شووتەکە هەر بەردەوام بوو، تۆ بڵێی پێیان زانی بین و ئەم شووتەش بۆ ئاگادارکردنەوەی سەربازگەکە نەبێ. زیلەکان بەلاماندا تیژ تێپەڕین، سوپاس بۆ خوا، ئێمەیان نەدی. دەنگی شووتەکە نەما، بەڵام هیچ جموجوڵێک لە سەربازگەکەدا هەستی پێ نەدەکرا. ماوەیەک هەر وا ماینەوە کە هیچ ڕووی نەدا بەدەنگێکی زۆر نزم پێم وتن:

«دەبێ لەم جادەیە بپەڕینەوە. ئەمە سەرە ڕێگایە».

ئەمەم وت و پێشیان کەوتم. ڕیزە خانوویەک بەرامبەرمان بوون. بەپێی زانیارییەکانی شەریف، کە پێی وتبووین، دەبوو ئەمانە خانووی



ئەفسەرەکان بێ، بۆیە کە لە جادەکە پەڕینەوە وتم:

«نابێ بەکۆڵانەکاندا بڕۆین. گومانم نییە کە پاسەوانی لێ بێ، بۆیە دەبێ بەنێو خانووەکاندا بڕۆین».

نازانم ئەو بڕیارەم لەو ساتەدا، لە جێی خۆی بوو یان نا، بەڵام هەرچۆنێک بوایە، نەدەبوو بەکۆڵانەکاندا بڕۆین. بەپەلە ئاوڕم لە خۆمان دایەوە، نازانم لەو پەلە پەلەدا چۆن ژمارەکەمانم ژمارد. دوانزە بەند بووین. سێ تفەنگیشمان پێ بوو، عەبدوڵڵای شۆفێر و عومەرم نەدی. تۆ بڵێی نەهاتبن..

بەسەر دیواری خانووەکەی بەرامبەرماندا سەرکەوتین و بەحەوشەکەیدا ڕووەو دیواری پشتەوە ملمان نا. دیواری خانووەکە، لە شانسی خۆماندا، زۆر بەرز نەبوو، بۆیە بەئاسانی پیا سەرکەوتین. کە لە دیواری پشتەوە بازمان دایە خوارێ، دەشتێکی کاکی بەکاکی بوو. لە دوورەوە گلۆپەکانی کەرکووک دەبینرا. بەسەر سکەی شەمەندەفەرێکدا ڕەت بووین. دەبوو سکەی ئەو شەمەندەفەرە بێ کە شەوانە گوێمان لە ڕۆیشتنی دەبوو. بەلای ڕاستمدا ڕوانیم، بینایەکی گەورە بوو، لێی نووسرا بوو (قوتابخانەی بەعسی سەرەتایی).

ئیتر هەریەکە و بەلایەکدا، لە چاو ترووکانێکدا کەس لە دەورم نەما، دیار بوو هەریەکە و پەلەی بوو ڕووەو ئازادی مل بنێ، بەڵام من بەتەنیا بۆ کوێ بچم. منیش کەوتمە ڕاکردن، بەپێی پەتی ڕاکردن، بەناو ئەو دەشتە بەردەڵانی و دڕکاوییەدا، کارێکی ئاسان نەبوو، تفەنگەکەم نابووە سەرشانم و بەهەموو هێزم ڕووەو ڕووناکی، هەر بەڕاکردن، ملم دەنا. هەستم کرد تەواو هیلاکم، هەناسەبڕکێیەکی سەیرم پێ کەوتبوو، هەروەک لە تینوێتیدا خەریک بوو بخنکێم، بۆیە لە جێی خۆم دانیشتم، هێزم لەبەر بڕا بوو نەمدەتوانی ئیتر ڕابکەم. سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، کەسم نەدەبینی، هاوەڵەکانم ئاسمان هەڵی لووشین، زەوی قووتی دان، بۆ کەسیان نەما. تاریکی هێشتا نەڕەویبووەوە. نازانم چەند دانیشتبووم، کە هێزم دایەوە

بەرخۆم و کەوتمەوە ڕەوت، بەڵام ئەمجارە ڕام نەدەکرد. تەنیا بەهەنگاوی گورج و خێرا دەڕۆیشتم. دەبوو، پێش ڕۆژ بوونەوە، بگەمە کەرکووک، بەڵام بەندێکی ڕاکردوو، سەر و ڕیش هەڵپاچراو، پێ پەتی، بەتفەنگێکەوە بەڕۆژی ڕووناک، لە کەرکووک چی بکەم. هەر دەدۆزرێمەوە و دەگیرێمەوە. بەڵام نا، تفەنگم پێیە و جارێکی تر ناگیرێمەوە. مەخزەنی کلاشینکۆفەکەم دەرهێنا، پڕ لە فیشەک بوو. نازانم چەند بوو بەڕێوە بووم، کە دەنگێک لە دوامەوە بەدەنگی بەرز بانگی دەکردم؟ سەرەتا زۆر شڵەژام و یەکسەر خۆم بەزەویدا دا. چۆن دەمناسێ. کێ بێ بەدوامەوە بێ، گەر پیاو خراپ بوایە بەناوی خۆمەوە بانگی دەکردم. گوێم هیچ لە ڕاکێشانی میلی تفەنگ یان دەنگی سەرباز نەبوو، دەبوو هەر یەکێک لە هاوەڵەکانی خۆم بێ، ئەویش وەک من لەم دەشتە تاریکەدا ون بووبێ.

کە نزیک کەوتەوە لێم ئەویش عومەری ناو بوو، یەکێک لە بەندەکانی ژوورەکەمان بوو بەعومەری حاجی مامەندی ناسراوبوو. بەڵام ئەو هیچ بڕیار نەبوو لەگەڵ ئێمە هەڵبێت، چونکە بڕیاری لە سێدارەدانی نەبوو. ئەی بۆ هەڵاتووە. گەر وابێت، دەبێ پاش ئێمە هەموو بەندەکانی تریش هەڵاتبن و سوودیان لەو هەلە وەرگرتبێ.

لە ڕاستیدا پێخۆشحاڵ بووم کە بووین بەدوو، تەمی تەنیاییم ڕەوییەوە.

هەستامەوە سەر پێ و پێم وت:

«تۆ چۆن بوو بڕیارت دا ڕابکەیت».

لە وەڵامدا وتی:

«کە ئێوە چوونە دەرەوە، من خەبەر بووم. نازانم منیش دواتان کەوتم.»

بەهەرحاڵ کاتی ئەو پرسیار و وەڵامە نەبوو، گرنگ لای من ئەوە بوو کە بووین بە دوو کەس. کەوتینەوە ڕێ، وردە وردە لە نێو کەرکووک نزیک دەکەوتینەوە.

هێشتا دەوروبەر تاریک بوو کە گەیشتینە نێو کەرکووک. خۆمان کرد بەنێو ڕیزە خانوویەکدا، لە خانووی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەچوو، چونکە



هەمووی یەک نەخشە بوو. هێشتا کەس بەدەرەوە نەبوو. هاتینە نێو جادەیەک، کە لە دوورەوە، پیکابێکم بەدی کرد لە تەنیشت دووکانێکەوە ڕاوەستا بوو، لەوە دەچوو نانەواخانە بێ، من خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو، کە پێشی بگرم و هەر لە نان کڕین تەواو دەبێ بیگرم و ناچاری بکەم کە سوارمان بکات.

وردە وردە بەرەو پیکابەکە ملمان دەنا، عومەر لە پێشەوە و من لە دواوە، ئەویش بەحوکمی ئەوەی عومەر هێشتا مووی لێ نەهاتبوو، سەروچاوی لە زیندانییەکی هەڵاتوو، وەکو من، نەدەچوو. پێش ئەوەی بگەینە پیکابەکە چوار ڕیانێک بوو، کە سەرنجم دا تەکسییەک بوو، دیار بوو تەکسی کەوتبووە گەڕ، ئەویش نیعمەتێکی خوایی بوو. خۆم بەپەلە گەیاندە لای عومەر و پێم وت:

«هەر خێرا دەست لەو تەکسییە ڕابگرە».

تفەنگەکەم بە لاڕانمەوە نووساند، بەشێوەیەک کە بەدی نەدەکرا. سوپاس بۆ خواش کە تەکسییەکە یەکسەر ڕاوەستا. عومەر چووە پێشەوە و منیش لە دواوە دانیشتم. کابرای شۆفێر ئاوڕێکی لێ دامەوە. هەر زەندەقی چوو. دیارە سەروگوێلاکم بەهەڵپاچراوی و تفەنگی نێو دەستم و بەرگی شڕوبڕم، زمانی لە گۆ خست. لوولەی تفەنگەکەم لە کەلەکەی ڕاستی چەقاند و وتم:

«ئێمە پێشمەرگەین. بڕۆ».

نازانم چەندی بڕوا کرد، بەڵام ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد. دیار بوو لە ترسا زمانی شکا بوو. کێ دەیوێرا، لە شاردا، سەر بەڕژێم نەبێ و تفەنگ هەڵبگرێ. تەکسییەکە کەوتە گەڕ، کە شۆفێرەکەی جارێکی تر ئاوڕی لێ دامەوە و بەکوردییەکی ڕێک و ڕەوان وتی:

«باشە کاکە، بەس تکایە سەرت دانەوێنە، با کەس نەتبینێ...».

وتەکانی دڵسۆزی لێ دەتکا. پەنجەرەی تەنیشتم داگرتە خوارەوە و سەرم دانەواند. هەوای بەربەیان گەلێک فێنک بوو، تا توانیم هەوای پاکم هەڵمژی. تەکسییەکە زۆر بەتیژی دەڕۆیشت، سەرم بەرز کردەوە، لە

دوورەوە سەربازگەکە دیار بوو. دەبێ چ سەربازگەیەکی گەورە بوو بێ.
کابرای شۆفێر ملی بەلامدا وەرچەرخاند و وتی:
«سەرت دانەوێنە برا. بۆ کوێ بڕۆم کاکە!».

***

(٣٢)

خۆشم نەمدەزانی بڵێم بۆ کوێ، هەوای ئازادی مەستی کردبووم. ئەمە ڕاستە یان خەوە، ملم کێشایە پێشەوە، کاتژمێری نێو تەکسییەکە چوار و بیست دەقیقەی سەر لە بەیانی بوو.

کابرای شۆفێر لە ئاوێنەکەیەوە سەیری دەکردم و جارێکی تر وتی:

«کاکی برا بۆ کوێ بڕۆم؟».

گەیشتبووینە نێو شاری کەرکووک، نانەواخانە و چایخانەکان، تەنیا دووکانێک بوون کە کرابوونەوە. تفەنگەکەم ڕاکێشایەوە سەر ڕانم، لەبەر تیشکی گڵۆپی سەر جادەکان بەورد تێم دەڕوانی، ژمارە ١٣٧ لەسەر دەسکەکەی بەڕەنگی سپی نووسرا بوو. دەبێ ئەم تفەنگە چەند دەستا و دەستی کردبێ تا گەیشتووە بەمن.

بەشۆفێرەکەم وت:

«بەرەو سەیتەرەی سلێمانی».

لە ڕاستیدا هیچ شوێنێکی ترم شک نەدەبرد و لە کەرکووکیش کەسم نەدەناسی، تا لە دەرگای بدەم، هەر چەند کردنەوەی دەرگا بۆ چەکدارێکی دژ بەڕژێم کارێکی هەروا ئاسان نەبوو.

شۆفێرەکە بێ ئەوەی هیچ بڵێ، خێراتر تومبێلەکەی لێدەخوڕی، دەیویست، بەزووترین کات، بمانگەیێنێتە شوێنی مەبەستم و لە دەستمان قوتاری بێ.

ناهەقیشی نەبوو، ئەوێک، مرۆڤێکی کاسب، کە بەو سەرلەبەیانییە زووە هاتبووە دەرێ، هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد تووشی بەڵایەکی وەها بێ،



چونکە هەر شتێک ڕووی بدایە یان لە هەر شوێنێک ڕابگیراینایە، ئەوە چارەنووسی ئەو لە هی ئێمە چاتر نەدەبوو. تازە ئەویش بوو بوو بەبەشێک لە ئێمە. من ئەوەم دەزانی لەگەڵ ئەوەشدا چارمان چی بوو، خۆ نەدەکرا بەپێ بەچەکەوە و بەو سەر و هەیئەتەوە، بەناو جادەکانی شاردا، ڕەوت بکەین. لە نزیک سەیتەرەکەوە شۆفێرەکە ڕاوەستا. ئاوڕی لە من دایەوە و بەپاڕانەوە وتی:

«تکاتان لێ دەکەم منداڵم وردە. دابەزن و ئەوەش سەیتەرەکەیە لە پێشتانەوە. من لەوە زیاتر ناتوانم بڕۆم».

ڕاستی دەکرد، بۆیە هەردووکمان دابەزین. هیچم پێ نەبوو بیدەمێ، بۆیە سوپاسێکی زۆرم کرد و بۆ ئەوەی هەستیش نەکات کە ئێمە هەڵاتووی زیندانین وتم:

«برام وەک وتم ئێمە پێشمەرگەین و ئەمەش بۆ ئێوە دەکەین...».

نازانم وتەکانم چەند لە جێی خۆیدا بوون، بەڵام لەوە زیاترم بۆ نەهات، مەبەستم پێکابوو یان نا؟ بڕوای پێ دەکردین؟.

لە وەڵامدا وتی:

«یاخوا سەرکەوتوو بن. منیش یەکڕاست دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە...».

تومبێلەکەی ڕووەو کەرکووک وەرگێڕایەوە و پێش ئەوەی بڕوات وتی:

«ئاگادار بن سەیتەرەکە بەلای دەستی چەپتانەوەیە».

تێبینییەک بۆ ئێمە زۆر بەکەڵک بوو. چەند هەنگاوێکی تر ڕووەو سەیتەرەکە ڕۆیشتین، دەنگی پاسەوانەکان دەهاتە گوێمان. بەعومەرم وت:

«دەبێ بەپشت سەیتەرەکەدا بڕۆین».

ئەو هیچ قسەی نەدەکرد و بەئەسپایی لە دوامەوە دەهات. لەسەر جادەکە پەڕینەوە بۆ سەر گڵەکە. پێمان پەتی بوو، هەر لە هەنگاوی یەکەمدا عومەر وتی:

«کەس ناتوانی بەسەر ئەم گڵەدا بڕوا. یەک پارچە دڕکە...».

ڕاستی دەکرد. قەراغ جادەکە هەمووی دڕک بوو، جۆرە دڕکێک کە لە

نۆک دەچوو، هەر تاکە و دەیان دڕکی پێوە بوو. ڕۆیشتن بەپێی پەتی، بەسەر ئەو دڕکانەدا، کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ئەی چار چی بوو. کراسەکەم داکەند و لە پێمەوە پێچا، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە لەبەرم کردەوە. بۆ ماوەیەک بەواق ورماوی سەیری یەکترمان دەکرد، بەڵام ناچار بووین، خۆ نەدەکرا بەبەردەم سەیتەرەکەدا و بەجادەکەدا بڕۆین، بۆیە ملمان نا. ڕۆیشتن بەسەر دڕکدا کسپەی لە جەرگمانەوە دەهێنا. ئەی خوای گەورە چ ئازاردانێک بوو. لە سەرەتادا دادەنیشتین و دڕکی ژێر پێمان دەردەهانی، بەڵام ئەوە زۆر دوای دەخستین، بۆیە بەعومەرم وت:

«گەر بەم شێوە بڕۆین، ڕۆژمان لێ دەبێتەوە و ناشگەینە ئەو دیو سەیتەرەکە، بۆیە پێویستە ئیدی گوێ نەدەینە دڕک و داڵ. ئێمە لە مەرگ ڕزگارمان بووە ئیدی دڕک چییە...».

ئەمەم وت ئیتر بەخێرایی کەوتمە نێو دڕکەکانەوە، هەرچەند ئازارێکی زۆری دەدام، بەڵام ترس لە گرتنەوە و خۆشی لە دەربازبوونمان هێزێکی خوایی کرد بەگیانماندا و ئیدی بێ گوێدانە ئەو دڕکە تیژانە ملمان نا.

سەیتەرەکەمان لێ دەرکەوتبوو، بۆیە ناچار بووین بەسنگە خشکێ بڕۆین. تاریکی وردە وردە دەڕەوییەوە. بۆیە ئیتر، دەوروبەری خۆمان بەدی دەکرد.

بیرم بۆ لای شۆفێرەکە دەچوو، تۆ بڵێی ڕاست بکات و یەکسەر چووبێتەوە ماڵی خۆی، باشە بۆ دەڕواتەوە و بەردەوام نابێ لەسەر کاری خۆی، مەبەستی چی بێ لە چوونە ماڵەوە؟ ڕژێم سیاسەتی تۆقاندنی هێند کاریگەر بوو، کە خەڵکی ناچار بوو هەندێک جار، هەر بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە سزا، ناوی خەڵکی تر بڵێن. ئەم شۆفێرەی کە ئێمەی گەیاند، گەر پێی بزانرێ، ئەوا یەکسەر لە سێدارە دەدرێ. ڕژێم ئەوانە لە کەس قبوڵ ناکات.

تۆ بڵێی خەبەرمان لێ نەدا، سەروچاوی و قسەکانی لەوە نەدەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ حسابێ هەر بۆ ئەوەش بکەین.



عومەر لە شوێنی خۆی دانیشت. تەواو شەکەت و پەککەوتە دەهاتە پێش چاو، دڕکی ژێر پێی دەردەهێنا و دەیویست هۆی نەڕۆیشتنیم نیشان بدات. خۆشم لەو باشتر نەبووم، بەڵام نەمدەوێرا سەیری بنی پێم بکەم، کاتی ئەوە نەبوو. پەلی عومەرم گرت و وتم:

«خێراکە بابگەینەوە سەر جادەکە بەڵکو تووشی تومبیلێک بین...»

کەوتینەوە ڕەوت، ڕووناکی تەنگی بەتاریکی هەڵدەچنی، گوێمان لە دەنگی پاسەوانەکانی سەیتەرەکە نەما، دیار بوو دوورکەوتبووینەوە، مەترسی ئەوەمان نەما، بەڵام ئەی ڕووناکی؟.

ڕۆژ لە پێشمانەوە وردە وردە سەری دەردەهێنا و سەرەتای ڕۆژێکی نوێی دەنواند. تینوویەتی تینی بۆ هێناین. بۆ لەناو شار لامان نەدا و تۆزێک ئاومان نەخواردەوە. ئاو لەم چۆڵەوانییە لە کوێ پەیدا دەبێت.

گوێمان لە ڕەوتی تومبێلی سەر جادەکە دەبوو، بۆیە بەعومەرم وت:

«دەبێ تومبێلێک بگرین».

خۆشم نەمدەزانی چۆن، تەنیا هیوایەک، کە هەمبوو، تفەنگەکەی نێو دەستم بوو. دوو مرۆڤی هەڵاتوو، قاچاغ، بێ پارە، کێ سواری تومبێلی دەکات، گەر بەزەبری تفەنگ نەبێ.

هەر ئەوەشم بەبیردا دەهات کە تومبێلێک لەسەر جادەکە ڕابگرین و سوارمان بکات و لەو ناوە دوورمان بخاتەوە.

ئێمە گەیشتبووینە سەر جادەکە و من لە کەنار جادەکە پاڵکەوتم و بەعومەرم وت:

هەر چ تومبێلێک هات ڕاییگرە».

هێندەی نەبرد جیبێک هات، بەڵام هێند تیژ تێپەڕی کە عومەر فریای هیچ نەکەوت. تومبێل بۆ مرۆڤێکی بێ چەک لەم چۆڵەوانییە چۆن دەوەستێ و بۆیە خۆم چوومە سەر جادەکە و تفەنگەکەم ئامادە کرد...

***

(٣٣)

لەسەر جادەکە بەتفەنگەکەوە ڕاوەستا بووم، چاوەڕێی تومبێلێکم دەکرد. مەترسی ئەوەی کە تومبێلێکی سەربازی بێ و چەکداری تێدا بێ، گەلێک زۆر بوو. ئەو ناوچەیە هەموو تەپۆڵکەکانی ڕەبایا بوون.

بەعومەرم وت؛ کە بێتە سەر جادەکە و لە نێوەڕاستی جادەکەدا ڕابکشێ. ئەمەشم بۆیە کرد، بۆ ئەوەی بەهەر جۆرێ بێت و هەر تومبێلێک هات بەناچاری بوەستێ. دڵم تەپە تەپی دەهات، گەرووم تەواو وشک بوو، ترسی ئەوەشم هەبوو کە تومبێلێکی سەربازی بێت ئیدی ئەوسا هەموو پلانەکەمان تێکدەچوو. بەتەنیا تفەنگێکەوە چۆن دەتوانی بەرەنگاری زیلێک سەرباز بیت. دەکرا تەقە بکەیت، بەڵام ڕزگار بوون مەحاڵ بوو.

نەمزانی چەندە لەسەر جادەکە وەستاوم کە لە دوورەوە گەلابەیەک دەرکەوت، دڵم زۆر خۆش بوو کە تومبێلی سەربازی نەبوو، هەرچۆنێک بێت، تومبێلێکی مەدەنی، بەئاسانی ڕادەگیرێ. تفەنگەکەم خستەوە پشتم بەجۆرێک کە نەیبینرێ، ئەوەشم لە دوا ساتدا بڕیار دا و بیرم گۆڕی. هەندێ جار مرۆڤ لە چەک دەترسێ و بەوپێیە ناوێرێ بوەستێ، بۆیە منیش حسابی ئەوەم کرد تا تومبێلەکە دەوەستێ.

کە گەلابەکە نزیک بووەوە، هێواشی کردەوە و گەیشتە لامان بەسەر سوڕماوییەوە ڕاوەستا و لە پەنجەرەکەوە هاواری کرد:

– «ئەرێ ئەو کابرایە شێت بووە وا لە نێوەڕاستی ئەو جادەیەدا ڕاکشاوە؟»

«نەخێر شێت نەبووە، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە ئێوە ڕاوەستن». ئەمەم بەکابرای شۆفێر وت. کە سەرنجم دا یەکێکی تریشی لەگەڵدا بوو، پیاوێکی بەتەمەن و ئەویش سەری کێشایە دەرێ وتی:

«دەباوکم هەڵیسێنە. کارمان هەیە. فەرموو چیتان دەوێ...».

ناچار بووم کە ڕووی تفەنگەکەیان تێ بکەم. کابرای شۆفێر هەر زەندەقی چوو، دەمی کەوتە تەتەڵە و دابەزی و کەوتە پاڕانەوە، بەجەردە و ڕێگر تێمان دەگەیشت. عومەریش هەستایە سەرپێ. شۆفێر بەپاڕانەوە وتی:



«هەر مەمانکوژن چیمان پێیە دەتاندەینێ».

هاوەڵەکەی هەر دانەبەزی و ئەویش هەر لە نێو تومبێلەکەوە وتی:

«کاکە پارەتان گەرەکە».

بەلەهجەکەیدا لە خەڵکی ناوچەی مەندەلی دەکرد. کات نەدەبوو بەفیڕۆ بدەم، وەستان لەسەر ئەو جادەیە و بەو شێوەیە گەلێک ترسناک بوو، ڕەنگە نەتەنیا تومبێلێکی سەربازی، بەڵکو تومبێلێکی مەدەنیش لەو ساتەدا تێپەڕ بوایە و ڕانەوەستایە و پاشان بەحسابی ڕێگری، لە (قەرە هەنجیر) باسی بکردینایە، بۆیە خێرا وتم:

«براینە، ئێمە جەردە نین. پێشمەرگەین».

نازانم تا چەند بڕوای دەکرد، بەڵام تەمی ترس و لەرز لە سەروچاویدا ڕەوییەوە بۆیە وتی:

«ئەی باشە چیتان دەوێ...».

لە وەڵامیدا وتم:

«تەنیا لێرە بمانگوێزەرەوە...».

شۆفێر بەو پێشنیارەم ڕازی بوو، بەمنی وت کە بچمە نێو پشتی گەلابەکەوە و عومەریشیان لە پێشەوە لەگەڵ خۆیاندا سوار کرد. کە گەلابەکە کەوتە گەڕ، شۆفێرەکە سەری دەرهێنا و وتی:

«کاکە پاڵکەوە، ئەم ناوە هەمووی ڕەبیەیە».

ڕاستی دەکرد، ڕەبایای سەر گردەکان لە دوورەوە دیار بوون، بۆیە منیش لە پشتی گەلابەکەدا لێی ڕاکشام. پشتی گەلابەکە هیچی تێدا نەبوو دیار بوو بۆ بار دەچوون.

من زۆر خۆشحاڵی ئەوە بووم کە لەو شوێنە دوور دەکەوینەوە. ئەو شوێنە بەحوکمی ئەوەی نزیک سەیتەرەکە بوو، چوار دەوری هەموو ڕەبایا بوو. چاوم لێکنا، دەمویست بۆ ساتێکیش بێ سەرخەوێک بشکێنم. بەڵام هەڵتەک هەڵتەکی پشتی گەلابەکە، ئەو مۆڵەتەی نەدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چاوم نووقاند. زۆر هیلاک و شەکەت و تینوو بووم. ئاومان لە کوێ چنگ بکەوێت. مرۆڤ گەر نەوێرێ بچێتە ئاوەدانییەوە ئیدی ئاوی لە کوێ دەست بکەوێت. لەم ناوچە گەرمەشدا، کانی هەر بوونی نییە.

نازانم چەند بوو کە گەلابەکە ڕاوەستا و کاتێک هەستامە سەرپێ و لە هۆی وەستانم پرسی، شۆفێرەکە وتی:

«برام ئیتر ئەوە سەیتەرەکەی قەرە هەنجیر لە بەردەمماندایە و ئیتر لەوە زیاتر ناتوانم...».

هیچ مەجالی وتوویژ نەبوو، دەبوو دابەزین، بۆیە منیش کە خۆم لە پشتی گەلابەکەوە فڕێدایە خوارێ وتم:

«ئاو... ئاو... خەریکە لە تینوێتیدا دەخنکێم، لە کوێ دەست دەکەویت...».

شۆفێرەکە دەستی دایە جلیکانەیەک ئاو کە لە کابینەی لیخوڕینەکەدا بۆ خۆی دانا بوو، دایە دەستم. ئای چ دیارییەکی خوایی بوو.

پێش ئەوەی شۆفێر و هاوەڵەکەی بڕۆن، هەستیان کرد کە پێمان پەتییە، شۆفێرەکە کلاشەکانی خۆی داکەند و دایمێ. بەپێشمەرگەمان تێدەگەیشت؟.

من بەپەلە کەوتمە باسی پێشمەرگە. دەمویست ئەوەیان تێبگەیێنم کە پێشمەرگە چووەتەوە شاخ و شەڕی بەرەنگاری دەستی پێ کردۆتەوە، لای ئەوانیش گرنگ ئەوە بوو، کە بەزووترین کات، لە کۆڵیان ببینەوە.

هاوەڵی شۆفێرەکە دەستی برد دە دیناری دامێ کە نەمتوانی وەری نەگرم. بۆ ئێمە کە هیچ پوول و پارەیەکمان پێ نەبوو، پشتگیرییەکی بێ وێنە بوو. ئەوان ڕۆیشتن و ئێمە بەتەنیا لەسەر جادەکە ماینەوە. ڕۆژ تینی پەیدا کرد بوو، لە جادەکە بەدەستی چەپدا پەڕینەوە. دەمویست هەرچی زووترە لە جادەکە دوور بکەومەوە و لە پەناگەیەکدا خۆمان حەشار بدەین کە دەنگی فڕۆکەیەکی هالیکۆپتەر دەهاتە بەرگوێ. عومەر ڕەنگی سپی هەڵگەڕا و وتی:

«کێ دەڵێ بەدوای ئێمەدا ناگەڕێ؟».

***

(٣٤)

هەرواش بوو، هالیکۆپتەرەکە بەئاسمانی ناوچەکەدا دەگەڕا و ئەم سەر و



ئەو سەری دەکرد.

دەبوو ئیتر زانرابێ کە لە زیندان هەڵاتووین. کاتێک پاسەوانی سەر تەنەکەکە خەبەری دەبێتەوە، دەبێ چی کردبێ، لە سەرەتادا، ڕەنگە هەر بڕوای نەکردبێ و وەی زانیبێ هەر خەوە. ئەی کاتێک سەیری دەرگای پشتەوەی زیندانەکە دەکا، ئەو کاتە دەبێ چی لێ هاتبێت. ئەی پاش ئەوەی کە پاسەوانەکان لە هەڵاتنمان بێگومان دەبن و دەزانن کە سێ تفەنگیشیان براوە، دەبێ چی لە زیندانییەکان بکەن، ئەمانە بەمێشکمدا دەهات. دەبێ دەمێکە زانرابێ کە هەڵاتووین بۆیە وا بەوردی هالیکۆپتەر دەگەڕێ.

ئێمە هێشتا ئەوەندە دوور نەکەوتبووینەوە لە جادەکە، کە بەناچاری لە ئاودێرێکدا خۆمان حەشار دا. کەندەکە هێند قووڵیش نەبوو، بەڵام ئەوەندە دەبوو، کە تێیدا نادیار بین و بۆ ئەوەی هالیکۆپتەرەکەش نەمانبینی، بەپووش و پەڵاش خۆمان داپۆشی، جلیکانە ئاوەکەش، کە هێشتا فریا نەکەوتبووین لێی بخۆینەوە، لە تەنیشت خۆمەوە حەشارم دا.

لە شانسی ئێمە، هالیکۆپتەرەکە نزیک جادەکە نەدەکەوتەوە، ئەو زیاتر دوورتر دەگەڕا.

پاش دەوروبەری کاتژمێرێک، هالیکۆپتەرەکە ڕووەو کەرکووک گەڕایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نەمانوێرا لە شوێنی خۆمان ببزوێین، بۆیە بەدەنگێکی نزم بەعومەرم وت:

«تازە، تا تاریک دادێ دەبێ هەر لێرە بین».

گوێم لە وەڵامی نەبوو، بەڵام دیار بوو تەواو لە پێشنیارەکەم گەیشتبوو، چونکە بەهیچ جۆرێک لە شوێنی خۆی نەدەجووڵا. هەتاو تا دەهات گەرمتر دەبوو. ئەی خوای گەورە ئەم ڕۆژە لەبەر ئەم هەتاوە بەتینە چۆن بەسەر ببەین.

گوێمان بەئاسانی لە وڕەی تومبێل و هاتوچۆی سەر جادەکە دەبوو. لەوە نەدەچوو زۆر لە جادەکە دوور کەوتبینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەکەمان زۆر

لەبار نەبوو، ئێمە لە جادەکەوە نەدەبینراین.

هەردووک بێدەنگ بووین، هیچ بابەتێکی ئاخاوتنمان پێ نەبوو، گەرماش تا دەهات بەتینتر دەبوو. تۆ بڵێی زیندانییەکانی تریان چی لێ کردبێ. لەو زیندانە نهێنییە ترسناکەدا دەبێ ئێستا چی ڕووبدات. هەرگیز بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات ڕۆژێ کەسێ بتوانێ لەو زیندانە نهێنییە. کە لە نێو جەرگەی سەربازگەیەکی گەورەدا بوو، ڕزگاری بێ. ئەمە موعجیزەیەکی خوایی بوو، نە سەربازێکمان دی، نە پاسەوانێ، ئەی ئەو هەموو ڕێکەوتە. دەبێ ئێستا غازی ئاوچی وەزعی لە چیدا بێت، ئەوێک کە بەچاودێر دانرابوو، دەبی ئەو چی بڵێ.

دەمەو نیوەڕۆ هەتاوەکە هێندەی تر بەتینتر بوو، بەڕادەیەک کە مێشکم دنگەی دەهات و دڵێشم، بەپەلە پەل، لێی دەدا، دڵم تێکەڵ دەهات و دەمویست بڕشێمەوە، تینوێتیش تەواو تینی بۆ هێنام، بەڵام نەمدەوێرا لە شوێنی خۆم ببزوێم. چاوم دەنووقاند و دەمویست هەموو شتێک لە بیر خۆم ببەمەوە، بێ سوود بوو. دەوروبەرمان کشومات بوو، جاروبار دەنگی تومبێلێک دەبیسترا، لەوە دەچوو لەبەر گەرما هاتوچۆ کەم بووبێتەوە.

فڕە فڕێک سەرنجی ڕاکێشام. ئەمە چی بێ. هەستم کۆ کردەوە و دەمویست لەو فڕە فڕە بگەم. بەڵێ ئاوی جلیکانەکە بوو دەکولا. ئەوە یەکەمین جار بوو شتی وا ببینم. ئاو بەبێ ئاگر بکولێ. گەرمای ڕۆژەکە هێند بەهێز بوو کە ئاوی دەکولان.

پەشیمان بووم کە بەیانی ئاوەکەم نەخواردەوە، من دەمویست دەستی پێوە بگرم و بەشی تا دوا قۆناغمان بکات. بەڵام کێ دەیزانی هەتاو ئاو دەکولێنی. بەئەسپایی بەعومەرم وت:

«ئاوەکەشمان هیچ. ئەوەتا دەکولێ».

عومەر هەر بێدەنگ بوو، وەم زانی بووراوەتەوە یان لە گەرمادا لە هۆش خۆی چووە بۆیە جارێکی تر وتم:

«عومەر»

لە وەڵامدا بەنووزەیەکەوە وتی:



«بەڵێ... بەڵێ. منیش گوێم لێیە. بەڵام وا خەریکە لە گەرما و لە تینوێتیدا بخنکێم. بەڕاستی تەحەمول ناکەم».

وەزعی منیش لەو باشتر نەبوو، منیش تینوویەتی تەواو تینی بۆ هێنابووم بەڵام خۆم وا نیشان نەدا.

دەستم دا لە لوولەی تفەنگەکەوە، دەت وت تازە بەتازە لە کوورەی ئاسنگەر دەرهێنراوە. ئەی خوای گەورە ئەمڕۆ چۆن بڕوا. تۆ بڵێی بەرگەی ئەم گەرمایە بگرین و بگەینە ئێوارە.

بەرچاوم وردە وردە تاریک دەبوو، خەریک بوو لە هۆش خۆم بچم کە گوێم لە عومەر بوو هێڵنجی دەدا. عومەر وتی:

«ناتوانم لەوە زیاتر لەبەر ئەم گەرمایە ڕابکشێم. دەمرم».

ئەی چار چی بوو، چیمان بکردایە، هەر هەڵسایانایەتە سەرپێ، لە جادەکەوە دەبینراین و کەشف دەبووین. دەبوو هەر بەردەوام بین بۆیە وتم:

«ئێمە لە زیندان ڕزگار بووین. دەبێ بەرگە بگرین».

سەیری ئاسمانم کرد، ڕۆژ گەیشتبووە ناوقەدی و بەو پێیە نیوەی ڕۆژەکەمان بڕیبوو، وەک دڵنەواییەک بەعومەرم وت:

«هەر ئەوەندەی ترمان ماوە. نیوەی ڕۆژەکەمان بڕیوە».

من هەر سەیری ئاسمانم دەکرد. ئەی خوای گەورە، کەی ئێوارە دێ. کەی ئەم ڕۆژە دەبڕێتەوە. بۆ لای چەپی جادەکەم هەڵبژارد، بۆ بەلاکەی تردا نەڕۆیشتین، کێ دەیوت تووشی درەخت یان کانی و ئاوێک نەدەبووین. هەرچەند شارەزای ئەم ناوچەش نیم، بەڵام بڕوا ناکەم ئەوبەریش وا هەر خۆڵ و زیخ و چەو و دڕک بێ، بەڵام تازە چی دەکرا. لە پەلە پەلیدا و لە ترسی فڕۆکە، کە نەمانبینی، ئەم لایەمان هەڵبژارد. بڕیاری خۆمان بوو، دەبوو پێی ڕازی بین.

دوای نیوەڕۆ، گەرماکە، یەکجار بەتینتر بوو، هەواش هەر نەما و هیچ شتێک لە دەوروبەرمان نەدەجوولایەوە. دەت وت لە نێو دۆزەخداین.

ڕۆژ بۆ ئەوەندە درێژە، هەرگیز بڕوام نەدەکرد کە ڕۆژی وا دوور و درێژ هەبێت و هەر نەبڕێتەوە. لە چاوەڕوانیدا مرۆڤ دەزانێ کە ڕۆژ چەند درێژە.

باش بوو، ئەشکەنجەدەران لە زینداندا، ڕاگرتنی مرۆڤ لەبەر هەتاویان نەدەزانی، دەنا کەس بەرگەی یەک ڕۆژی نەدەگرت.

عومەر بۆڵە بۆڵی بوو، کە گوێم بۆ شل کرد دەی وت:

«خۆ من فەرمانی لە سێدارەدانم نەبوو، ئیدی بۆ خۆم تووشی ئەم بەڵایە کرد...».

نەمویست وەڵامی بدەمەوە، لە لایەک ڕاستی دەکرد، ئەو خۆی تووشی نادیارییەک کردبوو کە نەیدەزانی بەچی دەگات. ئەوا من ناچار بووم، چونکە بێ سێ و دوو، لە سێدارە دەدرام، ئەی ئەو بۆ؟.

چاوم لێکنا، شاخە سەرکەشە بەفراوییەکانی کوردستانم دەهاتە پێش چاو، خۆم لە کەنار کانییەکی ڕوونی کەللە تەزێن دیبیەوە، دەمی عەزرەتیم ژەندە نێو ئاوە ساردەکەیەوە، تا توانیم ئاوم نۆشی، بەڵام هەر تینوویەتیم نەدەشکا. هۆڕنی بەهێزی تومبێلێک بەئاگای هێنامەوە. هەموو گیانم نیشتبووە سەر ئاو و گەرووم بەتەواوی بەیەکدیییەوە نووسا بوو. چاوم بۆ ئاسمان هەڵبڕی، ئەی خوای مەزن ئەم عەزابە کەی کۆتایی دێت.

چاوم لێکنایەوە، دەوروبەرم هەمووی بوو بوو بەمرواری، درەختەکانی لە باتی گەڵا مرواریبیان پێوە بوو، لە کەژاوەیەکدا بووم ڕایاندەژەندم، شۆخە کچێک، پەری ئاسا، جامێ ئاوی تەزیوی دایە دەستم، تا توانیم نۆشیم، ئاوەکەی تەواو نەدەبوو، منیش تینوێتیم هەر نەدەشکا.

هەوایەکی فێنک بەئاگای خستمەوە، ڕۆژ بەرەو ئاوا بوون دەچوو. بەدەنگێکی تۆزێک بەرز بەعومەرم وت:

«هەر تاریک داهات دەکەوینەوە ڕێ».

***

(٣٥)

کە تاریک داهات کەوتینەوە ڕێ. جلیکانە ئاوەکەم لە شوێنی خۆی بەجێ هێشت، کەڵکی خواردنەوەی نەبوو. لە ڕاستیدا بۆشم هەڵنەدەگیرا. دەمویست، بەزووترین کات، لە جادەکە دوور بکەوینەوە.



چ شەوێکی تاریک بوو، چاو چاوی نەدەبینا، چونکە بەلاڕێشدا دەڕۆیشتین، ڕەوتمان هێندەی تر زەحمەت بوو، بەتایبەتی کە لە جادەکە دوور دەکەوتینەوە، گردۆڵکەکان هەمووی زیخ و بەرد و دڕک بوون. ڕۆیشتنمان گەلێک سەخت بوو، بەو شێوەیە بڕۆشتینایە تا ڕۆژ دەبووەوە سەد مەترێک نەدەڕۆیشتین. من جاروبار ئاوڕم لە جادەکە دەدایەوە و شەوقی گڵۆپی تومبێلەکانم دەبینی. گەر بەم شێوەیە بڕۆین، هەر ناگەین.

لەم ناوچە ترسناکەش دەرباز نابین. کە بەسەر گردۆڵکەیەکدا سەردەکەوتین، لەبەر تاریکی و بێ ڕێگایی گلۆر دەبووینەوە. هەموو چنگ و پەلمان ڕووشا. ڕۆشتنێکی سەرکەوتوو نەبوو. بەو تاریکییە ڕۆیشتن هەر کات بەفیرۆدان بوو، بۆیە ئاوڕم لە عومەر دایەوە و وتم:

«چاکتر وایە بگەڕێینەوە سەر جادەکە و تومبێلێک پەیدا بکەین. بەم شێوەیە بڕۆین ناگەین بەهیچ».

عومەر لە من بێزارتر و هیلاکتر بوو. وتی:

«وایە».

ئیدی هیچ مشتومڕم نەکرد و ڕووەو جادەکە ملمان نایەوە. ئەم ڕێ دوور و درێژە هەر بەتومبێل نەبێ نابڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشنیارێکی ترسناکم کردبوو، بەڵام چاریشمان نەبوو. بۆیە ورده ورده ڕووەو ڕووناکی دەڕۆیشتین. لەوە دەچوو زۆر لە جادەکە دوورکەوتبینەوە چونکە هەر نەدەگەیشتین.

بەم شەوە تاریکە مرۆڤ چۆن جیاوازی نێوان تومبێلێکی سەربازی و یەکێکی مەدەنی بزانێ، کێ دەڵێ ئەوەی ئێمە بەمەدەنی تێدەگەین، سەربازی دەرناچێ، ئەی لەو کاتەدا چی بکەین، دیارە ئەوان دەستپێشخەر دەبن چونکە ئەوان بەئاشکرا ئێمە دەبینن. ئەمانەم بەعومەر نەوت و لەسەرخۆ بەرەو جادەکە دەچووین.

کاتێک تەواو نزیک بووینەوە، لۆرییەکمان بەدی کرد کە چەند کەسێک لە دەوری بوون، بەدەنگی بەرز وتوویژیان بوو. لەوە دەچوو تومبێلەکەیان لە

کار کەوتبێ چونکە وڕەی مەکینەکەی نەدەهات. ویستم بەپەلە خۆم بگەیێنمە لایان، هەر نەبێ داوای تۆزێک ئاویان لێ بکەم کە لە ناکاودا، هەر چەند مەترێکمان مابوو بۆ سەر جادەکە، کە ناقیلەیەک بەبەر دەمماندا تیژ تێپەڕی. خۆشبەختانە ئێمەی نەدی بۆیە ئێمەش یەکسەر خۆمان دا بەزەویدا. ناقیلەکە لای لۆرییەکەوە وەستا، چەند سەربازێکی لێ دابەزی. دیار بوو لە هۆی ڕاوەستانی لۆرییەکەیان دەپرسی.

شوێنەکەمان گەلێک ترسناک بوو، هەر دە پانزە مەترێک لە ئێمەوە دوور بوون، دەمویست پاشە و پاش بگەڕێینەوە بەڵام بۆمان نەدەڕەخسا، هەموو هەستانێک ئاشکرای دەکردین، بۆیە هەر لە جێی خۆمان نەجوولاین. شوێنەکەمان زۆر نالەبار بوو، تیشکی گڵۆپی تومبێلەکانی هاتوو لە کەرکووکەوە لێی دەداین، بۆیە دەبوو بەجۆرێک خۆمان بەزەوییەوە بنووسێنین کە هەست نەکرێت هەر زیندەوەرین. عومەر لە ژێر لێوەوە وتی:

«چاک تووش بووین».

بەئاسانی گوێم لە سەربازەکان بوو، کە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری لۆرییەکەدا، دەئاخاوتن. بۆ تەقە لە سەربازەکان نەکەم، ئێمە دەستپێشکەر نەبین فریای هیچ ناکەوین. تفەنگەکەم هەر لە زووەوە لەسەر پێ بوو، یەک مەخزەنیشم پێ بوو. بەیەک مەخزەنیش چی دەکرا. ئەی کێ دەڵێ شۆفێرەکانی دەوری لۆرییەکە، کە ئاگایان لە هیچ نییە، بەر ناکەون. وازم لەو بیرە هێنا.

خۆ متکردنی ئێمە، بەو شێوەیەی کە بەهیچ جۆرێک نەدەبزواین، مۆڵەتی بۆ مێرووڵە خۆش کرد کە تێمان ورووکێ. لە چاو ترووکانێکدا سەدان مێرووڵەی زل، گازیان لە مل و لەش و دەست و مەچەک و قاچمان دەگرت. ئەی خوای گەورە ئەمە چ بەڵایەک بوو. لە ترسی ئەوەش کە سەربازەکان هەستمان پێ نەکەن، نەدەبوو دەست بجوولێنین و خۆمان بخورێنین. من ویستم، بەڵام هەوڵێکی گەلێک ترسناک بوو، چونکە هەموو جووڵەیەک زیخ و بەردەکانی دەبزواند و تلۆری دەکردنەوە، بۆیە



بەناچاری سەراپای گیانم تەسلیم بەمێرووڵە کرد. مرۆڤ تەنیا لە کاتی وادا دڕندەیی ئەم زیندەوەرە بەستەزمانانە دەزانێ. هەر مرۆڤ دەخۆن گەر مۆڵەتیان بۆ بڕەخسێ، دەبووش هەر بەمردوومان تێبگەن، چونکە نەماندەوێرا هیچ جووڵەیەک بکەین.

کارێکی خراپم کرد کە گەڕامەوە بۆ سەر جادەکە، بەڵام کێ دەیزانی تووشی ناقیلە و مێرووڵە دەبین. لە گیانی خۆم وەڕەس بووم. ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو کە مێرووڵەکان بچنە نێو گوێمەوە، ئەوسا ئیتر چی بکەم. عومەر کەوتە بۆڵە بۆڵ. کاتی ئەوە نەبوو. هەموو جووڵەیەک و دەنگێک ئاشکرای دەکردین. ئێمە بەتەنیا تفەنگێک و ئەوانیش بەناقیلەیەکەوە. دوو هێزی زۆر نا بەرامبەر بووین. عومەر هەر بۆڵەی دەهات بۆیە بەجووڵەیەکی ناکاو لوولەی تفەنگەکەم ئاخنییە گوێییەوە و بەناچاری وتم:

«گوێم لە دەنگ و جووڵەت بێ تەقەت لێ دەکەم».

هیچ دەنگی نەکرد. نەمدەتوانی لەو هەڵوێستە زیاتر وەربگرم. دەبوو یان ژیانمان لە دەست بدەین یان تەحەمولی مێرووڵە بکەین. نازانم ئەم شارە مێرووڵە گازگرە، لە کوێوە بۆمان پەیدا بوو. ئەمە ئەگەر بەڵا نەبێ چی ناو لێ دەنێیت.

مێرووڵە بەهەموو گیانمدا هاتوچۆی دەکرد و پەیتا پەیتا گازیان دەگرت. لەوە دەچوو لەمێژ بێ هیچیان نەخواردبێ، بۆیە بەو شێوەیە تێمان ورووکابوون. لەو چۆڵەوانی و ڕەقەنییەدا چییان لە ئێمە چاکتر دەست دەکەوت.

نازانم چەند بوو بەو شێوەیە ڕاکشابووین، کە ناقیلەکە ڕووی کردەوە کەرکووک و هەموویانی سوار کرد. ئای چ خۆشییەک سەراپای گیانی گرتمەوە. هەر خێرا هەستام و کەوتمە تەکاندنی خۆم و بەپەلە ڕووەو لۆرییەکە ملم نا. عومەریش یەکسەر بەدومدا هات. لە ڕاستیدا لەتاو مێرووڵەکان و لە تینوێتیدا وا بەپەلە بووم. لە نزیک لۆرییەکەوە چەند توێکڵە شووتییەک کەوتبوو. دیار بوو شۆفێرەکان شووتییان بۆ سەربازەکان

شکاندبوو. لە برسا و لە تینوێتیدا گوێم نەدایە تۆز و خۆڵی دەوروبەری توێکڵە شووتییەکان و کەوتمە داکرمانی. ئاهێک بەگیانمدا هات. ئەوە یەکەم تەڕایی بوو لە ڕۆژی ڕاکردنەکەمانەوە بچێتە گەروومەوە.

عومەریش بەشی خۆی خوارد. کە مرۆڤ برسی بوو، هەموو شتێک بەلەزەت دەبێ.

دەبوو ئیتر چاوەڕێی تومبێلێک بین کە لە کەرکوکەوە بێت. بەوەی کە هیچ تومبێلێکیش نەدەهات، لەوە دەچوو شەو درەنگ بووبێت.

نازانم چەند بوو چاوەڕوان بووین، کە گلۆپی تومبێلێک لە دوورەوە دەرکەوت، بەوەی کە هەر نەدەگەیشتە لامان، دەبوو تومبێلی بار هەڵگر بێ. کە نزیک کەوتمەوە لێمان، هەرواش دەرچوو. لۆرییەک ئارد بوو.

کابرای شۆفێر کە گەیشتە لامان، وەستا و خۆی دابەزی. دەبوو ئەوە نەریتی شۆفێرەکان بووبێ کە بۆ تومبێلی وەستاوی یەکتری ڕاوەستن. کاتێک دابەزی و ئێمەی بەو شێوەیە دی، هەر ئەوە نەبوو لە هۆش خۆی بچێ، بەتایبەتی کە کلاشینکۆفەکەی نێو دەستی دیم. کە تفەنگەکەم بەرەو ڕووی ڕاگرت بەدەم لەرزەوە وتی:

«چیتان دەوێ».

تفەنگەکەم دانایەوە و زۆر بەهێمنی پێم وت:

«تەنیا تا سلێمانیمان بگەیێنە. هیچمان ناوێ».

پاش تۆزێک وتم:

«ئاوتان پێیە؟».

لە پێشی لۆرییەکەیدا دەبەیەک ئاوی ساردی بۆ هێنام. کە نام بەسەرمەوە، وام دەزانی هەموو دنیا هی خۆمە. دەبەکەم دایە دەست عومەر. ئەو لە پێشدا تۆزێکی کرد بەسەریدا، پاشان تا توانی ئاوی خواردەوە، بەپەلە لێم وەرگرتەوە.

عومەر چووە پێشەوە سوار بوو، منیش چوومە سەر فەردە ئاردەکان. کابرای شۆفێر کە لۆرییەکەی خستەوە گەڕ، سەری دەرکێشا و وتی:



«تا نزیک چەمچەماڵ دەتانبەم».

بۆ من هەر دوورکەوتنەوە، لە کەرکووک، سەرکەوتن بوو. تینوویەتیم شکابوو. لەسەر فەردە ئاردەکان لێی ڕاکشام، پاشام بەسەپان ڕانەدەگرت.

***

(٣٦)

کە لۆرییەکە کەوتە گەڕ، هەستم بەهەوایەکی یەکجار فێنک کرد. لەسەر پشت لەسەر فەردە ئاردەکان لێی ڕاکشابووم و سەیری ئاسمانم دەکرد. شەوێکی بێ ئەندازە تاریک بوو، هەزاران هەزار ئەستێرە جریوەی دەهات. چ دیمەنێکی دڵڕفێن بوو. ئیرەییم بەئازادی ئەستێرە زیوینەکان دەبرد. ئەوان بەسەربەستی لە ئاسمانی قووڵی لە بن نەهاتوودا مەلەیان دەکرد.

دەڵێ تا (چەمچەماڵ) دەتوانم بتانبەم، ئەی لەوێوە؟ ئیتر دەبێ بەپێ بڕۆین، ناکرێ تا سلێمانی هەر بەتومبێل بڕۆم. ئێستا هەموو دام و دەستگاکانی دەوڵەت بەڕاکردنەکەمانیان بێگومان زانیوە. دەبێ هەموو سەیتەرەکان ئاگادار کرا بن، نابێ بەهیچ سەیتەرەیەکدا بڕۆم. تا ئێرەمان بەسەلامەتی هێناوە، ئیتر نابێ کاری سەرەڕۆیی بکەم. هەر بگەمە شار ئیتر هەموو شتێکم بۆ جێبەجێ دەبێت. دەبێ هاوەڵەکانم دوای لێکتر بزر بوونمان چییان بەسەر هاتبێت، ئەوانیش وا دوو دوو پێکەوە بن یان هەموویان بەیەکەوەن. ئەوان بەرەو کوێ هاتبن. بڕوا ناکەم کەسی شارەزایان لەگەڵ بێ، کەسمان، لەوانەی لە زیندان هەڵاتین، کەرکووکی نەبووین. دەبێ ئەوان ئێستا لە کوێ بن.

سەری دەبە ئاوەکەم کردەوە و تا توانیم هەڵمقوڕاند، بۆ تینوێتیم نەدەشکا، بۆ هێندە حەزم لە ئاو دەکرد. ئاوی سارد و هەوای فێنک و بریسکەی ئەستێرەکان سەرمەستیان کردبووم. ئێستا نرخ و گەورەیی ئازادی دەزانم. تێر تێر هەوای پاکم هەڵمژی.

لۆرییەکە وەستا و شۆفێرەکە یەکسەر دابەزی و بانگی کردم. کە هاتمە

خوارێ و لە هۆی وەستانی پرسیم وتی:

«ئەمە نزیکترین شوێنی سەیتەرەی چەمچەماڵە، لەوە زیاتر ناتوانم بتانبەم. پشکنین هەیە».

زۆرم هەوڵ دا، کە لەگەڵ خۆی، ئەم ماوەیەی ماوە تا سلەیمانی بمانبات، من پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد، کە لە نێو فەردە ئاردەکاندا، خۆمان حەشار بدەین بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبوو، دەیوت:

«کاکی برا ئەوانە شیش لە فەردە ئاردەکان دەدەن و بزانن ئێوەم لەگەڵدایە هەر لەوێدا گوللەبارانم دەکەن».

ئەوە هیچ گومانی تێدا نەبوو، بەڵام کێ دەیزانی، ئێمەی ڕاکردوو، خۆمان لە نێو فەردە ئاردا حەشار دەدەین. کێ هەستی بەوە دەکرد. بەڵام هەرچەندم کرد، نەمتوانی قەناعەت بەشۆفێرەکە بکەم و ئەویش هێندە پەلەی بوو، لە ڕاستیدا زۆر دەترسا و ناهەقیشی نەبوو. کێ دەیوێرا دوو زیندانی ڕاکردوو حەشار بدات. من هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی کە ماوەیەکی تر هەر نەبێ سوارمان بکات بەڵکو لە ناوچە سەربازییەکان دەربازمان بکات بەڵام ئەو لە کۆتاییدا، کلیلی لۆرییەکەی بۆ ڕاگرتم و وتی:

«برام دەتوانی لۆرییەکە بۆ خۆت بەری یان فەرموو خۆت لێخوڕە. من خاوەنی حەوت منداڵم. تکات لێ دەکەم تووشی ئەم بەڵایەم مەکە، چونکە پاش خۆم، کەس نییە منداڵەکانم بەخێو بکات...».

ڕاستگۆیی لە وتەکانی دەباری، لەسەر وەزعی خۆماندا من بەزەییم بەشۆفێرەکەدا دەهاتەوە بۆیە وتم:

«فەرموو برۆ، ئێمە چاری خۆمان دەکەین».

لە ڕاستیدا هیچ پلانێکم پێ نەبوو، لەو شەوە تاریکەدا، هەر دەبوو لە شوێنێکدا، خۆمان حەشار بدەین یان هەر بەرەو ڕۆژهەڵات برۆین، کە دڵنیا نەبووم بەو تاریکییە بتوانین. کە شۆفێرەکە سەرکەوتە سەر تومبێلەکەی سندووقێکی بچووکی دایە دەستم و وتی:



«ئەوەش تاقمی ڕیش تاشینە. دەتوانی ڕیشت بتاشی...».

دیار بوو سەروچاوم زۆر نامۆ دەهاتە پێش چاوی. سمێڵ و ڕیش هەڵپاچینەکەی هەیئە، ڕەنگ و ڕوخساری مرۆڤی ئاسایی لەبەر بڕیبووین. پێشنیارێکی بەجێ بوو، خۆم هەرگیز درکم پێ نەدەکرد.

کە بەجێی هێشتین، بەپەلە ئێمەش، لە جادەکە بەلای چەپدا لامان دا. دەبوو بەزووترین کات خۆمان حەشار دەین. بەلاپاڵ گردێکدا سەرکەوتین. چەمچەماڵ لە دوورەوە دیار بوو. لەسەر گردەکە، تەنیا ماڵێک دیار بوو. هیچ ڕووناکییەکی لێوە نەدەهات. وردە وردە بەرەو ڕووی سەرکەوتین، کوخێکی بەجێماو بوو، کەسی تێدا نەبوو. بەئەسپایی بەعومەرم وت:

«ئەمە باشترین شوێنە، تا بەیانی، تێیدا بحەوێینەوە و بەیانیش خوا کەریمە»

نەمدەزانی کات چەندە، بەڵام دیار بوو شەوێکی درەنگ بوو. لە کوخەکەوە دەمڕوانییە چەمچەماڵ. لە سەربازگەکەیەوە گوللەی ڕووناککەرەوەیان بەئاسماندا گڕ دەدا و هەموو ئاسمانی چەمچەماڵی ڕووناک دەکردەوە.

تۆ بڵێی بۆ ئێمە بێ، زانرا بێ کە هەڵاتووین و بەرەو چەمچەماڵ هاتووین، گەر نا، ئەم گوللە ڕووناککەرەوانە بۆ؟.

عومەریش هەر هەمان گومانی نیشان دا و وتی:

«تۆ بڵێی بەدوای ئێمەدا بگەڕێن؟».

لە هیچ دڵنیا نەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئاسوودەیی دڵی ئەو وتم:

«کێ دەزانی ئێمە بەرەو ئێرە هاتووین. ئەمە ڕەنگە هەر مانۆڕی سەربازی بێ».

لە نێو کوخەکەدا دانیشتین. من یەکەم کارم کردنەوەی سندووقی ڕیش تاشینەکە بوو. لە سەرکەوتنماندا دەبە ئاوەکەم دابووە دەست عومەر، بۆیە لێم سەندەوە و هەر بەو تاریکییە کەوتمە ڕیش تاشین. نازانم تا چەند سەرکەوتوو بووم، بەڵام وام هەست دەکرد کە ڕەنگ و ڕووم ئاسایی

بووبێتــەوە. ئەوە بۆ من کــارێکی گــەلێک گــرنگ بوو. ئیــدی لە زیندانی نەدەچووم.

لە کــوخــەکــەدا لێی ڕاکشــاین. دەمــویست کــەمــێک بنووم، بەڵام چاوم نەدەچووە خــەو. گــوێم لە هاتوچووی تومــبــێلە بار هەڵگرەکــان بوو، کــە بەئەزیەت، بەسەر هەورازەکاندا سەردەکەوتن.

تەمی تاریکی وردە وردە دەڕەوییــەوە. گــوێم لە دەنگی بانگێکی دوور بوو. عومەریش چاوی نەچووبووە خەو و ترسی نادیاری نەیدەهێشت بەهیچ شێــوەیەک بخــەوین. بیــرم بۆ ئەوە دەچوو کــە ئیــدی نابێ پێکەوە بین و تفەنگیش بەڕۆژ، نزیک ئەم شارانە هەڵناگیرێ، بۆیە بەعومەرم وت:

«وا بزانم ئیــتر پێــویســتە جیــا ببینەوە. ئیــتــر ناکــرێ پێکەوە بین. من هەوڵی خۆم دەدەم، تۆش ئارەزووی خۆتە».

ئەگــەرچی عــومــەر پەیڕەوی هەمــوو ڕاســپــاردەکــانی منی دەکــرد و هیــچ سەرپێــچــییــەکــیــشی نەدەکــرد، لەگــەڵ ئەوەشــدا، ئیــتــر بۆ من بــووە بار قــورســیــەک و نەمدەتوانی لەوە زیاتر یــارمــەتی بدەم. عــومــەر بێدەنگ بوو، پاش ماوەیەک وتی:

«ئەی من چی بکەم؟».

ئەوە ئیتر ئارەزووی خۆی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

«من هەوڵێک دەدەم بگــەمــە سلەیمانی. تۆش گــەر هەر لێــرە دەبی. ئەوا خەڵکت بۆ دەنێرم کە یارمەتیت بدەن و ڕزگارت بکەن».

پلانێکی دیاریکراو لە مێشکمدا نەبوو، نەمدەزانی چی ڕوو دەدات یان چیم بەسەر دێ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دڵنیاکردنی وتم:

«هەر بگەمە سلەیمانی...».

وشەکانم بۆ تەواو نەکرا. باوەشی پێدا کردم و وتی:

«خوات لەگەڵ».

***



(٣٧)

دەوروبەر ڕووناک بــووەوە، هێندەی کــە مــرۆڤ، دەیتــوانی بەئاســانی دەوروبەری خۆی ببینێت.

لە کــوخــەکــە هاتمە دەرێ. ترسی تەواوم لێ نیشــتــبــوو، کــە گــردەکــانی دەوروپشتم ڕەبایای پێوە بن، بۆیە لە ڕاستیدا نەموێرا سەیری هیچ لایەک بکەم و بەئەسپایی بەگردەکەدا بۆ سەر جادەکە هاتمە خوارێ. گەر تا کەناری جادەکە تەقەم لێ نەکرێت، مانای وایە، دوورم لە ڕەبایا. هەرواش دەرچوو بۆیە بەپەلە لە جــادەکــە بۆ لای ڕاست پەڕیمەوە. هاتوچۆی کــاروانی دەوروپشتی (چەمچەماڵ) دەستی پێ کردبوو. لە دوورەوە کاروانێکم بەدی کــرد کــە ڕووەو (چەمــچــەمــاڵ) دەچوون. پەلەم بوو خــۆمــیــان بگەیەنمێ و تێکەڵیان ببم بۆیە هەنگاوەکانم، تا دەتوانی، خێراتر دەکرد.

هەرچۆنێک بوو خــۆم گــەیاندە کــاروانەکــە، خــەڵکی گــوندەکــان بوون کــە ماست و پەنیریان دەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا کە تەواو تینووم بوو، هیچ باسی ئاوم لا نەکــردن. ئەوانیش زۆر ســەرنجــیــان نەدام و نــامــۆ نەدەهاتمە پێش چاویان. بەوەی کــە تفــەنگم پێ نەبوو، ڕیشم تاشــرا بــوو، لە مــرۆڤــێکی ئاساییم دەکرد. ئەوەیش زۆر دڵخۆشی کردم. ئەو کاروانە بۆ من بوو بەخێر چونکە تا نێو (چەمچەماڵ) کەس سەرنجی نەدام.

دەمــەو بەیانی گــەیشــتین و یەکــەمین کــارم، خــۆم کــرد بەمــزگــەوتێکدا و سەروچاوم شت و جلەکانم تەکاند بەتایبەتی کە زۆر ئارداوی بوو. کەمێک بەنێــو شــاردا گــەڕام، برســێــتی تینی بۆ هێنابووم، بۆیە خــۆم کــرد بەچایخانەیەکدا و کەمێک نان و ماستم خوارد. بیرم لای عومەر بوو، ئەو تا کەی دەتوانێ بەبرسێتی بمێنێتەوە.

گرنگ لای من ئەوە بوو، کە چۆن بتوانم، سواری تومبێلێک بم و بگەمە نزیــک سلەیمانی. ئەم ڕێ دوورەی نێــوان چەمــچــەمــاڵ و سلەیمانی بەمن دەبڕدرا؟ بەتایبەتی لە هەموو هەنگاوێکدا هەستم بەدڕکی بنی پێم دەکرد. بەڵام چۆن بەو هەموو سەیتەرەیەدا دەرباز دەبم، بەتایبەتی کە دەمزانی، دوو سەیتەرەی زۆر بەهێز لە ڕێگەدا هەن.

لە نێو چەمچەماڵ خۆم وا نیشان دا کە منیش شۆفێرم و تومبێلەکەم لە قەراغ شار، پەکی کەوتووە و هەموو پێناسە و بەڵگەنامەکانیشی لە نێودایە. ناو شار بەو بەیانییە زووە، جمەی دەهات، خەڵکێکی زۆر دەبینرا کە لە هۆییم لە دووکاندارێک پرسی وتی:

«ئەی نازانی بەرە جەژنانە!».

لە کوێ بمزانیبایە، ئێمەیان لە جیهانی دەرەوە دابڕیبوو، نە ڕۆژ و نە مانگ و نە ڕۆژەکانی هەفتەم لە بیر نەما بوو. لای من هەموو ڕۆژەکان وەک یەک بوون، کە مرۆڤ دەگیرێ ئیتر ڕۆژ و هەفتە و مانگ چ نرخێکی دەمێنێ.

بەشۆفێرێکم وت:

«لە سەیتەرەکان داوای پێناسە لە موسافیران دەکەن؟».

پرسیارێکی ساکار بوو. کەس گومانی لەوە نەبوو، کە لە هەموو سەیتەرەیەک، داوای پێناسە و خۆ ناساندن دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا شۆفێرەکە وتی:

«لەبەر ئەوەی نزیک جەژنە، داوای پێناسە لە کەس ناکەن!».

خەبەرێکی گەلێک دڵخۆشکەر بوو، بۆ منێک کە هیچ بەڵگەنامەیەکم پێ نەبوو. بەڵام بەڵگەنامە بۆ من چ سوودێکی هەبوو، بۆ مرۆڤێکی ڕاکردوو بەڵگەنامە چ ڕۆڵێک دەگێڕێ.

سەربازێکی زۆرم لە بازاڕدا دی، دڵم داخورپا، تۆ بڵێی ئەمانە بەدوای ئێمەدا بگەڕێن، تۆ بڵێی من بناسنەوە. بۆ داوای پێناسەم لێ ناکەن. خەریک بوو بەرەو دەرەوەی چەمچەماڵ مل بنێم بەڵام سەربازەکان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون و ئەوانیش بەدوای تومبێلدا وێل بوون و دەیانویست پێش جەژن بگەنەوە ماڵەکانیان.

سواری پاسێکی هەژدە نەفەری بووم کە بەرەو سلێمانییەوە دەچوو، لە دوای دواوە دانیشتم. تەنیا مەدەنییەک لە نێو پاسەکەدا من و کابرایەکی عەرەبی عەگال بەسەر بوو. دیار بوو ئەویش بۆ لای کەسێکی سەربازی دەچوو.



کە پاسەکە کەوتە ڕێ، کەوتمە بیری ئەوەی کە تۆ بڵێی ئێستا هەموو سەیتەرەکانی وڵات بەڕاکردنەکەمانیان نەزانیبێ.

تومبێلەکە ڕەوتی هەمیشەیی خۆی وەرگرتبوو، منیش چاوم لێکنا، زیاتر لەبەر ئەوەی وا خۆم لای کابرای عەگال بەسەر نیشان بدەم کە نوستووم و دووچاری پرسیار و وتووێژ نەبم. وا بزانم ئەویش وەک من سەری کێشایە سەر پشتی کورسییەکەی. لەوە دەچوو لە ڕێیەکی دوور هاتبێت چونکە یەکسەر کەوتە پرخە.

هەموو تومبێلەکە سەربازی مۆڵەت پێدراو بوو، ئەوەش بۆ من کارێکی گەلێک گرنگ بوو. کێ بڕوا دەکات بەندێکی هەڵاتوو لەناو تومبێلێکدا بێ کە هەمووی سەرباز بێ. نزیک دەربەندی بازیان کەوتبووینەوە کە تومبێلەکەمان ورده ورده خاوی دەکردەوە. دڵم داخورپا، لەبەردەم دەربەندەکەدا سەیتەرەیەک دانرا بوو، کۆمەڵێک تومبێلی جۆراوجۆریش ڕاگیرا بوو. چەند سەربازێک داوای پێناسەیان لە موسافیران دەکرد. ئەی خوای گەورە چۆن بەدەستی خۆم خۆم تووش کردەوە، نەدەبوو ئیدی بەتومبێل بێم. ئێستا چی بکەم. بۆ کوێ ڕابکەم، چۆن دەرباز بم.

کۆمەڵێک خەڵکی ڕیش هاتوو لە کەنار جادەکە ڕاگیرا بوو. هەرچی ڕیشی هەبوایە دەگیرا. دەستم هێنا بەڕیشی خۆمدا. ساف و لووس و بێ موو بوو.

دڵم تەپەی دەهات، خەریک بوو لە پەنجەرەی تومبێلەکەوە خۆم فڕێ بدەمە خوارێ، بەڵام بۆ کوێ بچم. سەرم گێژی دەخوارد و زیندانم دەهاتەوە پێش چاوم.

بڕوا ناکەم بمگەێننەوە زیندان. هەر لێرەدا دەمکوژن. ئەمە چ هەڵەیەک بوو کە کردم.

سەربازێک هاتە لای تومبێلەکەی ئێمەوە، سەیرێکی ناو پاسەکەی کرد. من هەر نەموێرا سەیری بکەم. بەشۆفێرەکەمانی وت:

«لە کوێوە دێی؟».

شۆفێرەکەمان زۆر بەخۆشحاڵییەوە وتی:

«لە چەمچەماڵەوە، ئەم سەربازانەش مۆڵەت دراون و بۆ سلەیمانییان دەبەم»

تەنیا کەسێک لە پاسەکەدا کە بەرگی کوردی لەبەردا بوو من بووم. نازانم چۆن داوای پێناسەی لێ نەکردم. سەربازەکە وتی:

«بەخێر بچن».

هەناسەیەکی قووڵم دایەوە. لە مەرگێکی مسۆگەر قوتار بووم. دیار بوو هەرچی لە کەرکووکەوە دەهات پێناسەی لێ دەسێندرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرا، ئەوەی منی لەو داوە ڕزگار کرد ئەوە بوو کە من سواری تومبێلی چەمچەماڵ بووم. ئەوان بڕوایان نەدەکرد کە من گەشتبێتمە ئەم ناوە، بۆیە وا بەئاسانی تومبێلەکەی ئێمەیان بەردا. ڕەنگە ژمارەی زۆری سەربازی نێو پاسەکە قەناعەتی پێ کردبێ. کێ زیندانێکی شکاندبێ، لەگەڵ کۆمەڵێک سەربازی هەمان ڕژێمدا، سواری پاسێک دەبێ. سەرەڕۆییەکی عەجیبم کردبوو، خۆم سەرزەنشتی خۆم دەکرد. کێ دەڵێ لەمەودواش سەیتەرەی تر دانەنراوە. دەبێ بەزووترین کات دابەزم و خۆم تووشی بەڵایەکی وا نەکەم. بەڵام دەکرا یەکسەر دابەزم و گومانی ئەم هەموو سەربازە بەلای خۆمدا ڕانەکێشم.

تومبێلەکە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەکرد و شۆفێرەکەش گۆرانییەکی عەرەبی بۆ سەربازەکان لێدەدا. گوێم لێ بوو عەرەبەکەی تەنیشتیشم لەگەڵیدا دەسەندەوە. عەجیب نەشئەیەک گرتبووی. من زراوم چوو بوو ئەویش مەستی گۆرانییەکە بوو. تومبێلەکەمان گەیشتبووە نزیک دێی (ئەڵڵایی) ئیتر دەبوو دابەزم بۆیەش بەشۆفێرەکەم وت:

«تکایە من لە(ئەڵڵایی) دادەبەزم».

ئەوەش سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا. (ئەڵڵایی) دێیەکی ئاوەدان بوو.

کە دابەزیم و ملی سەرەو خوار بەرەو نێو دێی (ئەڵڵایی)م گرت وتم:

«ئیتر نابێ بەهیچ جۆرێ سواری تومبێل ببم. دەبێ ئەوەی ماوە بەپێ بڕۆم...».

***



(٣٨)

هۆی دابەزینم لە ترسی سەیتەرەی (تاسلۆوجە) بوو، ئەوێ دوا سەیتەرە بوو بۆ سلەیمانی، بۆیە ڕژێم زۆر بەتوندی گرتبووی. منێک کە ڕاکردوو، بێ هیچ پێناسەیەک مەحاڵ بوو لەوێوە قوتار بم، بۆیە ڕێی سەرەوخوارم بەرەو دێی(ئەڵڵایی) گرتە بەر. ئەو ناوە هیچ شارەزا نەبووم، بەڵام بۆ من سەخت نەبوو. سلەیمانی هەر سێ چوار کاتژمێر دەبوو.

لەناو دێ لام دا و لە دەرگای تەنەکەی ماڵێکم دا، زۆرم تینوو بوو، کچێک دەرگاکەی لێ کردمەوە، پەری بوو؟ ئای چ شۆخێک بوو، یا من دەمێک بوو ئافرەتم نەدیبوو، یان ئەو جوانێکی نائاسایی بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

«فەرموو کاکە...».

تیشکی ڕۆژ دەیدا بەسەر قژە زەردباوەکەیدا، ڕووی گەش و پەمەیی خوێنی تێ زابوو (شەرمی دەکرد؟)، ملوانکە زیوینەکەی سەر سنگی بریسکەی دەدایەوە.

بەشەرمەوە وتم:

«ڕێبوارم... تینوومە».

گوێم لە دەنگێک بوو کە لە هەیوانی ماڵەکەوە وتی:

«کێیە خەجاو».

خەجاو (لەو ناوە خۆشە) ئاوڕی دایەوە وتی:

«ڕێبوارە... بابە».

ئەمەی وت و دەرگاکەی بەتەواوی بۆ کردمەوە. پیاوێکی بەتەمەن، بەڵام تۆکمە و پۆشتە و پەرداخ لە هەیوانی ماڵەکەدا ڕاوەستا بوو، فەرمووی لێ کردم و منیش بێ سێ و دوو چوومە ژوورەوە، پێویستم بەپشوویەک و هەندێ ئاو و چەند پرسیارێک هەبوو.

کە لەسەر لبادی نێو هەیوانەکە دانیشتم، پیاوەکە زۆر بەگەرمی

بەخێرهاتنی کردم. سەرنجی جلەکانیم دا، کەشیدەیەکی حاجیانەی لە کەمەر بەستبوو.

خەجاو جامێ ئاوی بۆ هێنام، کە دایە دەستم، سەری پەنجەم بەردەستی کەوت، ئای چ گەرمییەک تەوژمی بۆ هەموو گیانم هێنا. بەڕوو خۆشییەوە جامەکەی لە دەست وەرگرتەوە، سەیرێکی برووسکە ئاسای کردم، چاوەکانی ئاوی تێ زابوون. بەزەیی پێمدا دەهاتەوە؟ بەرگی ناڕێک و ئارداوییەکەم سەرنجی ڕادەکێشا؟.

حاجی کەوتە پرسیار، پرسیارەکانی سادە بوون، دەیویست بزانێ بۆ لای کێ هاتووم و کێیم دەوێ یان بۆ کوێ دەچم. دیارە ئەویش بەرگە ئارداوییەکانی بەرم سەرنجی ڕاکێشا بوو. لە وەڵامی ئەوەی چ کارم، ناچار بووم ئیتر ناڕاستی بڵێم. وتم:

«شۆفێری لۆری ئاردم. لۆرییەکەم لە دەربەندی بازیان پەکی کەوتووە و دەمەوێ بچم بۆ سلەیمانی».

حاجی کەمێک سەرنجی دام، نازانم تا چەند بڕوای بەقسەکانم دەکرد. حاجی وتی:

«ئەی بۆ نەچوویت بۆ سلەیمانی».

پرسیارێکی گەلێک ڕاست بوو، من خۆم وەک شۆفێر ناساندووە و دەمەوێ بچم بۆ سلەیمانی ئیدی بۆ ڕێی دێی(ئەڵڵایی)م گرتووە. لە وەڵامیدا وتم:

«لە ڕاستیدا هەموو بەڵگەنامەکانم لە پەلە پەلیدا لە نێو لۆرییەکەمدا بەجێ هێشتووە، بۆیە دەمەوێ بەلاڕێدا بگەمەوە سلەیمانی و تووشی سەیتەرە نەبم...».

خەجاو چایەکی شیرینی خستە بەردەمم، سەرنجی دەستە ناسک و سپییەکەیم دا، لە دەستی (مونالیزا) دەچوو.

حاجی بەدەم چا هەڵقوراندنەوە وتی:

«لێرەوە دەتوانی تا سلێمانی بچی و تووشی هیچ سەیتەرەیەکیش نەبی»



حاجی شارەزای ناوچەکە بوو، بەوردی هەموو شتێکی بۆ باس کردم، لەوە دەچوو بڕواش نەکات کە شۆفێر بم چونکە لە وەڵامی هەندێ پرسیاری جۆری پەککەوتنی لۆرییەکەم؛ دیار بوو نەشارەزا بووم. من هیچم سەبارەت بەمیکانیکی ئۆتۆمبێل نەدەزانی و بگرە هەر شۆفێریشم نەدەزانی، بەڵام ئەو وەک مرۆڤێکی دنیا دیدە ئەوەی مەبەست نەبوو. لە دڵەوە دەیویست یارمەتیم بدات بۆیە زۆر بەڕوونی چونیەتی گەیشتن بەسلێمانی بۆ دیاری کردم.

چاوم بەنێو ماڵەکەدا دەگێڕا، سەیر بوو لام، کەسی ترم لە حاجی و خەجاو زیاتر نەدەدیت. حاجی وەک هەستی بەو سەرسوڕماوییەم کردبێ وتی:

«خێزانم و منداڵەکان چوون بۆ لای دکتۆر لە سلەیمانی».

سەرم بۆ لەقاند، چ ژیانێکی سەختە لادێ، بۆ دکتۆرێ دەبێ بچیتە شارێ.

خەجاو لەنێو دەرگای ژووری دانیشتندا دانیشتبوو، بەجۆرێک کە من بەئاسانی دەمدیت. زۆر سەیری دەکردم، نامۆ دەهاتمە پێش چاوی، منیش جاروبار بەنیگایەکی پەلە وەڵامم دەدایەوە.

گەر خەڵکی ئەم دێیە بوومایە، بێ سێ و دوو دەمخواست. کێ ئافرەتی وا جوانی دەست دەکەوێت، خۆشەویستی یەکەم نیگا دەبێ ڕاست بێ، بۆ یەکەم جارە دەیبینم و دەڵێی دەیان ساڵە دەیناسم. سەیرە چۆن وا بەنیگای پڕ لە خۆشەویستییەوە سەیرم دەکات. دەبێ هەر بەزەیی بێت، بڕوا ناکەم لەم وەزعەمدا هێندە سەرنج ڕاکێش بم، هیلاک و شەکەت، بەرگ ئارداوی و خۆڵاوی، سەر هەڵپاچراو، دەبێ هەر بەزەیی بێت. ئەو نیگا گەرمانەی خەجاو هەر بەزەییە. من وای تێدەگەم.

لە خواحافیزیدا خەجاو بابۆڵەیەک نانی دایە دەستم و بەسوپاسەوە لێم وەرگرت. حاجی بۆی باس کردبووم کە چۆن بڕۆم، تەنیا ڕەبیەیەک دەهاتە پێشم ئەویش، بەسەر گردۆڵکەیەکەوە بوو، کە دوور بوو لەنێو دێوە. منیش

ڕێی بەرەو سلەیمانیم گرتە بەر. گرنگ لای من ئەوە بوو کە ڕەبیەکە هەست نەکات کە کەسێکی نامۆم و بەقاچاغ دەمەوێ تێپەڕم. خۆشبەختانە لە ڕەبیەکەوە هیچ سەربازێک دیار نەبوو، کە سەرنجی ڕێگەکە بدات، بۆیە منیش ورد ورد، بێ ئەوەی سەیری ئەملا و لا بکەم کەوتمە ڕێ.

لە ڕاستیدا لە دڵەوە دەترسام، هیچ گەرەنتییەک نەبوو کە یەکێک لە سەربازەکانی نێو ڕەبیەکە نەیەتە دەرێ و سەرنجی ئەو ڕێگایە بدات، بەڵام ئەوەی باش بوو، کات دەمەو نیوەڕۆ بوو، گەرما تا دەهات بەتینتر دەبوو بۆیە هیوای ئەوەی کە سەربازێک لەو گەرمایەدا لە ڕەبیەکە بێتە دەرێ زۆر کەم بوو. ئەوە تەنیا ڕەبیەیەک بوو لەسەر ئەو ڕێگایەوە، بەپێی قسەکانی حاجی، هەر ئەوەم دەهاتە ڕێ.

بەهەورازی بەرامبەر ڕەبیەکەدا سەرکەوتم، ئەوێ ترسناکترین شوێن بوو بۆم، چونکە لەوێوە بەئاسانی مرۆڤ لە ڕەبیەکەوە بەدی دەکرا. هەزاران دوعام لە دڵی خۆمدا دەخوێند و لە خوا دەپاڕامەوە کە هیچ سەربازێک نەیەتە دەرەوە و ئەم لەمپەرەش بەئاسانی ببڕم. کە داگەڕام، ئاوڕم دایەوە، ڕەبیەکە لێمەوە دیار نەبوو. ئاهێکم هەڵکێشا و هەناسەیەکی درێژم دایەوە و بەهەموو توانام کەوتمە ڕێ. هێزێکی سەیر لە لەشمدا پەیدا بوو بوو. هەنگاوی گورج و پتەوم دەنا. ئازادی بەتەواوی خەریک بوو لەبەر دەممدا بەرجەستە بێ. چاوە گەشەکانی خەجاو دەهاتە پێش چاوم. (خۆشی دەویستم؟).

***

(٣٩)

ئەگەرچی هەتاوی گەرمی نیوەڕۆ ڕاستەوخۆ دەیدا لە تەوقی سەرم و چین چین عارەقم هەڵدەڕشت، کەچی هیچ هەستم بەگەرما نەدەکرد. بەپەلەو خێرا، هەوراز و نشێوم وەک یەک دەبڕی. خەیاڵم هەر لای (خەجاو) بوو، تۆ بڵێی ڕۆژێک بێت و ڕێگەم بکەوێتەوە دێیەکەیان و بەدیداری ئەو



شۆخە شاد ببمەوە و تێر تێر نیگای ئەو چاوە گەشانەی بکەمەوە.

ڕێنماییەکانی حاجی و ڕێ پیشاندانی زۆر ڕێکوپێک بوون. هیچ گرفتێک نەهاتە ڕێم. دوای نیوەڕۆ بەشاخی (بەرانان)دا هەڵگەڕام و کاتێک گەیشتمە سەر لووتکەکەی، سلەیمانی لە دوورەوە دیار بوو، ئای چ خۆشییەک گرتمی، بینینەوەی شار، لەو دوورییەشەوە، هەست و سۆزی بزواندم، ئەو شارەی وام دەزانی هەرگیز نایبینمەوە. لەسەر شاخەکە دانیشتم و پشوویەکی تەواوم دا و بابۆڵە نانەکەی (خەجاو)م لە گیرفانم دەرهێنا و کەوتمە خواردنی. چ هەوایەکی فێنک و پاک لەو سەر شاخە شنەی دەهات و هیلاکی ڕۆژانی پێشووی لە بیر دەبردمەوە.

لەوێوە جادەی سلەیمانی دیار بوو، هاتوچۆی ئوتومبێلەکان بەئاشکرا دەبینران. تینم دایەوە خۆم و سەرەوخوار کەوتمە ڕێ و ئیدی هەوراز نەدەهاتەوە پێشم.

دوای نیوەڕۆ گەیشتمە سەر جادەکە. ئەوەندە نەبوو کە ڕاوەستا بووم، پاسێکی بچکۆلە هات. کە سوار بووم هەر پێنج شەش نەفەری تێدا بوو. لە پێشەوە سوار بووم. دڵم لێی دەدا، تا شار دوو سێ سەربازگە دەهاتە ڕێگامان بەڵام ئەوانە هیچ سەیتەرەیان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نیگەران بووم، کێ دەڵێ بەبۆنەی ئەم ڕاکردنەمانەوە ئەوانیش سەیتەرەیان دانەناوە؟.

شۆفێرەکە تۆزێک بەگومانەوە تێی دەڕوانیم. ئەو شوێنەی من لێی سوار بووم، هیچ ئاواییەکی لێوە نزیک نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پرسیاری لێ نەکردم.

کە پاسەکە (بەکرەجۆ)ی بەجێ هێشت و بەسەر پردی (قلیاسان)دا تێپەڕی، ئەوسا دڵنیا بووم کە دەرباز بووم، گەیشتنەوەم بەشار دەروونی هەژاندم ئای چ خۆشییەک لە گیانمدا قوڵپی دەدا. تا توانیم هەوای سلێمانیم هەڵمژی. لە گەڕەکی (بەکر) دابەزیم، شۆفێرەکە بزەیەک گرتی. (هیچی دەزانی؟).

بەپەلە خۆم کرد بەماڵی ناسیاوێکدا. کە خوشکی دەرگاکەی لێ

کردمەوە، چ سەرسامییەک گرتی. هەموو دەیانزانی کە گیراوم. بەواق ورماوی سەیری دەکردم. دەبوو بزانێ بەرنەبووم. ئەم جلوبەرگە ڕوخساری مرۆڤێکی بەربوو نەبوو. نەمهێشت زیاتر بیر بکاتەوە و یەکسەر پێم وت:

«سەرت سوور نەمێنێ. هەڵاتووم».

چ گەشکەیەک گرتی، سەروچاوی لە خۆشیدا سوور هەڵگەڕا. دەرگای بۆ خستمە سەر پشت و چوومە ژوورەوە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوان مەترسییەکی گەورە بوو، مرۆڤێکی سزادراو بە لە سێدارەدان و شاردنەوەی، لای دەوڵەت، بەگەورەترین تاوان لە قەڵەم دەدرا، بۆیە ئەو جوامێرییەم بەرز نرخاند.

ئەو ڕۆژە تا تاریک داهات سێ ماڵم کرد، لە ڕاستیدا شوێنەکان شوێنی حەوانەوەی مرۆڤێکی ڕاکردوو نەبوون. کە تاریک داهات لە ماڵی دۆستێکم، کە کوڕەکەیان بەچوار ساڵ زیندانی سزا درابوو، حەوامەوە و ئەو شەوە لەوێ مامەوە.

دەنگوباسی ڕاکردنەکەمان سەراپای شاری گرتبووەوە، هەموو کەس بەو هەڵاتنەی دەزانی ئەگەرچی ڕژێم خۆی بەهیچ جۆرێک باسی نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، هەواڵی ئەو ڕاکردنە، سەراپای کوردستانی گرتبووەوە و هەریەکە و بەجۆرێک دەیگێڕایەوە.

کە حەسامەوە، ئەوسا هەستم بەئازاری بنی پێیەکانم دەکرد، هەموو بنی پێم درک بوو، هەرچەند لەو چەند ڕۆژەی پێشوودا، بەهیچ جۆرێک، ئاگام لە بنی پێم نەبوو، بەئاسانیش لەسەری دەڕۆیشتم، کەچی دوای ئەو پشوودانە، هەر نەمدەتوانی لە جێی خۆم ببزووم، بۆیە بەمووکێش و دەرزی کەوتمە دەرهێنانی درک.

وەڵامم بۆ دایکم نارد، بەجۆرێک کە تێبگات من دەرباز بووم و لە شاریش نەماوم. نەدەبوو لە چەند کەسێک زیاتر بزانێ کە لە شارم، نەتەنیا لەبەر خۆم، لەبەر ئەو ماڵەی لێی دەبووم.

چەند ڕۆژێک لە شار بووم، پەیوەندیم بەکەسەوە نەدەکرد، دەمویست تا دەتوانم شوێنی حەوانەوەم بەنهێنی بپارێزم.



شەوێک خانەخوێیەکەم لە دەرگای ژوورەکەمی دا و وتی:

«میوانێکت هاتووە، دەیەوێ بتبینێت».

میوان؟ منێ کە حەزم نەدەکرد کەس ببینم، دڵی خانەخوێیەکەم نەشکاند و هاتمە دەرێ. لە هەیوانی ژوورەکە ژنێکی عەبا بەسەر دانیشتبوو. کە سەری هەڵبڕی، دایکم بوو، ئای چۆن پەلاماری دام، گریان و خۆشی تێکەڵ بوو، باوەشی پێدا کردم، گوێم لە تەپەی دڵی بوو، قسەی بۆ نەدەکرا، بەری نەدەدام و وەک بڕوا نەکات وتی:

«ئەوە تۆیت».

دڵم پڕ بوو، دەبێ چ ئازارێکی دایکم دابێ، دەبێ لەو کاتی گیرانەمدا وەزعی چۆن بوو بێ.

کە دەستەکانیم ماچ کرد وتم:

«بۆ هاتیت».

خانەخوێیەکەم بەسەرزەنشتەوە سەیری دەکردم. دیار بوو ئەو هێنابووی. ئەگەرچی کارێکی زۆر ترسناک بوو، بەڵام دایک، تەنیا دایک لە هەستی یەکتری دەگات.

کە دایکم بەجێی هێشتم، زۆر سوپاسی ماڵەکەم کرد و هەر ئەو شەوە بەپێ و بەتەنیا بەکۆڵانەکانی شاردا، خۆم گەیاندە ماڵە دۆستێکی ئەندازیارم.

تەواو لەش و تەندروستیم هاتبووەوە شوێن خۆی و ئامادەگیشم نیشان دابوو کە بچمە دەرێ و ببمە پێشمەرگە.

دۆستەکەم دەستێ بەرگی پێشمەرگانە و جووتێ پێڵاوی شاخی پێشکەش کردم. نامەیەکم دایە، کە بۆم بگەیێنێتە دەرەوەی شار، کە تێیدا داوای دەلیلێکم کردبوو.

بەرۆژ سەرقاڵی وەرزش و خوێندنەوە بووم. چاوەڕێی هاتنی دەلیل بووم. تا لە شار دەرنەچم هەست بەئازادی تەواو ناکەم.

***

(٤٠)

لە حەشارگەکەمدا، بەتەنیا، سەرقاڵی خوێندنەوە بووم کە خانەخوێکەم لە دەرگاکەمی دا، ڕەنگی تێکچوو بوو، دڵم داخورپا، نەزانرابێ کە من لێرەم، لە ڕاستیدا کارێکی ترسناک بوو، بۆ خۆی و خێزانەکەی، هەموو کەسێ ئەو بوێرییەی تێدا نەبوو. ویستم پرسیاری لێ بکەم کە خۆی وتی:

«لە بازاڕ بووم و هەندێ هەواڵی ناخۆشم پێیە».

من بێدەنگ بووم، دەمویست خۆی قسە بکات، لەم حەشارگەیەدا چی دەزانم. ئەگەرچی ڕۆژانە بەهۆی ڕادیۆوە گوێ لە هەواڵەکان دەگرم بەڵام هیچ دەربارەی ئەو ڕاکردنەی ئێمە نابیستم. وەک هەر هیچ ڕووی نەدا بێ، بۆیە ڕۆژانە تامەزرۆی گەڕانەوەی هەواڵەکەمم لە دەرەوە، بۆ ئەوەی دەنگوباس بزانم.

هاوەڵەکەم وتی:

«دەڵێن دوێنێ لای عەسر یەکێک لە ڕاکردووەکان گیراوەتەوە و تەسلیم بەئەمنی سلێمانی کراوە».

دڵم داخورپا، کێ بێ؟ بۆ تەنیا یەک کەس، دەبێ هەر عومەر بێ، بەڵام چۆن گیراوەتەوە. ئەوەم لە هاوەڵەکەم پرسی. وتی:

«لەگەڵ شۆفێرێکدا سوار بووە و ئەویش کە زانیویەتی لە زیندان هەڵاتووە یەکسەر لە بەردەم ئەمنی سلێمانیدا تومبێلەکەی ڕاگرتووە و خەبەری پاسەوانەکانی بەردەرگای داوە...».

خۆفرۆش و خیانەتکار لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا پەیدا دەبێ، بەڵام ئەمە چ ویژدانێکە هاووڵاتییەکی خۆت و هاوخوێنت بدەیتە دەست داگیرکەری وڵاتەکەتەوە.

دەبێ هەر عومەر بێ و لەو شوێنەدا ئۆقرەی نەگرتبێ. منیش هیچم بۆ نەدەکرا وەکو پەیمانم پێ دا. ڕێکخستنە نهێنییەکانی شار نادۆزمەوە و بێ ئەوان چیم پێ دەکرێ.



هاوەڵەکەم بەوردی سەیری دەکردم، دیار بوو هەستی بەنیگەرانیم دەکرد. وتی:

«بەڵام هەواڵێکی خۆشیشم پێیە».

هاوەڵەکەم دەستێکی دا بەسەر شانمدا و وتی:

«دەنگ بڵاوە کە دوانزە بەند لە زیندانی هەیئە ڕای کردووە...».

ئەوەم دەزانی منیش هەر وام دەخەملاند، بەڵام نەمدەزانی ئەو شەوە چەند کەسی لە زیندانەکە هاتوونەتە دەرێ. دەرگەی زیندان واڵابوو، من بەزیاتر دەمخەملاند. هاوەڵەکەم بەردەوام بوو:

«بەڵام بەداخەوە، سیان هەر لە کەرکووکدا گیراوەتەوە».

لە پرسیاری ناوەکانیاندا، زانیاری نەبوو. دەبوو کام سیانە بن؟ پرسیارێکی بێ وەڵام بوو.

گیراوەکان چی لێ بکەن، ئەی بەندەکانی تر، چی لە دوای ئێمە لە زینداندا ڕووی دابێ، ئەمانەش وەڵامیان نەبوو.

هاوەڵەکەم لە خواحافیزیدا پێی وتم:

«ئەم شەو بەئیزنی خوا وەڵام و دەلیل دەگات».

زۆر خۆشحاڵ بووم بەڵام پرسیارم نەکرد، بۆ من گرنگ گەیشتنی دەلیل بوو، بێ ڕێنماییەک نەمدەتوانی پێشمەرگەکانی دەرەوە بدۆزمەوە.

چاوەڕێی هاتنی شەوم دەکرد، تامەزرۆی بینینی دەلیلەکە بووم. بیرم لە داهاتوو دەکردەوە.

شەو داهات، بەجموجۆڵی نائاسایی نێو خانووەکەدا هەستم کرد کە شتێکی نوێ ڕوو دەدات. هەرواش بوو. دەلیلەکەم گەیشتبوو. ئای چ گەشکەیەک گرتمی. کاتێ خانەخوێیەکەم دەلیلەکەی پێشکەش کردم توند دەستەکانیم گوشی. بەهۆی ئەوەوە نەبێ، هیچم بەتەنیا بۆ ناکرێ.

نانێکی سەرپێیمان خوارد، دەلیلەکەم کە خۆی وەک (جوتیار) پێشکەش کردم وتی:

«ئامادەیت؟».

بەرگی نوێی پێشمەرگایەتیم پۆشیبوو. ئەو جلانەی کە خانەخوێیەکەم بەدیاری دابوومێ. من ئامادە بووم بۆیە سوپاس و خواحافیزیم لە هاوەڵەکەم کرد و بەپێ لە ماڵ دەرپەڕین.

جوتیار پێشمەرگە بوو، لە دەرەوە بەتایبەت بەشوێن مندا نێردرابوو. شارەزاییەکی تەواوی لە کووچە و کۆڵانەکانی شاردا هەبوو. لە بەردەم ماڵێکدا ڕایگرتم و وتی:

«ئەم شەو ناتوانین لە شار دەرباز بین. دەبێ ئەم شەویش لەم ماڵە – ئیشارەتی بۆ ماڵە کرد – بمێنینەوە...».

لای من زۆر گرنگ بوو بزانم چەندی تر لە شار دەمێنینەوە، زۆر مانەوەم مەترسی ئاشکرا بوونی پەیدا دەکرد.

شەو لەو ماڵە ماینەوە، ماڵی سیاسەتمەدارێکی ناسراو بوو کە لە ئەوروپا دەژیا. خێزانی، ئەو شەوە، خزمەتێکی زۆری کردین. خۆشی نموونەی ئافرەتێکی بوێر و بەجەرگ بوو.

ئەو شەوە لەگەڵ جوتیاردا هەر باسی دەرەوەمان دەکرد. زانیارییەکانی هەمووی بۆ من نوێ بوون. منیش تامەزرۆی ئەوە بووم کە بەزووترین کات بگەمە پێشمەرگەکان و چەک هەڵگرم.

ڕۆژی دوایی جوتیار توانی هەندێ لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی شار بدۆزێتەوە و بیهێنێتە لام، چەند پێویستییەکی ژیانی پێشمەرگایەتیان بۆ هێنا بووم، مەتارە، نیتاق، کڵاو و جامانە و هەندێ وردە شتی وەکو دەرزی و دەزووش. جوتیار ئیشارەتی بۆ دەرزی و دەزووەکە کرد و وتی:

«بۆ پێشمەرگە ئەوە زۆر گرنگە».

شەو داهات، تومبێلێکیان بۆ پەیدا کردبووین کە تا دەرەوەی شار بمانگەیێنێت. کە خواحافیزیم لە خانمی ماڵەکە کرد، هەستم کرد چاوەکانی پڕ فرمێسکن و وتی:

«خوا دەست بەعەمرتانەوە بگرێ و سەرکەوتوو بن».

کە چوومە نێو تومبێلەکەوە سەرم سوڕما کە نەفەرێکی تریشی تێدایە.



جوتیار هەستی بەسەرسامیم کرد بۆیە وتی:

«ئەویش دەیەوێ ببێ بەپێشمەرگە».

کاتی پرس و پرسینەوە نەبوو، دەمویست بەزووترین کات شار بەجێ بهێڵم و ماڵئاوایی لە ژیانی خۆشاردنەوە بکەم.

نزیک گردی سەیوان دابەزین، خۆشبەختانە هیچ نەهاتە ڕێگەمان، وردە وردە بەگردەکەدا سەرکەوتین. کات نیوە شەو بوو، شەوێکی یەکجار تاریک، سەیری ئاسمانم کرد، ئەستێرەکان پێدەکەنین.

ئاوڕم بۆ دوایین جار لە سلەیمانی دایەوە، گڵۆپەکانی کز کز دەسووتان.

شار نوقمی خەو بوو. کزەبای سەرەتای پاییز دەیدا لە سەروچاوم، منیش یەکەمین هەنگاوم بەرەو ژیانی پارتیزانی و ئازادی دەنا.

***